# گوڵان

ساڵی بیست و نۆیەم (١٣٤١)- (١٤)ی تشرینی دووەم ٢٠٢٢


# حکومەتەکەی سوودانی و گەڕانەوە بۆ چوارگۆشەی یەکەم

جگە لە چاکسازی و گەڕانەوە بۆ جێبەجێکردنی دەستووری عێراق ڕێگەیەکی دیکە لە بەردەم سوودانی نییە بۆ ئەوەی دەسەڵاتی سیاسی بە دەست شیعەوە لە عێراقدا بهێڵنەوە

سەرۆک بارزانی لە دانوستاندنەکان لەگەڵ تەیاری سەدر و چوارچێوەی هەماهەنگی بەردەوام پێداگری دەکرد لەسەر ئەوەی کە عێراق پێویستی بە گۆڕینی ئەقڵییەتی حوکمڕانی هەیە






# داگیرکردنی کوێت و شەڕی دووەمی کەنداو



**پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و کوێت**


بەدرێژایی مێژووی هەردوو دەوڵەت هیچ کات پەیوەندیی ڕاستەقینە و ئاسایی و بێگرفت لە نێوان عێراق و کوێتدا نەبووە و، وڵاتی کوێت هەمیشە ترسێکی شاراوەی لە عێراق هەبووە و بە نیگەرانییەوە سەیری پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراقدا کردووە. ئەوەی ڕاستی بێت کوێتییەکان مافی خۆیان بوو و ترس و دڵەڕاوکێکەیان لە جێی خۆیدا بوو، چونکە بە درێژایی مێژووی عێراق لە سەدەی بیستەمدا هەر لە سەردەمی پاشایەتییەوە سەرجەم حکوومەتە یەک لە دوایەکانی عێراق، کوێتیان بە بەشێک لە خاکی عێراق زانیوە.

کاتێک کوێت لە ١٩ی حوزەیرانی ١٩٦١-دا، سەربەخۆیی خۆی لە بریتانیا وەرگرت. دوای تێپەڕبوونی حەفتەیەک عەبدولکەریم قاسم لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا ڕایگەیاند، کوێت بەشێکە لە خاکی عێراق و هەڕەشەی بەکارهێنانی هێزی سەربازیی کرد. شایانی باسە کە عەبدولکەریم قاسم، فەرمانی بە فیرقەیەکی سەربازیی سوپای عێراق کردبوو، بۆ ئەوەی کوێت داگیر بکەن، بەڵام حەمید حەسۆن، فەرماندەی فیرقەکە، کارەکەی دوا خست و هەواڵی بۆ کوێتییەکان نارد و لە پیلانەکە ئاگاداری کردنەوە؛ دوابەدوای ئەم هەواڵە هێزێکی بریتانی گەیشتە کوێت. دواتر هێزێکی کۆمەکاری عەرەبییش کە پێک هاتبوون لە هێزێکی سعوودیە و کۆماری عەرەبی یەکگرتوو (١٩٥٨ – ١٩٦١) و میسر و سوریا و سودان، بۆ پاراستن و بەرگریکردن لە کوێت لە ناو خاکی کوێتدا جێگیر بوون.

هەرچەندە لە ئۆکتۆبەری ١٩٦٣-دا، عێراق بە شێوەیەکی فەرمی دانی بە سەربەخۆیی کوێتدا نا، بەڵام ئەم هەڵوێستەش نەبووە هۆی ڕەواندنەوەی نیگەرانی و دڵەڕاوکێی کوێتییەکان و بنیاتنانی متمانە لە نێوان هەردوولادا.

هەر لە مانگی ئایاری ساڵی ١٩٩٠ـەوە، ئاماژەکانی جیاوازی و ناکۆکیی قووڵی نێوان هەردوولا بەڕوونی دەرکەوتن. بەتایبەتی کاتێک سەددام ڕایگەیاند: کوێت شەڕێکی ئابووریی لەگەڵ عێراقدا دەکات و ڕێژەی بەرهەمهێنانی نەوتەکەی بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە و پەرەی پێ داوە. دوای کۆبوونەوەی لووتکەی کۆمکاری عەرەبی کە لە ٢٨ ئایاری ١٩٩٠-دا لە بەغدا بەسترا، دیاربوو کە ناکۆکی و جیاوازییەکانی نێوان عێراق و کوێت جددی و قووڵن. دواتر لە ١٧ی تەمووزی ١٩٩٠دا جارێکی تر عێراق کوێتی بە دزینی نەوتی ڕۆمێلە تۆمەتبار کرد، کوێتیش تۆمەتەکانی عێراقی ڕەت کردەوە و بە پێچەوانەوە عێراقی بەوە تاوانبار کرد کە سەرقاڵی لێدانی بیری نەوتن لەناو خاکی کوێتدا. ئەگەرچی کۆمکاری عەرەبی هەوڵیدا نێوبژیوانییان بکات، بەڵام لەو هەوڵانەی سەرکەوتوو نەبوو.

# چاپکراوی نوێ



چاپی یەکەمی (تراژیدیای مەرگەساتە مێژووییەکەی ئەحمەد تۆفیق «عەبدوڵڵای ئیسحاقی») ناونیشانی کتێبێکی تازە چاپکراوی (فەیسەڵ دەباغ)ـە، لە دووتوێی (٨٠) لاپەڕەدا چاپ کراوە و کەوتووەتە بەردەستی خوێنەرانەوە.

نووسەر لەم کتێبەدا باس لە کەسایەتییەکی کوردپەروەر و ئازا و جەسوور دەکات، کە کەم شتی لەسەر نووسراوە، ئەو رابەر و سکرتێری پێشووتری حزبی دیموکراتی کوردستان بوو، بۆیە نووسەر جەخت لەوە دەکاتەوە کە هەر کەس بەدوای مێژووی ئەم شەهیدە غەدرلێکراوەدا بگەڕێت، بۆی دەردەکەوێت کە سەربازێکی ونی جووڵانەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستانی بووە و زۆر دۆستی بارزانی نەمر بووە، کاری زۆری بۆ شۆڕشی ئەیلوول کردووە، بەڵام تا ڕادەیەکی زۆر لەبیر کراوە، عەبدوڵڵای ئیسحاقی یەکێك بوو لە تێکۆشەرە مەزنەکان، بارزانیی نەمر بڕواییەکی تەواوی پێ هەبوو، هەندێ جار وەك نوێنەری خۆی بۆ وڵاتانی ناردووە، بەڵام نەیاری زۆر بوون، چ لەناو حزبی دیموکراتی کوردستان، یان لەناو شۆڕشدا.

عەبدوڵڵای ئیسحاقی (ئەحمەد تۆفیق) لە بنەماڵەی ئیسحاقییەکان بوو لە مهاباد، لە سەردەمی کۆماردا ڕۆڵێکی گەلێ بەرچاوی هەبوو، پاش ڕووخانی کۆماریش، ئەو کە لاوێکی چوست و چالاك و شەیدای کورد و کوردایەتی بوو، لەگەڵ هاوەڵەکانی سەرلەنوێ دەستیان بە کوردایەتی و بووژاندنەوەی تەشکیلاتی حزب کردەوە.

هەر لەو کتێبەدا و لە بەشێکی دیکەدا، نووسەر لاپەڕەیەکی دیکەی ژیان و خەباتی ئەم شەهیدەمان بۆ دەنووسێت کە دەڵێت: (پاش گەڕانەوەی بارزانی و هاوەڵەکانی لە سۆڤییەت و یەکەم چەخماخەی شۆڕشی ئەیلوول ئەحمەد تۆفیق خۆی گەیاندە شۆڕش و سەرکردایەتیی شەخسیی ئەو کە لەو شەڕەدا ڕۆڵێکی بەرچاوی کوردانە و شۆڕشگێڕی هەبووە کە بووە جێگەی متمانەی شەخسیی بارزانیی نەمر).

نووسەری ئەم کتێبە بە تێروتەسەلی باسی ڕووداوو پێشهاتەکانی تایبەت بە ژیاننامەی ئەو پێشمەرگەو خەباتگێڕە دەکات، تا شەهیدبوونی بە غەدر لە قەسری نیهایە بەپێی نووسینی کوردێکی ڕۆژهەڵات کە ئەوکات ئەویش لەگەڵیدا بووە لە زیندان، کە بەچاوی خۆی تراژیدیای چۆنێتی شەهیدبوونی بینیوە. دەستخۆشی لە نووسەری ئەم کتێبە کاك (فەیسەڵ دەباغ) دەکەین، بە هیوای بەرهەمی زیاتر.

# چاپکراوی نوێ





لەم ڕۆژانەی ڕابردوودا بەرگی سێیەمی کتێبی(خۆم و ئەستێرە گەشەکان) لە نووسینی (نەجمەدین عەزیز سمایل) بە بەرگێکی ناوازەو بە (٦٢٢) لاپەڕەی قەبارە گەورە کەوتە کتێبخانەی کوردییەوە، ئەم کتێبە بریتییە لە بیبلۆگرافیایەك کە ناوو ژیاننامەو چالاکییەکانی (٧٣) نووسەرو شاعیرو چیرۆکنووس و مێژوونووس و ڕۆشنبیرو هونەرمەندو ڕۆژنامەنووسی تێدایە، نووسەر زۆر کارامەو لێزانانە توانیویەتی بە شێوەیەکی ئەدەبی و داڕشتنێکی کوردییانە پەی بەم ئەرکە ببات و شان بداتە بەر ئەرکی قورسی نووسین و ئامادەکردنی ئەم بەرهەمە.

نووسەری ئەم کتێبە زۆر بە وردی ئاماژەی بە ڕۆڵ و چالاکییەکانی ئەم پۆلە ڕۆشنبیرە(بەهەموو پسپۆری و کەسایەتییەکانەوە) کردووە، ئەو لە هەندەرانەوە ئەم ئەرکەی لە ئەستۆ گرتووەو بە سوود وەرگرتن ڕاستەوخۆ لە خودی کەسایەتییەکان بۆ وەرگرتنی زانیاری و وێنەو ئەرشیفەکان، یانیش پشتبەستن بە کوردیپیدیا و پەیجی خۆیان ئەم بەرهەمەی پێشکەش بە خوێنەران کردووە.

نەجمەدین عەزیز سمایل ساڵانێکە تێکەڵ بە بواری ئەدەب و نووسین و کاری میدیایی بووە، ئەو دەرچووی بەشی کوردیی کۆلێجی ئادابی زانکۆی بەغدایەو شارەزاییەکی بەرچاوی لە کاری میدیایی و ڕۆژنامەگەریدا هەیە، بۆیە دەکرێ بابەتەکانی نێو ئەم کتێبە ببنە سەرچاوەیەکی زانستی و ئەدەبی بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێت بە ژیاننامەو بەرهەمەکانی ئەو پۆلە ڕۆشنبیرە ئاشنا بن. نووسەری کتێبەکە پێی ڕاگەیاندووین کە بەرگی چوارەمی(خۆم و ئەستێرە گەشەکان) لە ماوەی سێ هەفتەی دادێ دەکەوێتە بەردەستی خوێنەران کە ژمارەیەکی زۆری دیکەی ڕۆشنبیران لەخۆ دەگرێت.

پێشەکی ئەم کتێبە لەلایەن شاعیر و نووسەر فەرهاد شاکەلی نووسراوەو هاوکارمان بەهادین جەلال مستەفا ئەرکی هەڵەچن و پێداچوونەوەی زمانەوانی و دیزاینەر عوسمان پیرداود سەرپەرشتیی چاپ و کاری دیزاینی ئەم کتێبەی لە ئەستۆ گرتووە و لە چاپخانەی ڕۆژهەڵات لە هەولێر چاپکراوە، شایانی باسە ڕۆژی ٧-١١-٢٠٢٢ لە ڕێوڕەسمێکدا لە هۆڵی شەهید مەهدی خۆشناو(یەکێتیی نووسەرانی کورد – لقی هەولێر) بە ئامادەبووانی ژمارەیەك لە نووسەرو ڕۆشنبیرو هونەرمەندان بەرگی سێیەمی ئەم کتێبە ناسێنراو دواتر دابەشکرا، دەستخۆشی لە نووسەر دەکەین لە چاوەڕوانی بەرگی چوارەمداین.


# چاپکراوی نوێ




(أوراق من حصاد العمر- لە پەراوێزی تەمەندا) چاپی یەکەمی کتێبێکی تازەی نووسەرو وەرگێڕی بەتوانا (عەبدولخالق بەرزنجی)یە، نووسەر بە بۆنەی تێپەڕبوونی (٥٠) ساڵ بەسەر بڵاوبوونەوەی یەکەم نووسینی لە ساڵی ١٩٧٢ ەوە تاکو ئەم ساڵ ٢٠٢٢، ئەم بەرهەمەی چاپ کردووە، کتێبەکە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبییە هەر وەك نووسەرەکەی ئاماژەی پێ دەکات ئەرشیفی چەندین ساڵی نووسینیەتی، کە پێکهاتووە لە بابەتی هەمەجۆر، وەك: وتار بە کوردی و بە عەرەبی و شیعری کوردیی وەرگێڕدراو بۆ عەرەبی- خوێندنەوەی کتێب و ڕۆمان و بە عەرەبی- زمانەوانی بە کوردی، چیرۆکی وەرگێڕدراو لە عەرەبییەوە بۆ کوردی بە بەپێچەوانەوە، جگە لە کورتە چیرۆکەکانی خۆی بە هەردوو زمان، نووسەر بە بەڵگەش ئاماژەی پێداون هەر بابەتێکی چ لە ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردستانی و عێراقییەکاندا بڵاوکردووەتەوە.

ئەو کتێبەی بەرزنجی لە ناوەڕۆکدا گشتیان بابەتی ڕەنگاوڕەنگن، بەڵام زۆر شتی دیکەشی ماون کە بیانخاتە بەردەستی خوێنەران، وەك خۆی دەڵێت لەبەر نەبوونی زانیاری لەسەر هەندێ شاعیرو چیرۆکنووس، سەبارەت بە ژیاننامەو بەرهەمە چاپکراوەو وێنەکانیان تاکو لە کتێبێکی دیکەی خۆی (انطولوجيا الشعر والقصة الكردية) بڵاویان بکاتەوە، بۆیە ئەم نووسین و بابەتە هەمە چەشنانە بەپێی پۆلێن کردن و نزیکیی بابەتەکان لە یەکتر بە کوردی و بە عەرەبی دەخاتە بەر دیدی خوێنەران.

دەستخۆشی لە نووسەری ئەم کتێبە عەبدولخالق بەرزنجی دەکەین، چاوەڕوانین بەردەوام بێت لە نووسین و چاپکردنی بەرهەمی دیکە لەگەڵ هیوای سەرکەوتن.




سەروەر کەمال هاواری:



## چاکسازی و ڕێکخستنەوەی کەرتی بازرگانی لە کابینەی نوێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا وەرچەرخانێکی ئابوورییە

دکتۆر نەرمین مەعرووف :



## ڕەهەندە ئابوورییەکان کارنامەکەی حکومەتی سوودانی لە بەرژەوەندیی عێراق و کوردستاندایە

کوێستان ئەحمەد :



## لە دوو ساڵدا بە بڕی ١٠ ملیار دینار کار و پرۆژە بۆ قەزای خەبات جێبەجێ کراوە

ڕۆبی بارێت :



## رووسیا بەرەو ئەوە دەچێت ببێتە کۆلۆنیالێکی ئابووری و سەربازیی چین


خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی

بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com


چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر

ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری


Web: www.gulanmedia.com

دادوەر کاوە فەتحی مەعسووم :

## کاری زۆر بۆ پارێزگاریکردن لە موڵکی گشتی کراوە



## خانمان دەستکەوتێکی مەزن لە کۆنگرەی ١٤ی پارتی تۆمار دەکەن




## کاتژمێری دەست و شەحنکردنەوە




## سوودەکانی چەوەندەر بۆ پێست



## لە حەمە هاشمەوە، ڕووتکاری





ئەحلام حەجی بۆ گوڵان:

## دیمەنی منداڵە ئاوارەکان دەمگریەنێت



ڕەجەب عەبدولڕەحمان:

## هەمیشە لە هەوڵدام خزمەتی وەرزشی قەزای بەردەڕەش و کوردستان بکەم





# ڕیفراندۆم پێی گوتین گەلی کوردستان خۆی کاتی بڕیاردانی چارەنووس دیاری دەکات





**دکتۆر داود ئەترووشی**

سەرۆکی زانکۆی دهۆک

■ تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

یەکێك لە خۆشترین قۆناخەکانی ژیانی من ئەوە بوو کە بڕیارم دا لە هەندەرانەوە بگەڕێمەوە بۆ کوردستان و، ببمە بەشێك لە پرۆسەی ئاوەدانیی وڵاتەکەم و بەشێك بم لە گۆڕانکارییەکان بە باش و خراپییەوە، هەر ئەم بڕیارەش وای کرد لە کاتی ئامادەکارییەکان و ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە کوردستان بم، لای من زۆر ئەستەمە بتوانم وەسفی ئەو ڕۆژە بکەم کە لەگەڵ خێزانەکەم چووینە سەر سندوقی دەنگدان و بە «بەڵێ» دەنگمان بۆ سەربەخۆیی کوردستان دا.

ئەو فاکتانەی بوونە هۆکار بۆ ئەوەی سەرۆك مسعود بارزانی بیر لەوە بکاتەوە کە جارێکی دیکە بگەڕێتەوە بۆ ڕای خەڵکی کوردستان، بۆ

**لایەنە سیاسییەکانی عەرەبی عێراق بە (شیعە و سوننە)وە، دژایەتیی هەرێمی کوردستان و گەلی کوردستانیان کردبووە بەرنامە بۆ بەدەستهێنانی دەنگ لە ناو جەماوەری خۆیاندا**

**ئێمەیان خستبووە دووڕییانێک کە دەبوو، یان تەسلیمیان بین، یانیش بەرگری لە بوون و مافەکانی خۆمان بکەین، بۆ ئەمەش سەرۆک بارزانی بڕیاری بەرگریی لە بوون و مافەکانی هەرێمی کوردستان و گەلی کوردستان دا**

**ئێمە ڕیفراندۆممان ئەنجام بدایە، یان نا، هێزەکانی حەشدی شەعبی و سوپای عێراق هێرشیان هەر دەکردە سەر کوردستان**

ئەوەی بە ڕێگەی سندوقەکانی دەنگدان خەڵك چارەنووسی خۆی دیاری بکات و، شێوازی پەیوەندیی هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی عێراق یەکلایی بکاتەوە، لەبەر ئەوە بوو کە شێوازی بیرکردنەوەی دەسەڵاتدارانی بەغدا گەیشتبووە ئەو ئاستەی کە نەك هەر بەند و ماددەکانی ئەو دەستوورەی ساڵی ٢٠٠٥ پێشێل بکەن کە خۆیان ئیمزایان لەسەر کردبوو، بەڵکو شەقامی عێراقیشیان بەو شێوەیە دژی هەرێمی کوردستان جۆش دابوو، کە لە هەر ساتەوەختێکدا مەترسیی دووبارە بوونەوەی جینۆساید و کۆمەڵکوژیی گەلی کوردستانی کردبووە هەقیقەتێکی بەرجەستە و، لایەنە سیاسییەکانی عەرەبی عێراق بە (شیعە و سوننە)وە، دژایەتیی هەرێمی کوردستان و گەلی کوردستانیان کردبووە بەرنامە بۆ بەدەستهێنانی دەنگ لە ناو جەماوەری خۆیاندا، هەر بۆیە بێجگە لە دوو ڕێگە، سێهەمیان لە بەردەم گەلی کوردستاندا نەهێشتبووەوە، بۆ ئەوەی بە شێوازی دیالۆگ و دانوستاندن و لە چوارچێوەی دەستووردا کێشەکان چارەسەر بکرێن، ئێمەیان خستبووە دووڕییانێك کە دەبوو، یان تەسلیمیان بین، یانیش بەرگری لە بوون و مافەکانی خۆمان بکەین، بۆ ئەمەش سەرۆك بارزانی بڕیاری بەرگریی لە بوون و مافەکانی هەرێمی کوردستان و گەلی کوردستان دا.

ڕاستییەك هەیە پێویستە بۆ مێژوو تۆمار بکرێت، ئەویش ئەوەیە کە ئێمە ڕیفراندۆممان ئەنجام بدایە، یان نا، هێزەکانی حەشدی شەعبی و سوپای عێراق هێرشیان هەر دەکردە سەر کوردستان، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ڕۆژانی دوای سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگە لە ئازادکردنەوەی چیای شنگال و، پاشانیش ئازادکردنەوەی شنگال، لەگەڵ ئەوەی هێزەکانی حەشدی شەعبی و سوپای عێراق پێویستییەکی زۆر زۆریان بە هێزی پێشمەرگە هەبوو، بۆ ئەوەی لە بەرەی باکوورەوە دەروازەی شاری مووسڵیان بۆ بکاتەوە و، شاری موسڵیش لە تیرۆریستانی داعش ئازاد بکرێت، بەڵام لە هەمان کاتدا گوێبیستی پەیامەکانی سەکردەکانی حەشدی شەعبییش دەبووین کە پێیان ڕادەگەیاندین دەبێت دوای کۆتاییهاتنی شەڕی دژی داعش، هێزەکانی پێشمەرگە بگەڕێنەوە بۆ سنوورەکانی ١٩ی ئاداری ساڵی ٢٠٠٣، ئەمەش واتە پێش هەڵمەتی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی پێشووی عێراق. مانای ئەوەیە عێراق پێشوەختە ئەو بڕیارەی دابوو کە هێرش بکاتە سەر کوردستان، ئەمەش لای سەرۆك بارزانی یەقین بوو، ئەگەر لەو قۆناخە مێژووییە هەستیارەدا بڕیارێکی چارەنووسساز نەدرێت، ئەوا دەرفەتێکی مێژوویی دەگمەن لە دەست میللەتەکەمان دەدەین و، بۆ ئەمەش پێداگریی سەرۆك بارزانی لەسەر ئەوە بوو کە دەبێت گەلی کوردستان خۆی کاتی بڕیاردانی چارەنووسی خۆی دیاری بکات، نەك چاوەڕێی ئەوە بێت لەسەر سینییەکی زێڕ بە دیاری بۆی بهێنرێت.

## ■ بەبێ قوربانیدان

## بڕیاری قورس و بوێرانە جێبەجێ ناکرێت

کاتێك لە حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٤ تیرۆریستانی داعش شاری مووسڵیان گرت و خەلافەتی ئیسلامیی داعش-یان ڕاگەیاند، بەمەش نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارە و پەنابەر لە مووسڵ و پارێزگاکانی دیکەی عێراق و بەشێکیش لە سووریاوە ڕوویان کردە هەرێمی کوردستان، باری دیموگرافی لە کوردستان لە ناکاو بە زیاتر لە ڕێژەی ٣٠٪ زیادی کرد، لەمەش خراپتر ئەم گۆڕانکارییە گەورەیە لە کاتێکدا بوو کە حکومەتی عێراق بوودجە و مووچەی خەڵك و حکومەتی هەرێمی کوردستانی بڕیبوو، هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش بەراورد بەو چەکانەی تیرۆریستانی داعش لە هەر دوو سوپای (سووریا و عێراق) گرتبوویان، چەکێکی ئەوتۆی لەبەر دەست نەبوو، بۆیە سەرۆك بارزانی بڕیاری دا، تەنیا شەڕی بەرگری لە گەلی کوردستان و ئەو ئاوارە و پەناهەندانە بکات، کە ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردبوو.

بەڵام کاتێك لە ٢ی ئابی ٢٠١٤ تیرۆریستانی داعش ئاراستەی هێرشەکەیان کردە سەر هەرێمی کوردستان و تەواوی دەشتی نەینەوا و شنگالیان داگیرکرد و، کۆمەڵکوژیی پیاوانی ئێزدییان کرد و ژن و کچەکانیشیان وەك کەنیزەك برد بۆ خۆیان، سەرۆك بارزانی بڕیاری شەڕی سەرتاسەریی دژی تیرۆریستانی داعش دا و، لە ماوەی کەمتر لە یەك دوو مانگدا نەك هێرشەکانی تیرۆریستانی داعش لەسەر دەستی هێزەکانی پێشمەرگە ڕاگیرا، بەڵکو ئەفسانەی تێرۆریستانی داعشیشی بۆ هەموو جیهان بەتاڵ

کردەوە و قۆناخی ڕزگارکردنەوەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی تیرۆریستانی داعش دەستی پێ کرد، کە سەرەنجام هێزی پێشمەرگەی کوردستان توانی تەواوی سنووری جوگرافیی کوردستان لە عێراقدا ئازاد بکاتەوە، بەو ناوچانەشی کە پێیان دەگوترێت «ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان». ئەوەی لێرەدا گرنگە ئاماژەی پێ بکەین، ئەوەیە کە ئەم بڕیارە قورس و بوێرانەیەی سەرۆك بارزانی بۆ تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش، بە خوێنی زیاتر لە ١٢ هەزار شەهید و برینداری هێزەکانی پێشمەرگە تۆمار کراوە.

لەم ڕاستییەوە، بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بڕیارێکی دیکەی قورس و بوێرانەی سەرۆك مسعود بارزانی بوو، بۆ ڕێگرتن لە دووبارەبوونەوەی هەمان ئەو کۆمەڵکوژی و جینۆسایدەی کە لەسەر دەستی ڕژێمەکانی پێشووی عێراق و بەم دواییەش تیرۆریستانی داعش کە لە دژی گەلی کوردستان ئەنجام درابوون و، ئێستاش ئەو مەترسییە هەر بەردەوامە و زۆر جار مامۆستا و قوتابیانی کورد لەسەر ئاستی خوێندنی باڵا و تویژینەوە زانستییەکان ئەو پرسە دەورووژێنن، بەوەی ئایا «گەلی کوردستان مەترسیی کۆمەڵکوژی و جینۆسایدی لەسەر ماوە؟»، وەڵامی ئەم پرسیارە ئەوەیە: بەڵێ، هەتا نەبینە دەوڵەتی سەربەخۆ، ئەو مەترسی و تەحەددایانە دەمێنن و دەبێت بە هەستیارییەوە ئامادەباشی بۆ ئەو مەترسییانە بکەین.

سەرۆك مسعود بارزانی بۆ ڕەواندنەوەی ئەم مەترسییانە و بۆ ئەوەی چیدیکە گەلی کوردستان لە دڵەڕاوکێی (مان و نەمان) نەژی، بڕیاری دا باشترین دەرفەت ئەوەیە کە لەگەڵ کۆتاییهاتنی شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش لە بەرەی کوردستانەوە، گەلی کوردستان خۆی ئامادە بکات، بۆ ئەوەی خۆی بڕیاری چارەنووسی خۆی بدات، ئەوجا لەگەڵ ئەوەی سەرۆك بارزانی زۆر باش لەوە دڵنیا بوو، ئەم بڕیارە ڕووبەڕووی مەترسی و تەحەددای ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتی دەبێتەوە، بەڵام ئەو قەناعەتەشی هەبوو کە هیچ بڕیارێکی چارەنووسساز بە بێ قوربانیدان سەر ناگرێت، ئەمەشی لە هەڵمەتەکانی بانگەشەی ڕیفراندۆم بە گەلی کوردستان ڕاگەیاند و، دڵنیاش بوو لەوەی کە ئیرادەی گەلی کوردستان چۆن ئەفسانەی تیرۆریستانی داعشی لەسەر دەستی هێزی پێشمەرگە بەتاڵ کردەوە، ئەوا بە هەمان ئیرادە ئەو تەحەددی و کێشانەش تێدەپەڕێنێت کە دوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆم ڕووبەڕووی گەلی کوردستان دەبنەوە، بەڵام ئەوەی مەزندەی بۆ نەکرابوو، ئەوە بوو کە خیانەت لە پرۆسەی ڕیفراندۆم بکرێت و بە بێ مقاوەمەت سەنگەرەکان بۆ دوژمن چۆڵ بکرێن، وەك ئەوەی لە کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٧ بینیمان و، دوای ئەویش مقاوەمەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستانمان لە بەرەکانی شەڕی پردێ و سحێلا و مەحموودییە بینی، کە نەك هەر توانییان هەرێمی کوردستان بپارێزن، بەڵکو هەموو هێزەکانیان گەیاندە ئەو قەناعەتەی جارێکی دیکە بیر لە هێرشکردنە سەر کوردستان نەکەنەوە، لەم ڕووەوە ڕیفراندۆم بووە وێستگەیەك کە پێشمەرگە توانی پرۆڤەی پاراستنی هەرێمی کوردستان پیشانی هەموو جیهان بدات.

## ■ ڕیفراندۆم بە جیهانی گوت: گەلی کوردستان خۆی کاتی بڕیاری خۆی دیاری دەکات

لە سەروبەندی ئامادەکارییەکان بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم، من بەڕێوەبەری گشتی بووم لە وەزارەتی خوێندنی باڵا، لەو کاتەدا بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەنێوان خوێندنی باڵای هەرێمی کوردستان و خوێندنی باڵای فینلەندا سەردانی ئەو وڵاتەم کردبوو، هاوکات لەگەڵ ئامادەکارییەکانی ئێمە بۆ ڕیفراندۆم، گەلی کەتەلۆنیاش لە ئیسپانیا لە ئامادەکاریدا بوون بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم و جیابوونەوەیان لە ئیسپانیا، ئەم مژارەش ببووە مژارێکی گەرمی دەوڵەتانی یەکێتیی ئەورووپا.

لەم سەردانەمدا بۆ فینلەندا نزیکەی ١٣ کۆبوونەوەم ئەنجام دا، کە یەکێکیان لەگەڵ باڵیۆزی فینلەندا بوو لە عێراق و ئەو ڕۆژەشی ئەو کۆبوونەوەیەمان ئەنجام دا، (١٠٠)ـەمین ساڵوەگەڕی سەربەخۆیی فینلەندا بوو، کاتی دیاریکراویش بۆ کۆبوونەوەکەمان تەنیا ٢٠ خولەك دیاری کرابوو، بەڵام دوای ئەوەی ٢٠ خولەك باسی خوێندنی باڵامان تەواو کرد، باڵیۆزی فینلەندا هاتە سەر ئەوەی «کورد دەیەوێت ڕیفراندۆم ئەنجام بدات»، ئەمەشی لەبەر ئەوە بوو یەك دوو ڕۆژ دواتر وەزیرانی دەرەوەی یەکێتیی ئەورووپا کۆدەبوونەوە لەسەر پرسی ڕیفراندۆمی هەرێمی

**پێداگریی سەرۆک بارزانی لەسەر ئەوە بوو کە دەبێت گەلی کوردستان خۆی کاتی بڕیاردانی چارەنووسی خۆی دیاری بکات، نەک چاوەڕێی ئەوە بێت لەسەر سینییەکی زێڕ بە دیاری بۆی بهێنرێت**

**ئەم بڕیارە قورس و بوێرانەیەی سەرۆک بارزانی بۆ تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش، بە خوێنی زیاتر لە ١٢ هەزار شەهید و برینداری هێزەکانی پێشمەرگە تۆمار کراوە**

**ئەوەی مەزندەی بۆ نەکرابوو، ئەوە بوو کە خیانەت لە پرۆسەی ڕیفراندۆم بکرێت و بە بێ مقاوەمەت سەنگەرەکان بۆ دوژمن چۆڵ بکرێن**

کوردستان، بۆیە گفتوگۆیەکی زۆر دوور و درێژی لەگەڵم ئەنجام دا، کە نزیکەی ٨٠ خولەکی خایاند، لەو گفتوگۆیە درێژەدا هەوڵی دەدا لە مەترسیی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم هۆشداریم پێ بدات، کە ئاکامەکەی خراپ دەبێت، منیش لە وەڵامدا پێم گوت: ئێوە ئەمڕۆ یادی ١٠٠ـەمین ساڵی سەربەخۆیی فینلەندا دەکەنەوە، بۆچی ئێوە شانازی بە سەربەخۆیی خۆتانەوە دەکەن و یادی دەکەنەوە، بەڵام دژی سەربەخۆیی گەلانی دیکەن؟، لە وەڵامدا گوتی: «کاتەکەی بۆ کوردستان و کەتەلۆنیا گونجاو نییە»، منیش پێم گوت: ئەی کاتی گونجاو کەیە، پێمان بڵێن؟ ئەوان هیچ وەڵامێکیان پێ نەبوو، تەنیا ئەوەیان دووبارە دەکردەوە کە کاتەکەی گونجاو نییە.

هاوکات لەگەڵ نزیکبوونەوەی پرۆسەی دەنگدانی ڕیفراندۆم، گوشارەکان زۆر زیاتر بوون لەسەر شەخسی سەرۆك مسعود بارزانی و هەموو داوایان لێ دەکرد دوای بخات بە پاساوی ئەوەی کە «کاتەکەی گونجاو نییە»، بەڵام جەنابی سەرۆك بارزانی دەیگوت: «باشە، گریمان کاتەکەی گونجاو نییە، ئەی بەدیل چییە و گەرەنتی چییە بۆ ئەوەی کوردستان ڕووبەڕووی کۆمەڵکوژی و جینۆسایدێکی دیکە نەبێتەوە»، بەڵام وەك بەڵگەنامە مێژووییەکانی چەند ساڵی ڕابردوو ڕاستییەکانمان بۆ دەخەنە ڕوو، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، نە توانییان بەدیلێك بۆ ڕیفراندۆم بخەنە ڕوو، نە توانیشیان گەرەنتییەکی ئەوتۆمان بۆ مسۆگەر بکەن کە جێگەی ڕیفراندۆم بۆ ئێمە بگرێتەوە، بە پێچەوانەوە هەوڵی ئەوەیان دابوو کە بە پێدانی ئیمتیاز بە سەرۆك بارزانی لەو بڕیارە مێژووییە پەشیمانی بکەنەوە، هەر بۆیە کاتێك سەرۆك بارزانی لە دوایین ڕۆژی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بە هەموو جیهانی ڕاگەیاند: «من ئەو کەسە نیم خۆم شەرمەزاری میللەتی خۆم بکەم»، ئەم پەیامە جیا لەوەی ڕەتکردنەوەی هەموو ئیمتیازێك بوو لەسەر حیسابی چارەنووسی خەڵکی کوردستان، لە هەمان کاتدا پەیامێکی مێژوویی کاریزمایەك بوو، کە ئاراستەی هەموو جیهانی کرد، بەوەی «نەتەوە ئازادەکان خۆیان ڕۆژ و کاتی بڕیاردانی چارەنووسیان دیاری دەکەن و چاوەڕێی ئەوە ناکەن دەستێکی دەرەکی بۆیان دیاری بکات».

ئەم بڕیارە مێژووییەی سەرۆك بارزانی بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لەو کات و وادەی بڕیاری لەسەر درابوو (٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧)، مێژوو بە ئاوی زێڕ دەینووسێتەوە، لەبەر ئەم خاڵانە:

١- بڕیاری ڕیفراندۆم پەیامێك بوو بۆ هەموو جیهان، بەوەی گەلی کوردستان ژێردەستەیی و پاشکۆبوونی هیچ دەسەڵات و ڕژێمێك قبووڵ ناکات و ئامادەیە بۆ ئازادی، قوربانی بدات.

٢- بڕیاری ڕیفراندۆم دووبارە ناسنامەی کوردستانیبوونی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی بۆ هەموو جیهان سەلماندەوە و، ئەگەر لەو کاتەدا ڕیفراندۆم ئەنجام نەدرایە، هەرگیز ڕیفراندۆم لەو ناوچانەدا ئەنجام نەدەدرا و هەر بە ناوچەی (کێشە لەسەر) ناوزەد دەکران، بەڵام ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لەو ناوچانە، سەلماندی کە ئەو ناوچانە بەشێکن لە خاکی کوردستان و پێشتر داگیر کرابوون.

٣- مقاوەمەتی دوای بڕیاری ڕیفراندۆم بۆ هەموو جیهانی سەلماند کە گەلی کوردستان بە خیانەتی ناوخۆیی چۆك دانادات و، ئامادەیە لە پێناوی سەربەخۆیی کوردستاندا قوربانی بدات و تەسلیم نەبێت.

## چۆن مامەڵە لەگەڵ بڕیاری ڕیفراندۆم و کارەساتە مێژووییە نەتەوەییەکانمان بکەین؟

کارێکی باش دەکەن کە وەك گۆڤاری گوڵان هەوڵتان داوە بەشداری بە مامۆستایانی زانکۆ بکەن و خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی ئەکادیمییانە بۆ ڕووداوێکی گەورەی وەك (ئەنجامدانی پرۆسەی ڕیفراندۆم ) بکەن، بەڵام بۆچوونی من بەو شێوەیە کە دەبێت ئەم پرسە هەندێك فراوانتر بکرێت، کە من بە چەند خاڵێك دیارییان دەکەم:

یەکەم: گرنگە خوێندنەوە بۆ ئەم پرۆسە مێژووییە بکرێتە خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانە، ئەمەش بەو مانایەی تەنیا هەڵسەنگاندنەکانمان پێداهەڵدان نەبێت، بەڵکو ئەو لایەنانەش لەبەر چاو بگیردرێن کە هەندێك هەن ڕەخنەی لێ دەگرن، بە بۆچوونی من گرنگە ئەو ڕەخنانەش بایەخیان پێ بدرێت، بۆ ئەوەی هاووڵاتی لە نێوان هەردوو ڕووەکەی هەڵسەنگاندن بۆ ئەم پرسە گرنگە، هەڵوێستی خۆی یەکلایی بکاتەوە.

دووەم: زۆر گرنگە پرۆسەی خوێندنەوەی ڕەخنەگرانە بۆ بڕیاری ڕیفراندۆم، بکرێتە پرسێك بۆ گفتوگۆ لە نێوان قوتابیان و لاوانی کوردستان

**مقاوەمەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستانمان لە بەرەکانی شەڕی پردێ و سحێلا و مەحموودییە بینی، کە نەک هەر توانییان هەرێمی کوردستان بپارێزن، بەڵکو هەموو هێزەکانیان گەیاندە ئەو قەناعەتەی جارێکی دیکە بیر لە هێرشکردنە سەر کوردستان نەکەنەوە**

**کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، نە توانییان بەدیلێک بۆ ڕیفراندۆم بخەنە ڕوو، نە توانیشیان گەرەنتییەکی ئەوتۆمان بۆ مسۆگەر بکەن کە جێگەی ڕیفراندۆم بۆ ئێمە بگرێتەوە**

**بڕیاری ڕیفراندۆم پەیامێک بوو بۆ هەموو جیهان، بەوەی گەلی کوردستان ژێردەستەیی و پاشکۆبوونی هیچ دەسەڵات و ڕژێمێک قبووڵ ناکات و ئامادەیە بۆ ئازادی، قوربانی بدات**

لە قوتابخانە و زانکۆکاندا، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەو گەنج و لاوانەی ئێستا قوتابیی زانکۆکانی کوردستانن، بەشێکی کەمیان نەبێت، ئەوانی دیکە لە ساتەوەختی پرۆسەی دەنگدان بۆ ڕیفراندۆم بەشداریی دەنگدانیان نەکردووە، لەبەر ئەوەی ئەو کات تەمەنیان خوار ١٨ ساڵ بووە، بۆیە زۆر گرنگە بزانرێت ئەم نەوە تازەیەی دوای ڕیفراندۆم چۆن سەیری ئەم ڕووداوە مێژووییە گەورەیە دەکات، کە ئەمە هەنگاوێکی گرنگە بۆ تێکەڵاوکردنی (زانکۆ و کۆمەڵگە) و بەشداریی زانکۆ لە هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەی تازە بۆ ڕووداوە گرنگەکان و چارەسەرکردنی کێشەکانی ئێستای کۆمەڵگە.

سێیەم: زۆر گرنگە خەڵکی بیانی و دەوروبەر (تورك و فارس و عەرەب) بەشداریی ئەم پرۆسەیە و ئازادانە ڕای خۆیان بڵێن، ئەوجا ئەرێنی بێت، یان نەرێنی، لەمەش گرنگتر ئەوەیە کە بازنەی هەڵسەنگاندنەکانمان تەنیا بە زمانی کوردی نەبێت، لەبەر ئەوەی ئەگەر تەنیا بە زمانی کوردی ئێمە هەڵسەنگاندن بۆ ڕووداوە مێژووییەکانی خۆمان بکەین، ئەوا بەس خۆمان لە ناو بازنەیەکی بچووکدا دەیخوێنینەوە و، ناتوانین ئەو دەنگە بە جیهان بگەیەنین، بۆیە پێشنیاری من ئەوەیە زۆر گرنگە بە زمانی ئینگلیزی (وەك زمانێکی جیهانی) هەڵسەنگاندنەکانمان بکەین، هەروەها لەمەش گرنگتر ئەوەیە هەوڵ بدەین بە زمانی ئەو نەتەوانەی کوردستانیان دابەش کردووە، ئەم ڕاستییانە تۆمار بکەین و تێیان بگەیەنین.

لە دوماهی ئەم دێڕانەدا، دەخوازم ئاماژە بۆ ئەوە بکەم، تەنیا ٣٠ ساڵ لەمەوپێش (کاتێ

**بڕیاری ڕیفراندۆم دووبارە ناسنامەی کوردستانیبوونی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی بۆ هەموو جیهان سەلماندووە**



بکەن و هەوڵ بدەین تێیان بگەیەنین کە بایەخ و گرنگیی بڕیاری ڕیفراندۆم چییە، گرنگە موناقەشەیان بکەین و تێیان بگەیەنین کە بڕیاری ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی بڕیارێکی شەرعی و مافی هەر گەل و نەتەوەیەکە، کە ئازادانە بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدات، گرنگە ڕووبەڕووی ئەو پرسیارانەیان بکەینەوە کە بۆچی بۆ نەتەوەی خۆیان مافی چارەنووس شەرعییە و بۆ گەلی کوردستان ناشەرعییە.

چوارەم: نەك هەر تەنیا هەڵسەنگاندن بۆ بڕیاری ڕیفراندۆم، بەڵکو گرنگە هەڵسەنگاندن بۆ هەموو کارەساتەکانی ناو مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان بکرێت و، ساڵانە کۆڕ و کۆنفرانسیان لەسەر بکرێت و خەڵکانی شارەزای بیانی و دەوروبەر بەشداریی تێدا بکەن

باسی سیستمی فیدرالیمان بۆ عێراق دەکرد) هەموو ئۆپۆزسیۆنی عێراقی و تەنانەت دەوڵەتانی دەوربەر و بەشێك لە دەوڵەتانی جیهانیش، ئەم داواکارییەیان وەك خەتی سوور سەیر دەکرد، بەڵام پاش ئەوەی کۆڵمان نەدا و بەردەوام جەختمان لەسەر کردەوە، سەرەنجام سیستمی سیاسی لە عێراقدا بووە سیستمێکی فیدراڵی، ڕاستە لەوانەیە هەتا ئێستاش دەسەڵاتدارانی عێراق بە کردەیی نەیانەوێت ئەم سیستمە جێبەجێ بکەن، بەڵام لانیکەم توانیومانە لە هەرێمی کوردستان پیادەی بکەین، زۆر گرنگە ئەم سووربوون و پێداگرییە بۆ بڕیاری ڕیفراندۆم و تەواوی کارەساتەکانی ناو مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان بە تایبەتی ئەنفال و کیمیاباران، بەردەوام جەختی لەسەر بکرێتەوە و بە زیندوویی بهێڵدرێنەوە.

**مقاوەمەتی دوای بڕیاری ڕیفراندۆم بۆ هەموو جیهانی سەلماند کە گەلی کوردستان بە خیانەتی ناوخۆیی چۆك دانادات و، ئامادەیە لە پێناوی سەربەخۆیی کوردستاندا قوربانی بدات و تەسلیم نەبێت**



# حکومەتەکەی سوودانی و گەڕانەوە بۆ چوارگۆشەی یەکەم

بەپێی ئەو بەرنامە وەزارییەی کۆی لایەنە سیاسییەکانی بەشدار لە «هاوپەیمانیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت» بۆ پێکهێنانی کابینەکەی محەمەد شیاع سوودانی لەسەری ڕێککەوتن و ئیمزایان کردووە و لە دوو تەوەری سەرەکی پێکهاتووە «تەوەری جێبەجێکردن و تەوەری یاسادانان»، هەست دەکرێت لایەنە سیاسییەکانی ناو ئەم هاوپەیمانییە پێش هەموو شت لەسەر گۆڕینی ئەقڵییەتی سیاسی بۆ «حوکمڕانی» گەیشتوونەتە تێگەیشتنێکی هاوبەش و، لەمەش زیاتر گەیشتوونەتە قەناعەتێکی هاوبەش بەوەی ئەگەر بێت و ئەو ئەقڵییەتە سیاسییەی لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە هەتا ئێستا حوکمڕانیی عێراقی هەڵسووڕاندووە، گۆڕانکاری بەسەردا نەیەت، ئەوا نە عێراق سەقامگیری بە خۆیەوە دەبینێت، نە دەتوانرێت گەلانی عێراق بەتایبەتی «باشوور و ناوەڕاستی عێراق» لەو نەهامەتی و نەبوونی خزمەتگوزارییە سەرەکییانە ڕزگار بکرێت، کە ئێستا بە دەستییەوە دەناڵێنن.

ئەم وەرچەرخانە لە ئەقڵییەتی تایفەگەرییەوە بۆ ئەقڵییەتی هاوسەنگی و هاوبەشی بۆ حوکمڕانیی دەوڵەت هەتا ئەگەر وەرچەرخانێکی ناچاری بێت و لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە لەژێر گوشاری شەقامدا پەنایان بۆ بردبێت، بەڵام هەر بە وەرچەرخانێکی ئەرێنی و پۆزەتیڤ بۆ تێکڕای عێراقییەکان لە قەڵەم دەدرێت و، لەگەڵ ئەوەی لە ماوەی ١٨ ساڵی ڕابردووی پرۆسەی حوکمڕانیی تازەی عێراقدا زیاتر لە دوو ترلیۆن دۆلار لە بەر دەستی حکومەتەکانی عێراق بووە، بەڵام نەتوانراوە بچووکترین خزمەتگوزاری پێشکەش بکەن، بەڵام لە ئێستادا کە نییەتیان بەو شێوە پیشان دەدەن، بەوەی کە دەیانەوێت سەرلەنوێ پرۆسەی بونیادنانەوەی دەوڵەت دەست پێ بکەنەوە و دەستووری عێراق جێبەجێ بکەن، ئەوا ئەگەر لەسەر ئەم ئاراستەیە لەگەڵ نییەتی خۆیان ڕاستگۆ بن، گۆڕانکاریی گەورە لە بارودۆخی عێراق و ئاستی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی عێراق دێتە ئاراوە.



**لەگەڵ ئەوەی لە ماوەی ١٨ ساڵی ڕابردووی پرۆسەی حوکمڕانیی تازەی عێراقدا زیاتر لە دوو تریلیۆن دۆلار لە بەر دەستی حکومەتەکانی عێراق بووە، بەڵام نەتوانراوە بچووکترین خزمەتگوزاری پێشکەش بکەن**

### ■ چاکسازی و گەڕانەوە بۆ دەستوور دوایین دەرفەت لە بەردەم شیعەی دەسەڵاتدا

لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە کە لە هەمانکاتدا لایەنی سەرەکیی «هاوپەیمانیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت»یشن، لە ئێستادا ئەوان نوێنەرایەتیی ئاکامی باش و خراپی ئاراستەی حوکمڕانی و دەوڵەتداری لە عێراقدا دەکەن و، لە پێگەیەکدان کە هیچ لایەن و پێکهاتەیەك «لایەنی کوردستانی و عەرەبی سوننە» هەڕەشە نین بۆ سەر شیعەی دەسەڵات و بە پێچەوانەوە هەردوو لایەنی «کوردستانی و عەرەبی سوننە» داوای هاوسەنگی و هاوبەشی لە حوکمڕانیدا دەکەن و بە عورف و دیفاکتۆی حوکمڕانی لە عێراقدا ئەوە یەکلایی بووەتەوە کە شیعەی عێراق مافی خۆیانە دەسەڵاتی عێراق بەڕێوە ببەن و، ئەوەی کە ئەگەری ئەوەی لێ دەکرێت، شەڕی دەسەڵات لەگەڵ لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە بکات، لایەنیکی سەرەکیی خودی شیعەکانە، کە ئەویش تەیاری سەدرە، هەر ئەمەش وای کردووە کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سیاسەتمەدارە بەئەزموونەکانی دیکەی عێراق داوای ئەوە دەکەن لە پرۆسەی حوکمڕانیی ئێستای عێراقدا بیروبۆچوونی تەیاری سەدریش بە هەند وەربگیرێت و کارێك نەکرێت دووبارە ئاڵۆزی و پاشاگەردانی لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا بێتە ئاراوە.

ئەم ئاراستەیە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە کێشە و تەحەددای سەرەکی لە بەردەم لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە، پەرتبوون و لێکترازانی خودی نێوماڵی شیعەیە، نەك مەترسیی «لایەنی کوردستانی و عەرەبی سوننە»، بەپێچەوانەوە ئەگەر چوارچێوەی هەماهەنگی ئەو «بەرنامە وەزارییە»جێبەجێ بکات کە لەگەڵ لایەنەکانی «کوردستانی و عەرەبی سوننە» ئیمزایان کردووە و پابەند بێت بەو بەروارانەی کە لە بەرنامەکەدا هاتوون، ئەوا هەر دوو لایەنی «کوردستانی و عەرەبی سوننە» پاڵپشتییەکی گەورەی سەرخستنی بەرنامە وەزارییەکەی محەمەد شیاع سوودانی دەکەن، لەمەش زیاتر هەر دوولا ئەرکی هەرێمی کوردستان و پارێزگارە سوننەکان لە کۆڵی سوودانی دەکەنەوە و زیاتر دەستی ئاوەڵا دەکەن، بۆ ئەوەی بتوانێت هەنگاوەکانی چاکسازی و ڕاگرتنی گەندەڵی لە دامەزراوەکانی دەوڵەتی عێراقدا خێراتر بکات، کە بەشی هەرە زۆری ئەو دامەزراوانە بە دەست ئەو کاربەدەستانەی شیعەوەن کە نوێنەرایەتیی لایەنە سیاسییە جیاوازەکانی شیعە دەکەن.

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سیاسەتمەدارە بە ئەزموونەکانی دیکەی عێراق داوای ئەوە دەکەن لە پرۆسەی حوکمڕانیی ئێستای عێراقدا بیروبۆچوونی تەیاری سەدریش بە هەند وەربگیرێت و کارێک نەکرێت دووبارە ئاڵۆزی و پاشاگەردانی لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا بێتە ئاراوە**

لە ئێستادا جومگە سەرەکییەکانی کۆی دامەزراوە دەوڵەتی و نادەوڵەتییەکانی دەوڵەتی عێراق لەژێر کۆنترۆڵی عەرەبی شیعەی عێراقدایە، هەر بۆیە کاتێك باس لە تەخشان و پەخشان و گەندەڵی بە ئاستی «فەرهوود»یش دەکرێت، زیاتر شانی شیعەی دەسەڵاتی عێراق ئارداوی دەبێت، هەتا شانی لایەنی کوردستانی و عەرەبی سوننەی عێراق، ئەمەش بەو مانایە نییە کە لایەنی کوردستانی و عەرەبی سوننەی عێراق تێکەڵاوی بەشێك لەو گەندەڵی و فەرهوودە نەبووبن کە لە دامەزراوەکانی ئێستای دەوڵەتی عێراقدا بوونی هەیە، بەڵام کاراکتەری سەرەکی لە ناو ئەم پرۆسەیەدا ئەو کاربەدەستانەن کە سەر بە لایەنە سیاسییەکانی شیعەی عێراقن و، بەرپرسیاریەتیی سەرەکیی ئەم گەندەڵی و فەرهوودە و پەرتەوازەی و پاشاگەردانیی سیاسییش بە پلەی یەکەم دەکەوێتە سەر شانی «شیعەی دەسەڵات» لە عێراق، هەر ئەمەش وای کردووە کە بۆچوونی جیاواز لە نێوان شیعەی دەسەڵات دروست بێت، هەر وەك چۆن تەیاری سەدر بە تەواوەتی لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی ڕەت کردەوە و سەرەنجامیش تەواوی ئەندامەکانی کە ٧٣ پەرلەمانتار بوون، پێکەوە لە پەرلەمانی عێراق دەستیان لە کارکێشایەوە و، دوای ئەوەش موقتەدا سەدر بە فەرمی دەست لەکارکێشانەوەی خۆی لە پرۆسەی سیاسیی عێراق ڕاگەیاند و ناوی لێنا «دەست لەکارکێشانەوەی شەرعی».

**لە ئێستادا جومگە سەرەکییەکانی کۆی دامەزراە دەوڵەتی و نادەوڵەتییەکانی دەوڵەتی عێراق لەژێر کۆنترۆڵی عەرەبی شیعەی عێراقدایە، هەر بۆیە کاتێک باس لە تەخشان و پەخشان و گەندەڵی بە ئاستی «فەرهوود»یش دەکرێت، زیاتر شانی شیعەی دەسەڵاتی عێراق ئارداوی دەبێت**

دوای دەست لەکارکێشانەوەی سەدر و پەرلەمانتارەکانی لە پرۆسەی سیاسی و پەرلەمانی عێراق، ئیدی جادەکە بۆ لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی تەخت

بوو، بۆ ئەوەی بتوانن هەم جێگەی ٧٣ پەرلەمانتارەکەی شیعە پڕبکەنەوە، ئەم ژمارەیە بخەنە سەر کورسیی شیعەکان لە پەرلەمانی عێراقدا، هەمیش دەرفەتێکی باشیان بۆ هاتە پێشەوە بۆ ئەوەی حکومەت دروست بکەن.

ئەوەی لە دانوستاندنەکانی لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی لەگەڵ هەردوو لایەنی «کوردستانی و عەرەبی سوننە» دەخوێندرێتەوە، ئەوەیە کە ئەم دوو لایەنە نابنە تەرەفی سەرەکی لە کێشەی «شیعە-شیعە»دا و، بە پێچەوانە ئەوەندەی لە توانایاندا بێت هەوڵیان داوە کە ببنە لایەنێکی ناوبژیوان و خێر بۆ ئەوەی هەر دوو بەرەی شیعە «هەماهەنگی و تەیار» بگەنە خاڵێکی هاوبەش و خۆیان کێشەی کاندیدکردنی پۆستی سەرۆك وەزیران یەکلایی بکەنەوە، کە نەگەیشتە ئەم لێکتێگەیشتنە هاوبەشە و موقتەدا سەدر پرۆسە سیاسییەکەی بۆ لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی بەجێهێشت، ئەوا هەر دوو لایەنی «کوردستانی و عەرەبی سوننە» خۆیان گرێ نادەنەوە بە کێشەکانی نێوماڵی شیعە و بەرژەوەندییەکانیان وا دەخوازێت لەگەڵ ئەو لایەنە بگەنە لێکتێگەیشتن کە دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕەخساوە، حکومەتی تازە لە عێراقدا پێك بهێنێت.

لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی کە لە لایەن تەیاری سەدرەوە بەو جۆرە سەیر دەکرێن کە توانای چاکسازی و ڕاگرتنی گەندەڵی و ڕاستکردنەوەی پرۆسەی حوکمڕانییان لە عێراقدا نییە، کەوتوونەتە بەردەم تەحەددییەکی زۆر گەورە و دەیانەوێت بیسەلمێنن کە ئەوان توانای بەڕێوەبردنی دەوڵەت و ڕاستکردنەوەی حوکمڕانییان هەیە، هەر بەم ئاراستەیەش بەرنامەی وەزاری بۆ حکومەتەکەی شیاع سوودانی داڕێژراوە و هەنگاوە جددی و خێراکانی شیاع سوودانی-یش هەر ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە کە بێجگە لە چاکسازی و گەڕانەوە بۆ جێبەجێکردنی دەستووری عێراق ڕێگەیەکی دیکەیان لە بەردەمدا نییە بۆ ئەوەی دەسەڵاتی سیاسی بە دەست شیعەوە لە عێراقدا بهێڵنەوە.

### ■ سێبەری مالیکی
### بە سەر بەرنامە وەزارییەکەی سوودانیدا

دەست لەکارکێشانەوەی د.عادل عەبدولمەهدی لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٠، تەنیا بە هۆی گوشاری خۆپیشاندانەکانی تشرینی ٢٠١٩ نەبوو، بەڵکو زیاتر بە هۆی ئەو گوشارانەوە بوو کە تەیاری سەدر لە ناو خۆپیشاندانەکەی تشریندا دروستی کرد، هەر بۆیە کاندیدکردنی مستەفا کازمی دوای شکستهێنانی چەند کاندیدێکی دیکە بۆ وەرگرتنی پۆستی حکومەتی کاربەڕێکەر، دیسان بە سەرکەوتنی تەیاری سەدر و شکستی ئەو لایەنانە هات کە کابینەکەی د.عادل عەبدولمەهدی-یان پێکهێنابوو، هەر بۆیە لیستی دەوڵەتی یاسا بە سەرۆکایەتیی نووری مالیکی نە بەشدارییان لە حکومەتەکەی کازمی کرد، نە لە ناو پەرلەمانیش دەنگیان پێ دا، ئەمەش مانای ئەوەیە هەر حکومەتێك بۆنی تەیاری سەدری لێ بێت، لای لیستی دەوڵەتی یاسا و شەخسی نووری مالیکی ڕەتکراوەیە و، دوای مالیکیش وردە وردە هەڵوێستی تەواوی لایەنەکانی ئێستای ناو چوارچێوەی هەماهەنگی بەرانبەر حکومەتەکەی کازمی گۆڕا و لە دوای هەڵبژاردنەکانی تشرینی ٢٠٢١یشەوە داوای سەرەکیی لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی بووە لابردن و دووبارە کاندید نەکردنەوەی مستەفا کازمی بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران.

نووری مالیکی دوای ئەوەی لە مانگی ئەیلوولی ٢٠١٤ لە ژێر گوشاری ئەمریکا ڕێگەی پێ نەدرا بۆ خولی سێیەم پۆستی سەرۆك وەزیرانی عێراق وەربگرێتەوە، خولیای دووبارە گەڕانەوەی بۆ دەسەڵات و بوونەوە بە سەرۆك وەزیران کۆتایی نەهات، بەڵکو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بە دوای فرسەتێکدا دەگەڕا کە جارێکی دیکە پۆستی سەرۆك وەزیران وەربگرێتەوە و دژایەتی ڕاستەوخۆشی بۆ حکومەتەکەی کازمی لە ساڵی ٢٠٢٠ـەوە تا ئێستا هەر بەو ئامانجە بووە.

دوای هەڵبژاردنەکانی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٢١، لیستی دەوڵەتی یاسا و لایەنەکانی دیکەی چوارچێوەی هەماهەنگی وەك خۆیان دەڵێن «دەنگێکی زۆر و کورسییەکی کەم»یان بەدەست هێنا، لە بەرانبەردا تەیاری سەدر بە تەنیا

**هەر دوو لایەنی «کوردستانی و عەرەبی سوننە» خۆیان گرێ نادەنەوە بە کێشەکانی نێوماڵی شیعە و بەرژەوەندییەکانیان وا دەخوازێت لەگەڵ ئەو لایەنە بگەنە لێکتێگەیشتن کە دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕەخساوە، حکومەتی تازە لە عێراقدا پێک بهێنێت**

**هەنگاوە جددی و خێراکانی شیاع سوودانی-یش هەر ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە کە بێجگە لە چاکسازی و گەڕانەوە بۆ جێبەجێکردنی دەستووری عێراق ڕێگەیەکی دیکەیان لە بەردەمدا نییە بۆ ئەوەی دەسەڵاتی سیاسی بە دەست شیعەوە لە عێراقدا بهێڵنەوە**

**دوای هەڵبژاردنەکانی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٢١، لیستی دەوڵەتی یاسا و لایەنەکانی دیکەی چوارچێوەی هەماهەنگی وەک خۆیان دەڵێن «دەنگێکی زۆر و کورسییەکی کەم»یان بەدەست هێنا، لە بەرانبەردا تەیاری سەدر بە تەنیا «دەنگێکی کەم و کورسییەکی زۆر»ی بەدەست هێنا**

**دوای ئەوەی تەیاری سەدر بە تەنیا بووە خاوەنی (٧٣) کورسیی پەرلەمانی، بە تەواوەتی خۆی لە لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی جیا کردەوە و ڕایگەیاند کە تەیاری سەدر بە تەنیا حکومەت پێک دەهێنێت و سەرۆک وەزیرانی داهاتووی عێراق دەبێت «سەدر قوح» بێت، واتە سەد لە سەد سەدری بێت**

**وێڕای گلەیی و گازندەی لایەنەکانی ناو چوارچێوەی هەماهەنگی و تانەکانیان لەلای دادگای بەناو فیدراڵی، مالیکی چوارچێوەی هەماهەنگی ناچار کرد، ئاکامی هەڵبژاردنەکان وەک خۆی پەسەند بکەن**

**بە گوشاری نووری مالیکی و لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی، دادگای بەناو فیدراڵی ڕێژەی دوو لەسەر سێی بۆ دەنگدان لەسەر پۆستی سەرۆک کۆمار دیاری کرد**

«دەنگێکی کەم و کورسییەکی زۆر»ی بەدەست هێنا، لەمەش زیاتر دوای ئەوەی تەیاری سەدر بە تەنیا بووە خاوەنی (٧٣) کورسیی پەرلەمانی، بە تەواوەتی خۆی لە لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی جیا کردەوە و ڕایگەیاند کە تەیاری سەدر بە تەنیا حکومەت پێك دەهێنێت و سەرۆك وەزیرانی داهاتووی عێراق دەبێت «سەدر قوح» بێت، واتە سەد لەسەد سەدری بێت.

لە بەرانبەر ئەم بانگەشەیانەی موقتەدا سەدر، مالیکی زۆر پڕاگماتیکییانە سەرکردایەتیی لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی کرد و چەند هەنگاوێکی هەڵگرت کە جێگەی هەڵوەستە لەسەرکردنن، لەوانە:

١. مالیکی پێداگری لەوە کرد کە هەرگیز ڕێگە نادات دووبارە هەڵبژاردن دووبارە بکرێتەوە.

٢. وێڕای گلەیی و گازندەی لایەنەکانی ناو چوارچێوەی هەماهەنگی و تانەکانیان لەلای دادگای بەناو فیدراڵی، مالیکی چوارچێوەی هەماهەنگی ناچار کرد، ئاکامی هەڵبژاردنەکان وەك خۆی پەسەند بکەن.

٣. بە گوشاری نووری مالیکی و لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی، دادگای بەناو فیدراڵی ڕێژەی دوو لەسەر سێی بۆ دەنگدان لەسەر پۆستی سەرۆك کۆمار دیاری کرد.

٤. دیاریکردنی ڕێژەی دوو لەسەر سێ وەك مەرجێك بۆ متمانەدان بە سەرۆك کۆمار، زەمینەی دروستکردنی سێ یەکی پەکخەری بۆ نووری مالیکی هێنایە ئاراوە و، مالیکی زۆر بە باشی سێ یەکی پەکخەری بەکار هێنا و ڕێگەی گرت لەوەی سەدر بتوانێت حکومەت پێك بهێنێت.

ئەم هەنگاوانەی نووری مالیکی بووە هۆکاری بە بنبەست گەیاندنی هەوڵەکانی موقتەدا سەدر و گەیاندنی سەدر بوو بەو دەرگا داخراوەی کە هیچ ڕێگەیەکی لە بەردەمدا نییە، بێجگە لە سازشکردن لەگەڵ لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە، بۆیە ئەمە بڕستی لە سەدر بڕی و ناچار بوو پەنا بۆ دەست لەکارکێشانەوەی پەرلەمانتارەکانی ببات و، پاشانیش خودی سەدر دەست لەکارکێشانەوەی لە پرۆسەی سیاسی ڕاگەیاند.

بە وردبوونەوە لە ململانێ و کێشمەکێشی ماوەی یەك ساڵی نێوان تەیاری سەدر لەلایەك و لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی لە لایەکی دیکە، دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە کێشمەکێش و ململانێکە تەنیا لە نێوان «سەدر و مالیکی»دا بووە و، سەرەنجام ئاراستەی مالیکی سەرکەوت و حکومەتی شیاع سوودانی-یش لەژێر سێبەری نووری مالیکی پێکهات و هەر لەژێر سێبەری ئەو بەرنامەیە جێبەجێ دەکات کە ئێستا ڕاگەیەندراوە.

لەسەر ئەم ئاراستەیە ئێستا مالیکی جارێکی دیکە ناڕاستەوخۆ ئەو فرسەتەی بۆ هاتووەتە پێشەوە بۆ ئەوەی حوکمڕانیی عێراق بکات، بەتایبەتی کە باس لەوە دەکرێت کە پۆستی جێگری سەرۆك کۆماریش وەردەگرێت.

مالیکی و سەدر، وەك دوو کاراکتەری سیاسی و سەرەکیی ناو هێزە سیاسییەکانی شیعە، دەمێکە کێشەی نێوانیان گەیشتووەتە ئاستی کەسی و هیچ کامیان ئەوی دیکەیان قبووڵ نییە، هەر بۆیە موقتەدا سەدر بە سووربوون و پێداگری لەسەر ئەوەی خۆی بە تەنیا سەرکردایەتیی هاوپەیمانییەك بکات، ئامانجی ئەوە بوو دەستی مالیکی بە جۆرێك بشکێنێت کە جارێکی دیکە هیچ حەکیمێك نەتوانێت بۆی ڕاست بکاتەوە، بێگومان کە ئێستاش تەرازووی هێز بە ئاراستەی مالیکی گۆڕاوە و سەدر خۆی خستووەتە دەرەوەی پرۆسە سیاسییەکە، ئامانجی سەرەکیی مالیکییش هەر بەو ئاراستەیە دەبێت کە لە میانەی جێبەجێکردنی ئەو بەرنامە وەزارییەی بۆ حکومەتەکەی شیاع سوودانی داڕێژراوە، کۆتایی بە سەردەمی سەدر بهێنێت و بۆ یەکجارەکی خۆری لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا ئاوا بکات.

گرەوی هەر دوولا (سەدر و مالیکی) لەسەر ئاواکردنی خۆری یەکتری لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا، ئەگەر ئەنجامدانی چاکسازی و ڕاگرتنی گەندەڵی و دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان بێت بۆ گەلانی عێراق بە گشتی و پارێزگا شیعەکان بەتایبەتی، بەڵام ئێستا هاوکێشەکە هەڵگەڕاوەتەوە و تۆپەکە گواستراوەتەوە بۆ گۆڕەپانی مالیکی و ناچارە

کارێـك بـكات، حكومەتەكـەی شـیاع سـوودانی گۆڕانكارییەكـی ئەوتـۆ لـە بارودۆخـی گـوزەران و خزمەتگوزارییـەكان بـكات، كـە خەڵكـی وردە وردە كاریزمـای سـەدریان لـە بیـر بچێتـەوە، بـۆ ئەمـەش جیـا لـەوەی نزیكـەی ٩٠ ملیـار دۆلار لـە بەردەسـتی حكومەتـی سوودانیدایە بـۆ ئـەوەی دەست بە چاكسازی و دابینكردنی خزمەتگوزاری بكات، ئـەوا تێڕوانینێكـی دیكـەی مالیكـی ئەوەیە كـە عێـراق توانـای قەزركردنـی زیاتـر لـە ٧٠ ملیـار دۆلاری هەیـە بـۆ ئـەوەی بتوانـن تـەواوی ژێرخانـەكان ڕێـك بخەنـەوە و سـەرلەنوێ ژێرخانـی دەوڵەتـی عێـراق بونیـاد بنرێتـەوە.

كەواتـە ئـەم ئاراسـتەیە ئەوەمـان پـێ دەڵێـت، نـووری مالیكـی لـەم قۆناغـەدا و بـۆ ئـەوەی جارێكـی دیكـە تەیـاری سـەدر سـەركەوتنی هاوشـێوەی سـاڵی ٢٠٢١ لـە هەڵبژاردنەكانـدا تۆمـار نەكاتـەوە، پێـش هەمـوو شـت دەبێـت بیـر لـەوە بكاتـەوە كـە خزمەتگـوزاری و گوزەرانـی پارێزگا شیعەكانی عێراق گۆڕانكاریی گـەورەی بەسـەردا بێـت و، سـنوورێك بـۆ ئاسـتی هـەژاری و بێكاری دابنێـت، بـۆ ئـەوەش دەسـتی واڵا بێـت كە بتوانێـت ئـەم كارەی بـە سـەركەوتوویی لـە پارێزگا شـیعەكاندا بـۆ جێبەجـێ بكرێـت، ئـەوا دەبێـت لەگـەڵ هـەردوو لایەنـی «كوردسـتانی و عەرەبـی سـوننە» پرەنسـیپی هاوسـەنگی و هاوبەشـی پیـادە بـكات و مافـە دەستوورییەكانی هـەردوو پێكهاتەكـە بسـەلمێنێت.

## ■ پرەنسیپەكانی سەرۆك بارزانی بـۆ بەشـداریی لایەنـی كوردسـتانی و ڕاسـتكردنەوەی حوكمڕانـی لـە عێراقـدا

پرەنسـیپی سـەرۆك بارزانـی بـۆ پرۆسـەی سیاسـی و حوكمڕانـی لـە عێراقـدا هـەر لـە سـەرەتای نووسـینەوەی دەسـتووری سـاڵی ٢٠٠٥ـەوە ئـەوە بـووە كـە ئـەو دەسـتوورە وەك یـەك پاكێـج جێبەجـێ بكرێـت، بـۆ ئـەوەی كۆتایـی بـەو كارەسـات و نەهامەتییـە بێـت كـە تێكـڕای عێراقییـەكان مـاوەی زیاتـر لـە ١٠٠ سـاڵە بـە دەسـتیەوە دەناڵێنـن و كۆتایـی بـەو ئەقڵییەتـی خۆ فەرزكـردن و خۆسـەپاندنە بهێنرێـت، كـە سـاڵ لـە دوای سـاڵ عێراقـی كاولتـر كـردووە و، باجـی ئـەم هەمـوو كاولكارییـەش گەلانـی عێـراق داویانـە و، بۆ كۆتاییهاتنیش بەو كارەسات و كاولكارییە، هەمـوو كات سـەرۆك بارزانـی داوای لـە هەمـوو لایەنـە سیاسییەكانی عێـراق كـردووە كـە پرۆسـەی حوكمڕانـی و هەنگاوهەڵگرتـن بـۆ حوكمڕانیـی سـەركەوتوو و پێكـەوە ژیانی ئاشتییانە لـە عێراقدا تەنیـا لـەو خاڵـەوە دەسـت پـێ دەكات كـە دەبێـت دەسـەڵاتدارانی عێـراق ئەقڵییەتـی حوكمڕانـی بگۆڕن و بیر لـە خۆشگوزەرانی و چارەسـەركردنی كێشـەكان بـۆ تـەواوی پێكهاتەكانـی عێـراق بكەنـەوە.

لـە دوای هەڵبژاردنەكانـی سـاڵی ٢٠١٠ و دەرچوونی لیستی ئەلعیراقیە وەك لیستی گـەورە و بـراوەی هەڵبژاردنـەكان، ترسـێك لەنـاو شـیعەی دەسـەڵات دروست بـوو كـە خەریكـە دەسـەڵات لـە دەسـت دەدەن، بۆیـە پەنایـان بـۆ دادگای بەنـاو فیدراڵـی عێراقـی بـرد، بـۆ ئـەوەی تەفسـیرێكی تـازە بـۆ كوتلـەی گـەورە بـكات، ئەمـەش بـەو مانایـەی كوتلـەی گـەورە ئـەو كوتلەیـە نییـە كـە لـە دوای ئاكامەكانـی هەڵبـژاردن زۆرینـەی كورسـییەكان بەدەسـت دەهێنێـت، بەڵكـو كوتلـەی گەورە دوای هەڵبژاردنـەكان لە ناو پەرلەماندا پێك دەهێنرێت، ئـەم تەفسیرە بۆ كوتلـەی «گـەورە»، عێراقـی خسـتە قوناغێكـی تـازەی گێـژاوی حوكمڕانـی و، دوای ئـەوەی لایەنـە شـیعەكان بـە گشـتی و دەوڵەتـی یاسـا بـە سـەرۆكایەتیی نـووری مالیكـی زۆرینـەی پەرلەمانیـان بـە ڕێگـەی سـندوقەكانی دەنگـدان لەدەسـت دا و، دوای نزیكـەی ١٠ مانـگ و لـە چوارچێـوەی ڕێككەوتنی هەولێردا توانـرا نـووری مالیكـی بۆ جاری دووەم ببێتـەوە بـە سـەرۆك وەزیرانـی عێـراق و، ڕێككەوتنـی هەولێریـش كـە بـە سـەرۆكایەتیی سـەرۆك بارزانـی ئیمـزا كـرا، پێكهاتبـوو لـە ١٩ خـاڵ، هەمـوو خاڵەكانیـش پەیوەسـت بـوون بـەوەی چـۆن پرۆسـەی حوكمڕانـی لـە عێراقـدا ڕاسـت دەكرێتـەوە و بەندەكانـی دەسـتوور جێبەجـێ دەكرێن و كۆتایـی بـە ناهەمەتییەكانـی عێـراق دەهێنرێـت، بەڵام لەبەر ئـەوەی خاڵەكانی ڕێككەوتنـی هەولێر جێبەجـێ نەكـران، ئـەوا بارودۆخـی سیاسـیی عێراق بـە جۆرێك خراپ بـوو، كـە سـەرەنجام بووە هۆكاری ئـەوەی تیرۆریسـتانی داعش سـەرهەڵبدەن و لـە سـاڵی ٢٠١٤ خەلافەتـی دەوڵەتـی ئیسـلامیی

■ دیاریكردنی ڕێژەی دوو لەسەر سێ وەك مەرجێك بۆ متمانەدان بە سەرۆك كۆمار، زەمینەی دروستكردنی سێ یەكی پەكخەری بۆ نووری مالیكی هێنایە ئاراوە و، مالیكی زۆر بە باشی سێ یەكی پەكخەری بەكار هێنا و ڕێگەی گرت لەوەی سەدر بتوانێت حكومەت پێك بهێنێت

■ بە وردبوونەوە لە ململانێ و كێشمەكێشی ماوەی یەك ساڵی نێوان تەیاری سەدر لەلایەك و لایەنەكانی چوارچێوەی هەماهەنگی لە لایەكی دیكە، دەگەینە ئەو دەرەنجامەی كە كێشمەكێش و ململانێكە تەنیا لە نێوان «سەدر و مالیكی»دا بووە

■ مالیكی و سەدر، وەك دوو كاراكتەری سیاسی و سەرەكیی ناو هێزە سیاسییەكانی شیعە، دەمێكە كێشەی نێوانیان گەیشتووەتە ئاستی كەسی و هیچ كامیان ئەوی دیكەیان قبووڵ نییە

**پرەنسیپی سەرۆک بارزانی بۆ پرۆسەی سیاسی و حوکمرانی لە عێراقدا هەر لە سەرەتای نووسینەوەی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ـەوە ئەوە بووە کە ئەو دەستوورە وەک یەک پاکێج جێبەجێ بکرێت، بۆ ئەوەی کۆتایی بەو کارەسات و نەهامەتییە بێت کە تێکڕای عێراقییەکان ماوەی زیاتر لە ١٠٠ ساڵە بە دەستیەوە دەناڵێنن**

**بە هاتنی تیرۆریستانی داعشیش ئەقڵییەتی حوکمڕانی لە عێراقدا نەک هەر ڕاست نەکرایەوە، بەڵکو کێشەکە گوازرایەوە بۆ ناوماڵی شیعە و بوونە چەند بەرەیەک و هیچ لایەکیان نەیاندەویست لە لایەکەی دیکە تێبگەن**

**کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کورستان بە سەرۆکایەتیی مسرور بارزانی هەر لە دوای متمانەوەرگرتنی لە پەرلەمانی کوردستان بڕیاری دا سەردانی بەغدا بکات و بە ڕێگەی دیالۆگ و دانوستاندن تەواوی کێشەکانی لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکات**

داعش لە مووسڵەوە ڕابگەیەنن، بە هاتنی تیرۆریستانی داعشیش ئەقڵییەتی حوکمڕانی لە عێراقدا نەك هەر ڕاست نەکرایەوە، بەڵکو کێشەکە گوازرایەوە بۆ ناوماڵی شیعە و بوونە چەند بەرەیەك و هیچ لایەکیان نەیاندەویست لە لایەکەی دیکە تێبگەن.

لە دوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر و مقاوەمەتی هێزی پێشمەرگە بۆ پاراستنی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان و پاشانیش لە هەڵبژاردنەکانی ئایاری ٢٠١٨، کە جارێکی دیکە پارتی دیموکراتی کوردستان بووە پارتی یەکەم لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق، بەمەش دووبارە شەرعییەتی بەشداریی لایەنی کوردستانی هاتەوە لای سەرۆك بارزانی، هەر بۆیە لە پرۆسەی دانوستاندنەکان بۆ پێکهێنانی حکومەت و دوای تەواوبوونی کێشمەکێشی نێوان موقتەدا سەدر و هێزەکانی حەشدی شەعبی بە سەرۆکایەتیی هادی عامری، لایەنی کوردستانی بەشداری لەو حکومەتە کرد کە هاوپەیمانیی «بینا» بە سەرۆکایەتیی عادل عەبدولمەهدی دروستی کرد، لەمەشدا سەرۆك بارزانی نییەتپاکیی لایەنی کوردستانی پیشان دا، بەڵام بەو مەرجەی ئەو ڕێککەوتنەی بۆ پێکهێنانی کابینەی تازە ئیمزا کراوە، جێبەجێ بکرێت.

کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کورستان بە سەرۆکایەتیی مسرور بارزانی هەر لە دوای متمانەوەرگرتنی لە پەرلەمانی کوردستان بڕیاری دا سەردانی بەغدا بکات و بە ڕێگەی دیالۆگ و دانوستاندن تەواوی کێشەکانی لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکات، بەڵام دیسان کێشە و کێشمەکێشی ناوماڵی شیعە و دروستبوونی خۆپیشاندانەکانی تشرینی ٢٠١٩ بووە هۆکاری ئەوەی بارودۆخە تێك بچێت و لەژێر گوشاری ئەو بارودۆخەدا عادل عەبدولمەهدی ناچار بوو دەست لەکار بکێشێتەوە و لەو کاتەوە هەتا پێش متمانەدان بە محەمەد شیاع سوودانی وەك سەرۆك وەزیرانی تازەی عێراق، حکومەتی عێراق حکومەتێکی کاربەڕێکەر بووە بە سەرۆکایەتیی مستەفا کازمی.

لە دوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٢١ و بوونی پارتی بە خاوەنی ٣١ کورسی لە پەرلەمانی عێراقدا، سەرۆك بارزانی لە سەرەتاوە هەوڵیدا کە لایەنی کوردستانی بە تایبەتی «پارتی و یەکێتی» بە یەك شاند بەشداریی دانوستاندنەکان بکەن بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق، بەڵام لەگەڵ ئەوەی ئەم هاودەنگییەی پارتی و یەکێتی زۆری نەخایاند، بەڵام سەرۆك بارزانی لە دانوستاندنەکان لەگەڵ تەیاری سەدر و هاوپەیمانیی سیادەی سوننەکان، بەردەوام پێداگری دەکرد لەسەر ئەوەی کە عێراق پێویستی بە گۆڕینی ئەقڵییەتی حوکمڕانی هەیە و بەو ئەقڵییەتە کۆنە حوکمڕانیی دەوڵەتێکی وەك عێراق ناکرێت.

سەرەتا بۆ ئەم تێڕوانینەی سەرۆك بارزانی، تەیاری سەدر و موقتەدا سەدر وەڵامدانەوەیەکی باش و پێشوازییەکی گەرمیان لێ کرد، هەر بۆیە سەرۆك بارزانی پێداگری لەسەر ئەو هاوپەیمانییە کرد، بەڵام پاش ئەوەی سەدر پاشەکشەی کرد، لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی هاتنە پێشەوە و وەك لە بەرنامەی وەزاریی حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی دەردەکەوێت، لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی نەك هەر پێشوازییان لە بۆچوونەکانی سەرۆك بارزانی کردووە، بەڵکو وەك لە ناوی هاوپەیمانییەکەیان «هاوپەیمانی بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت» ڕەنگی داوەتەوە، زۆر باش دەزانن بەوەدا نراوە، حوکمڕانی و بەڕێوەبردنی دەوڵەت پێویستی بە گۆڕینی ئەقڵییەت و دووبارە پێداچوونەوە بە هەموو سێکتەرەکانی حکومەت و هەموو جومگەکانی دەوڵەت هەیە.

### ■ بەرنامە وەزارییەکەی حکومەتی سوودانی دووبارە بونیادنانەوەی دەوڵەتی عێراق

بەرنامە وەزارییەکەی محەمەد شیاع سوودانی کە لە دووبەش پێکهاتووە «جێبەجێکردن و یاسادانان»، ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە پرۆسەی دووبارە بونیادنانەوەی عێراق ئەرکی سەرەکی هەردوو دامەزراوەی «حکومەت و پەرلەمانی عێراقە»، ئەمەش لەبەر ئەوەیە لەسەر ئاستی جێبەجێکردن «حکومەت» پێویستە هەنگاوی جددی بۆ جێبەجێکردنی چەندین پرسی گرنگ و ژیاری هەڵبگرێت کە پێشتر پەرلەمان یاسای

بۆ دەرکردووە و حکومەت کەمتەرخەم بووە لە جێبەجێکردنیان، هەروەها چەندین پرسی دیکەش لە دەستووردا هاتوون و پێویستیان بەوە بووە کە پەرلەمان یاسایان بۆ دەربکات، بەڵام پەرلەمان کەمتەرخەم بووە لە جێبەجێکردنی ئەو یاسایانە.

بۆ ڕاستکردنەوەی پرۆسەی حوکمڕانی لەسەر ئاستی «حکومەت و پەرلەمان»، حکومەتی هەرێمی کوردستان شاندێکی باڵا ڕەوانەی بەغدا دەکات و هەموو ئامادەباشییەکی کردووە بۆ ئەوەی کێشەکانی نێوان بەغدا و هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی دەستووری عێراق چارەسەر بکرێن.

لەو پرسانەی کە پەیوەستن بە دەسەڵاتی جێبەجێکردن و حکومەت کەمتەرخەم بووە لە جێبەجێکردنیان و پەیوەند بە هەرێمی کورستانەوە ئاماژە بە چەند خاڵێك دەکەین:

■ کەمتەرخەمی لە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ کە بڕیار دراوە لە ماوەی یەك مانگدا لێژنەی باڵا بۆ کاراکردنەوەی ئەم ماددەیە پێك بهێنرێتەوە.

■ تەواوکردنی ڕێوشوێنە پێویستەکان بۆ جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتنەی لە نێوان هێزەکانی فیدڕاڵی و هێزی پێشمەرگە کراوە بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی ئەمنی.

■ یەکخستنی سیاسەتی گومرگ و داخستنی خاڵە گومرگییە نافەرمییەکان.

■ خەرجکردنی شایستەکانی پیترۆ دۆلار بۆ ئەو پارێزگایانەی بەرهەمهێنەری نەوت و گازن بە ڕێژەی ٥٪.

■ گەڕانەوەی هەموو ئەو حزبە کوردستانییانەی کە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان مۆڵەتیان پێ دراوە بۆ دەستپێکردنەوەی چالاکییەکانیان لە پارێزگاکانی نەینەوا و کەرکووك و دیالە و سەلاحەدین و چۆڵکردنی بارەگاکانیان و تەسلیمکردنەوەیان.

■ بە پشتگیریی ئەو لایەنە سیاسییانەی ئەم بەرنامەیان ئیمزا کردووە، حکومەتی فیدڕاڵی و حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرپشك کراون کە دانوستاندن لەسەر دۆسێی نەوت و بودجە بکەن، هەتا یاسای نەوت و گازی فیدڕاڵی لە ماوەی شەش مانگدا دەردەچێت، هەروەها لێژنەیەکی هاوبەش پێك بهێنرێت بۆ ئەم مەبەستانە:

١- پێداچوونەوە بە هەموو ئەو ڕێوشوێنانەی کە پەیوەستن بە سێکتەری نەوت و گاز.

٢- ڕێککەوتن لە سەر میکانیزمێکی واقیعی و گونجاو لەگەڵ دەستوور بۆ ڕێکخستنی پەیوەندیی ئایندەیی سەبارەت بە یاسای نەوت و گازی فیدڕاڵی.

٣- خۆ دوورخستنەوە لە هەر ڕێوشوێنێك کە ببێتە هۆی هەڵکشانی ناکۆکییەکان کە تایبەتە بە حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمپانیاکان.

سەبارەت بە تەوەری بەرنامەی وەزاری پەیوەست بە لایەنی «جێبەجێکردن» تەنیا ئاماژەمان بە چەند خاڵێکی گرنگ کرد، هەروەها سەبارەت بە تەوەری بەرنامەی وەزاری پەیوەست بە لایەنی «یاسادانان» چەند پرسێکی گرنگ تایبەت بە هەرێمی کوردستان هەن، کە لێرەدا ئاماژەیان پێ دەکەین، لەوانە:

■ دەرکردنی یاسای ئەنجومەنی فیدڕاڵی لە ماوەی ٦ مانگدا.

■ دەرکردنی یاسای دادگای فیدڕاڵی لە ماوەی ٦ مانگدا.

■ دەرکردنی یاسای نەوت و گازی فیدڕاڵی لە ماوەی ٦ مانگدا.

■ دەرکردنی یاسایەك بۆ ڕەتکردنەوەی هەموو بڕیارەکانی مەجلیسی قیادەی بەعسی هەڵوەشاوە بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠١٢ لە ماوەی ٦ مانگدا و لەسەر پرەنسیپی تەوافق و قەرەبووکردنەوەی زیان لێکەوتووان.

ئەم خاڵانە کە سەرلەنوێ پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و حکومەتی فیدڕاڵی دەباتە ئاستێکی هاوسەنگ و خاڵەکانی دیکەی ناو بەرنامە وزارییەکە کە هەموو لایەنەکانی ژیانی عێراق دەگرێتەوە، ئەگەر وەك خۆیان جێبەجێ بکرێن و کەمتەرخەمییان تێدا نەکرێت، وەرچەرخانێکی نەوعی لە دووبارە بونیادنانەوەی عێراق وەك دەوڵەت دێنێتە ئاراوە.

**سەرۆک بارزانی لە دانوستاندنەکان لەگەڵ تەیاری سەدر و هاوپەیمانیی سیادەی سوننەکان، بەردەوام پێداگری دەکرد لەسەر ئەوەی کە عێراق پێویستی بە گۆڕینی ئەقڵییەتی حوکمڕانی هەیە و بەو ئەقڵییەتە کۆنە حوکمڕانیی دەوڵەتێکی وەک عێراق ناکرێت**

**بۆ ڕاستکردنەوەی پرۆسەی حوکمڕانی لەسەر ئاستی «حکومەت و پەرلەمان»، حکومەتی هەرێمی کوردستان شاندێکی باڵا ڕەوانەی بەغدا دەکات و هەموو ئامادەباشییەکی کردووە بۆ ئەوەی کێشەکانی نێوان بەغدا و هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی دەستووری عێراق چارەسەر بکرێن.**

**بە پشتگیریی ئەو لایەنە سیاسییانەی ئەم بەرنامەیان ئیمزا کردووە، حکومەتی فیدڕاڵی و حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرپشک کراون کە دانوستاندن لەسەر دۆسێی نەوت و بودجە بکەن، هەتا یاسای نەوت و گازی فیدڕاڵی لە ماوەی شەش مانگدا دەردەچێت**




**دکتۆر نەرمین مەعرووف**

**ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و شارەزا لە بواری ئابووری بۆ گوڵان:**

# ڕەهەندە ئابوورییەکان کارنامەکەی حکومەتی سوودانی لە بەرژەوەندیی عێراق و کوردستاندایە

# ئامادەكردنی یاسای نەوت و غاز بە هاوبەشی لە نێوان حكومەتی عێراق و هەرێمی كوردستان دادەڕێژرێت

**دانوستانەكانی نێوان هەردوو حكومەتی هەرێمی كوردستان و عێراق و گفتوگۆكردن لەسەر دۆسییەكانی ماددەی ١٤٠ و نەوت و غاز و بودجە و شایستە داراییەكانی هەرێم، گرنگییەكی زۆری بۆ خەڵكی كوردستان و ئابووریی هەرێم هەیە. بۆ قسەكردن لەسەر ئەم پرسە و چەند تەوەرێكی دیكەی پەیوەندیدار گۆڤاری گوڵان دیدارێكی لەگەڵ دكتۆر نەرمین مەعرووف ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و شارەزا لە بواری ئابووری ساز دا.**

*** وەكو ئەندام لە لیژنەی دارایی و ئابووریی ئەنجومەنی وەزیران و پسپۆڕ و شارەزای ئابووری، ئایا پێت وایە حكومەتی محەمەد شەیاع سوودانی دەتوانێت هەموو ئەو ستراتیژیەت و پلان و پرۆژە گەورانە لە ماوەی تەمەنی كورتی كابینەكەدا جێبەجێ بكات، بەتایبەتی كە دۆخی دارایی عێراق باش بووە، بەڵام دۆخی ئابووریی عێراق هێشتا خراپە؟**

- حكومەتی عێراق بەهۆی بەرزیی نرخی نەوت و درێژایی ماوەی حكومەتی پێشووی كاربەرێكەری كازمی كە دەستی كراوە نەبوو بۆ جێبەجێكردنی پرۆژەی گەورە و گۆڕانكاریی لە نرخی دینار بەرانبەر دۆلاری ئەمریكی، هەموو ئەمانە وایان كردووە دۆخە داراییەكەی عێراق باش بێت، بە ڕاددەیەك یەدەگی دراوی قورسی بانكی ناوەندی عێراق گەیشتووەتە ٨٩ ملیار دۆلار و ١٣٠ تۆن قاڵبی ئاڵتوونیشی هەیە، ئەمەش پاڵپشتیەكی باشە بۆ بەهای دیناری عێراقی و دۆخی دارایی، بەڵام هێشتا دۆخی ئابووری عێراق بەدەست كۆمەڵێك گرفت و كێشەی گەورەی ئابوورییەوە دەناڵێنێت، وەكو كێشەی بێكاری و هەژاری كە ڕێژەی بێكاری ١٨٪ـە و ٢٥٪ی دانیشتووانی عێراقیش لەژێر هێڵی هەژاریدان، واتا لە ٤٠ ملیۆن كەسی ژمارەی دانیشتووانی عێراق ١٠ ملیۆن كەسی هەژارە، لەلایەكی دیكەوە ڕێژەی نرخ هەڵاوسان بە هۆی هەڵاوسانی هێنراوەكانەوە زیادی كردووە و گرانبوونی كەلوپەل لەسەر ئاستی جیهان كاریگەریی زۆر خراپی لەسەر نرخەكان هەیە. بەرزیی بەهای دۆلاری ئەمریكی بەرانبەر دیناریش كاریگەریی زۆری لەسەر بژێوی ژیانی هاووڵاتیان و بەتایبەتی مووچەخۆران و خانەنشینان بووە. لەبەر ئەم هۆكارانەیە حكومەتەكەی سوودانی كارنامەی حكومەتەكەی بە شێوەیەك داڕشتووە چارەسەری ئەم كێشانەی لە ڕیزبەندی پێشەوەی كارەكانی داناوە.

> **یەدەگی دراوی قورسی بانكی ناوەندی عێراق گەیشتووەتە ٨٩ ملیار دۆلار و ١٣٠ تۆن قاڵبی ئاڵتوونیشی هەیە، ئەمەش پاڵپشتیەكی باشە بۆ بەهای دیناری عێراقی و دۆخی دارایی**

*** چارەسەركردنی ئەم كێشە و گرفتە دارایی و ئابوورییانە بەستراوەتەوە بەجێبەجێكردنی كارنامەی حكومەتی نوێ، دەكرێت هەوێنی داڕشتنی كارنامەكەی حكومەتی نوێی عێراقمان پێ بڵێیت؟**

- دوای تێپەڕبوونی ساڵێك بە سەر هەڵبژاردنی پێشوەختە لایەنە سیاسییەكانی عێراق كە كوردیش لایەنێكی سەرەكییە لەو هاوكێشەیە، لەسەر حكومەتی نوێی عێراق ڕێككەوتن و

وەرەقەیەکی سیاسییان واژوو کرد، لە ١٠/١٣ لە پەرلەمان متمانە بەخشرایە حکومەتەکەی محەمەد شەیاع سوودانی، بەمەش حکومەتی نوێی عێراق پابەندە بە جێبەجێکردنی ئەو وەرەقەیەی کە لەلایەن لایەنە سیاسییەکانەوە لەسەری ڕێککەوتوون و بە پرۆگرامی وەزاریی ناودەبردرێت، لەسەر ئەم بنەمایەش هەوێنی دارشتنی کارنامەی حکومەتی نوێی عێراق دارێژدراوە.

*** کەواتە لە کارنامەی لایەنە سیاسییەکان کە واژوو کراوە باسی چارەسەری کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراقیش کراوە، ئایا تا چەند ئەم بوارەی تایبەت بەمافی هەرێمی کوردستان لە تەوەری جێبەجێکردن(تنفیزی) بە ڕوونی ئاماژەی پێ کراوە؟**

- کارنامەی لایەنە سیاسییەکان لە دوو تەوەری سەرەکی پێکهاتووە، تەوەری جێبەجێکردن و تەوەری تەشریعی، لە تەوەری جێبەجێکردن ٢٩ خاڵ هاتووە لەناو ئەم بەشەدا خاڵەکانی ٢٠ و ٢٣ تایبەتە بە مافی هەرێمی کوردستان و، بە ڕوونی جەخت لەسەر هەماهەنگیی نێوان هەردوو حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراق دەکاتەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکان، خاڵی ٢٣ وردەکاریی زیاتری تێدایە و باس لەوە دەکات بە ڕەزامەندیی ئەو پلانەی لەسەر ئەم میساقە واژوو کراوە، هەر یەك لە حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمی کوردستان گفتوگۆ لەسەر (بودجە و دۆسیێی نەوت) دەکەن، تاوەکو دەرچوونی یاسای نەوت و غاز لە ماوەی شەش مانگی دەستبەکاربوونی حکومەتی نوێ، بۆ ئەم مەبەستەش لێژنەی هاوبەش لە پسپۆڕی یاسایی و دارایی و نەوت لە نێوان هەردوو حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراق پێك دەهێنرێت، بۆ ئەوەی چەند ئەرکێك لەئەستۆ بگرن کە لە چوار خاڵی سەرەکی خۆی دەبینێتەوە:

١. پێداچوونەوە بە هەموو دۆسیێی نەوت و غاز لە ماوەی ڕابردوودا، دیدگایەك پێشکەش بکەن بە ڕەزامەندیی هەردوو لا و لە چوارچێوەی دەستووردا بۆ چۆنیەتی پاکتاوکردنی ئیلتزاماتەکانی ڕابردوو.

٢. ئەم لێژنەیە هەڵدەستێت بە پێشنیارکردنی چارەسەرێك لە چوارچێوەی دەستووردا بۆ پاراستنی مافی عێراقییەکان بە خەڵکی هەرێمی کوردستانیشەوە، بۆ دارشتنی ڕەشنووسی یاسای نەوت و غازی فیدراڵی و دواتر لە ڕێگەی ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆ پەسەندکردنی بۆ پەرلەمانی عێراق بەرز بکرێتەوە.

٣. دانوستاندن و ئامادەکاریی بکرێت بۆ دارشتنەوەی ڕەشنووسی یاسای بودجەی فیدراڵیی ٢٠٢٣ی عێراق.

٤. پەلەنەکردن و ڕاگرتنی هەر ئیجرائاتێك کە لە ماوەی ڕابردوو بەرانبەر حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمپانیا نەوتییەکان دراوە، بەمەش سەرجەم بڕیارەکان لە ئێستادا هەڵدەسپێردرێن تا دەرچوونی یاسای نەوت و غازی فیدراڵی بۆ ئەوەی زیان بە ئابووریی نیشتمانی نەگەیەنرێت.

*** باست لە دوو تەوەری سەرەکی کرد لە کارنامەی لایەنە سیاسییەکان، ئایا جگە لە تەوەری جێبەجێکردن، تەوەری تەشریعی چی لەخۆی دەگرێت، بەتایبەتی کە باس لە دەرکردنی یاسای ئەنجومەنی فیدراڵی دەکرێت؟**

- تەوەری تەشریعی زیاتر باس لەو یاسا و ڕێسایانە دەکات کە پێویستە لە تەمەنی کابینەکەی سوودانی دەربچێت، کە گرنگترینیان بۆ ئێمەش دەرکردنی یاسای نەوت و غازی فیدراڵی و یاسای ئەنجومەنی فیدراڵییە، ئەو ئەنجومەنەی کە یاسای بۆ دەربکرێت و پێکبهێنرێت بۆ ئێمەی کورد لە هەرێمی کوردستاندا تا ڕادەیەکی زۆر سوودی دەبێت.

*** وەکو ئاماژەت پێ دا، کارنامەی حکومەتی نوێی عێراق لەسەر هەوێنی کارنامەی لایەنە سیاسییەکان دارێژراوە، دەکرێت گرنگترین، یان تەوەرە سەرەکییەکانی کارنامەکەمان بۆ باس بکەیت؟**

- بەڵێ، کارنامەی لایەنە سیاسییەکانی بەشدار لە حکومەتەکەی سوودانی، هەوێنی کارنامە ٢٣ تەوەرەکەی حکومەتی نوێ پێك دەهێنێت کە چەند تەوەرێکیان ڕیزبەندی پێ دراوە، واتا کەوتوونەتە پێشینەی کارەکانی ئەم حکومەتە نوێیەوە کە بریتین لە:

- کەمکردنەوەی هەژاری.

**ڕێژەی بێکاری ١٨٪ە و ٢٥٪ی دانیشتووانی عێراقیش لەژێر هێڵی هەژاریدان**

**تەوەری تەشریعی زیاتر باس لەو یاسا و ڕێسایانە دەکات کە پێویستە لە تەمەنی کابینەکەی سوودانی دەربچێت، کە گرنگترینیان بۆ ئێمەش دەرکردنی یاسای نەوت و غازی فیدراڵی و یاسای ئەنجومەنی فیدراڵییە**

**کارنامەی لایەنە سیاسییەکانی بەشدار لە حکومەتەکەی سوودانی، هەوێنی کارنامە ٢٣ تەوەرەکەی حکومەتی نوێ پێک دەهێنێت کە چەند تەوەرەیەکیان ڕیزبەندی پێ دراوە، واتا کەوتوونەتە پێشینەی کارەکانی ئەم حکومەتە نوێیەوە**

- کەمکردنەوەی بێکاری.
- پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان.
- چاکسازیی لە سێکتەرە ئابوورییەکان.

سەرجەم ئەم تەوەرانەش لەسەر چەند بنەمایەك داڕێژراون کە بریتین لە:

١. ئەم کارنامەیە بەرپرسیارێتییەکی هاوبەشە، واتا بەرپرسیارێتی هەموو لایەنەکانە.

٢. ئەم کارنامەیە باس لە شەفافییەت دەکات و پێویستە هەموو کار و ئیجرائاتەکان بە ڕوونی و ئاشکرا بکرێت.

٣. ئەم کارنامەیە دەبێتە بنەمای داڕشتنی ستراتیژیەت و پلانی حکومەت و وردەکاریی کارەکان.

٤. ئەم کارنامەیە ئەگەری هەیە ساڵانە پێداچوونەوەی پێدا بکرێت، بەپێی بارودۆخ و ئەو ڕووداو و ئەگەر و پێشهاتانەی کە ڕوودەدات. واتە کارنامەکە قاڵبێکی کۆنکرێتی نییە و ئەگەری هەیە بەپێی بارودۆخەکان پێداچوونەوەی پێدا بکرێت، ئەمەش خوێندنەوەی وا بۆ دەکرێت کە هەندێك لەو خاڵ و برگە و ئامانجانەی لە کارنامەکەدا هاتووە، ڕەنگە جێبەجێی نەکات، یان نەتوانێت جێبەجێی بکات بە پاساو و بیانووی جۆراوجۆر.

*** ئایا دەتوانین شیکردنەوەی ئابووریانە بۆ ئەو ٢٣ تەوەرەیەی کارنامەکە بکەین و ڕەهەندە ئابوورییەکانی دیاری بکەین؟**

- ٢٣ تەوەری کارنامەکە دەکرێت بۆ چەند بەشێك پۆلێن بکرێت، کە پەیوەندی بە ژیان و بژێویی هاووڵاتیان و ناڕەزایەتییەکانی شەقامەوە هەیە، هەژاری و بێکاری و گەندەڵی و زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان و کێشەی ئاوارەیی ناوخۆ و وێرانبوونی ژێرخانی ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەستی داعش، خزمەتگوزارییە گشتییەکانی کارەبا و ئاو و ئاوەڕۆ و ڕێگاوبان و ئاوەدانکردنەوە، تەوەرێکی دیکەیە کە پلان و پرۆژەی بۆ تەرخان کراوە، هاوکات سێکتەرە سەرەکییەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری و گواستنەوە و گەیاندن و کەرتی نەوت و بازرگانی و پرۆژە ستراتیژییەکان و چاکسازییەکان بەشێکی گرنگی کارنامەکەیە، جگە لەمانە پەیوەندییەکانی عێراق لەگەڵ جیهانی دەرەوە بەشێکی دیکەی کارنامەکەیە.

ئەوەی بۆ ئێمە لە هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم گرنگە، پەیوەندیی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدایە کە لە خاڵی ٢٠ ڕاستەوخۆ بە ناوی ناوەند و هەرێم ئەم بابەتە ورووژێنراوە و جەختی لە چارەسەرکردنی دۆسیە هەڵپەسێردراوەکان کردووە، لێرەدا تێبینییەکیان هەیە، ئەویش ئەوەیە لە کارنامەی لایەنە سیاسییەکان و بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان کات دیاری کراوە، کەچی بۆ جێبەجێکردنی پرۆژە و کارەکانی حکومەت کات و خشتەی زەمەنی دیاری نەکراوە.

ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە جێبەجێکردنی داخوازییەکانی گەلی کوردستانە لە هەرێم و ناوچە جێناکۆکەکان کە زۆر بە ڕوونی لە هەر دوو کارنامەی لایەنە سیاسییەکان و کارنامەی حکومەت دەستنیشان کراوە، خۆشبەختانە سەلیقەی سیاسییەکانی کورد و تیمی هەرێم وای کردووە حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بتوانن مومارەسەری کاروچالاکیی خۆیان بکەن و بارەگاکانیان لە پارێزگاکانی کەرکووک و دیالە و نەینەوا و سەلاحەدین بەدەست بهێننەوە و خوێندنی کوردی و تێچوون و خەرجییەکانی بخرێتە سەر بودجەی فیدراڵ و ئەوانەش بارگرانی لەسەر بودجەی هەرێم کەم دەکاتەوە. دۆسیێ ئاڵۆزی نەوت و غازیش کە بۆ ئێمەی کورد دۆسیێیەکی گرنگە و بەو داهاتە زۆربەی بودجەی هەرێم و مووچەی هاووڵاتیان و پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی پێ دابین دەکرێت، بە پاساوی سوودوەرگرتن لەم داهاتە پشك و بودجە و مافە دەستوورییەکانی خەڵکی کوردستانیان بڕیوە، لەگەڵ دەرکردنی ئەو بڕیارە ناهەقییەی دادگای فیدراڵیش دژ بە هەرێم دۆخەکەی ئاڵۆزتر کرد، ئەمە لە کاتێکدا دادگای فیدراڵی خۆی بە شێوەیەکی دەستووری یاسای بۆ دەرنەچووە، بۆیە ئەگەر یاسایەکی فیدراڵی بۆ نەوت و غاز بە پرس و ڕێککەوتنی نێوان هەرێم و عێراق دەربچێت، ئەو کات کۆتایی بەو ناکۆکییانە دەهێنرێت و سوود لە بودجەی ڕاستەقینە و کۆمەڵێك مافی دارایی و شایستەی دارایی وەردەگرین.

**سێکتەرە سەرەکییەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری و گواستنەوە و گەیاندن و کەرتی نەوت و بازرگانی و پرۆژە ستراتیژییەکان و چاکسازییەکان بەشێکی گرنگی کارنامەکەیە**

**ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە جێبەجێکردنی داخوازییەکانی گەلی کوردستانە لە هەرێم و ناوچە جێناکۆکەکان کە زۆر بە ڕوونی لە هەردوو کارنامەی لایەنە سیاسییەکان و کارنامەی حکومەت دەستنیشان کراوە**

**سەلیقەی سیاسییەکانی کورد و تیمی هەرێم وای کردووە حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بتوانن مومارەسەری کاروچالاکیی خۆیان بکەن و بارەگاکانیان لە پارێزگاکانی کەرکووک و دیالە و نەینەوا و سەلاحەدین بەدەست بهێننەوە**

## سەروەر کەمال هاواری
بریکاری وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بۆ گوڵان:

# چاکسازی و ڕێکخستنەوەی کەرتی بازرگانی لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا وەرچەرخانێکی ئابوورییە



پرسی بازرگانی و هەنگاوەکانی ڕێکخستنەوەی ئەم کەرتە بۆ پاڵپشتیکردنی کەرتی پیشەسازی و جێبەجێکردنی سیاسەت و بەرنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ فرەچەشنکردنی ئابووری و چەند بابەتێکی پەیوەندیداری دیکەی بواری بازاڕ و کڕینەوەی گەنمی جووتیاران، تەوەرەی سەرەکیی دیداری گۆڤاری گوڵان بوو لەگەڵ سەروەر کەمال هاواری بریکاری وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

*** بازرگانی و پیشەسازی دوو کایەی گرنگی پێشخستن و پەرەپێدانی ئابوورین، پرسیار لێرەدا ئەوەیە لەم کابینەیەدا تاچەند توانراوە کەرتی بازرگانی بەو ئاراستەیە وەرچەرخێنن، کە لە خزمەتی هاووڵاتیان و فرەچەشنکردنی ئابووریدا بێت؟**

- شەڕی داعش و قۆناخە سەختەکانی پەتای کۆرۆنا و قەیرانی دارایی و دابەزینی بەهای نەوتمان بەڕێ کردووە، بەڵام گرفتی بڕین و نەهاتنی پشکی هەرێم لە بودجە و شوێنەوارەکانی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیامان بەڕێ نەکردووە، کە کاریگەری لەسەر سستبوونی گەشەی ئابووریی جیهان و هەڵکشانی نرخی کاڵا و شمەك و خۆراکە سەرەکییەکان هەیە، ئەمەش هاوکات بوو لەگەڵ داشکانی بەهای دینار لەلایەن بانکی ناوەندیی عێراقەوە، ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم کێشە و تەحەدییانە و کەمکردنەوەی شوێنەوارەکان و چارەسەرکردنیان، کارێکی هەروا ئاسان نییە. سەرەتا پێش وەڵامدانەوەی پرسیارەکەتان دەمەوێت ساڵی ٢٠٢٠ بە بیر ئێوە بهێنمەوە، ئەو دەمەی لە ناو جەرگەی کەرەنتینە و بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا و قەیرانی توندی خۆراکی و تەندروستیدا، لەسەر فەرمان و چاودێری و بەدواداچوونی توندی ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆردێك بۆ چاودێریی بازاڕ و ڕێگرتن لە ئەگەری دروستبوونی برسێتی و گرانی و گەمەکردن بە بازاڕ دامەزرا، هەمووان ئەو بەرپرسیارێتییە مێژووییەمان جێبەجێ کرد و ڕێگەمان نەدا، قەیرانێکی توندی خۆراکی و برسێتی لە ناوخۆی هەرێمی کوردستاندا ڕوو بدات، نرخ و کاڵا و خزمەتگوزارییەکان لەسەر بەکاربەر و بەکارهێنەران و خەڵکی بەو ڕاددەیە گران نەبوو کە ببێتە قەیرانێکی گەورەی خۆراکی، حکومەت لە پێناو خەڵکەکەیدا دەستبەرداری زۆر لە داهاتەکەی بوو لە زەمەنێکدا کە بەهای بەرمیلێك نەوت لە نزمترین ئاستیدا بوو، لە دوای کۆرۆناش یەکێك لە کارە باشەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان گرێدانی پێکەوەیی هەردوو کەرتی بازرگانی و پیشەسازی بوو، هەنگاوەکانی کردنەوەی ناوچەی پیشەسازیی خۆراك و کڕینەوەی گەنمی جووتیاران و دروستکردنی سایلۆ و کارپێکردنی کارگەکانی ئارد و دەیان کارگەی خۆماڵی، بەرهەمی دیکەی وەرچەرخانی نەوعییە لە ئابوورییەکدا کە دەکرێت پێی بگوترێت ئابووریی دوای شەڕ، لە ناوخۆشدا سەرجەم بەڕێوەبەرایەتییەکانی بازرگانی و چاودێریی بازاڕ لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان و قەزاکان، ڕۆڵێکی گرنگیان بینی لە پشکنین و چاودێریکردنی کوالێتی و نرخ و نەهێشتن و لەناوبردنی مادەی ماوەبەسەرچوو، سزای دارایی و یاسایی توندی سەرپێچیکاران و ئەو کەسانە دراوە کە زیان بە خەڵکی و تەندروستی و سەلامەتیان گەیاندووە، سوپاسی هاووڵاتیانیش دەکەین کە ئاستێکی بەرزی هوشیارییان هەیە و هاوکاریی لیژنەکانیان کردووە. دەتوانم بڵێم لە تەمەنی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کێرڤی بووژانەوە ڕووی لە بەرزبوونەوەیە و حکومەتی هەرێم بە شێوەیەکی لۆژیکانە و زانستییانە ڕووبەڕووی هەموو ئاستەنگ و بەربەستە سیاسی و ئەمنی و ئابووری و داراییەکان بووەتەوە و توانرا گەندەڵی و قۆرخکاری و کاری نایاسایی ڕابگیرێت و هەنگاو بەرەو حکومەتی ئەلەکترۆنی و دامەزراوەیی بنێین.

هەر سەبارەت بە پەیوەندیی باشی نێوان هەردوو کەرتی بازرگانی و پیشەسازی، توانراوە کارئاسانیی باش لەسەر باجی تایبەت بە کۆمپانیاکانی خۆراك پێشکەش بکەین، لە دهۆك نووسینگەی هەناردەکردنمان کردەوە بۆ ئەوەی بازرگانەکان بۆ کارەکانیان نەگەڕێنەوە بۆ هەولێر، ئەم کارئاسانی و پاڵپشتییانە وایان کرد، مۆڵەتی هاوردەکردن زۆر زیاتر بێت و ڕێگە لە هەڵکشانی نرخەکان بگرین، لەمەشدا ڕەچاوی بەرهەمی خۆماڵی و کارگە پیشەسازییەکانمان کرد و، زۆر لە بەرهەمی ناوخۆیی وەکو مریشك و هێلکە و بەرووبوومی دیکەی کشتوکاڵی ڕووی لە بووژانەوە کرد و تا ڕاددەیەك گەیشتنە ئاستی خۆبژێوی و ناردنە دەرەوەش.

*** گرنگترینی ئەو کارانەی لە تەمەنی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کە لە بواری بازرگانیدا جێبەجێ**

**حکومەت لە پێناو خەڵکەکەیدا دەستبەرداری زۆر لە داهاتەکەی بوو لە زەمەنێکدا کە بەهای بەرمیلێک نەوت لە نزمترین ئاستیدا بوو**

**هەنگاوەکانی کردنەوەی ناوچەی پیشەسازیی خۆراک و کڕینەوەی گەنمی جووتیاران و دروستکردنی سایلۆ و کارپێکردنی کارگەکانی ئارد و دەیان کارگەی خۆماڵی، بەرهەمی دیکەی وەرچەرخانی نەوعییە لە ئابوورییەکدا کە دەکرێت پێی بگوترێت ئابووریی دوای شەڕ**

**سزای دارایی و یاسایی توندی سەرپێچیکاران و ئەو کەسانە دراوە کە زیان بە خەڵکی و تەندروستی و سەلامەتیان گەیاندووە، سوپاسی هاووڵاتیانیش دەکەین کە ئاستێکی بەرزی هوشیارییان هەیە و هاوکاریی لیژنەکانیان کردووە**

**لە تەمەنی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کێرڤی بووژانەوە ڕووی لە بەرزبوونەوەیە و حکومەتی هەرێم بە شێوەیەکی لۆژیکانە و زانستییانە ڕووبەڕووی هەموو ئاستەنگ و بەربەستە سیاسی و ئەمنی و ئابووری و داراییەکان بووەتەوە**

**له دهۆک نووسینگەی هەناردەکردنمان کردەوە بۆ ئەوەی بازرگانەکان بۆ کارەکانیان نەگەڕێنەوە بۆ هەولێر، ئەم کارئاسانی و پاڵپشتییانە وایان کرد، مۆڵەتی هاوردەکردن زۆر زیاتر بێت و ڕێگە لە هەڵکشانی نرخەکان بگرین**

**لە سەرووی ٥٥٣ مۆڵەت بە کارگەی کەرتی تایبەت دراوە و هێما بازرگانییەکان و کۆمپانیا تۆمارکراوەکان بۆ سەرووی ٣١ هەزار کۆمپانیا زیاد بووە و مۆڵەتی هاوردە و هەناردەش زیاد بووە**

**ئاستەنگ و بەربەستەکانی بەردەم بازرگانی زۆرن، هەندێکیان دەرەکین و پەیوەندی بە ململانێی سیاسی و دۆخی ناوچەکەوە هەیە، هەندێکیشی ناوخۆییە و دەبێت چارەسەری بکەین**

**کراون، چین؟ ئایا دەکرێت بڵێین هەنگاوەکانی حکومەت دەستپێك و سەرەتایەکی گرنگ بوو، بۆ بونیادنانی ژێرخانێکی نوێی ئابووری؟**

- پاڵپشتی و هاندانی کەرتی تایبەت و وەبەرهێنان لە بوارەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گفتوگۆ و دانوستانە بەردەوامەکانی وەزارەتمان لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی عێراق و، لێکتێگەیشتن لە نێوان هەردوو لا، توانرا سیاسەتی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بەرەو پێشەوە ببرێت، ئەو سیاسەتەی کە بریتییە لە «پاراستنی کارگەکان و دابینکردنی پێداویستیی بازاڕ»، لەمەشدا گرنگیدان بە پیشەسازیی خۆراك و کارئاسانی بۆ پاڵپشتیکردنی بەرهەمی خۆماڵی لە ڕووی نرخ و ڕێگرتن لە هێنانی هەندێك بەروبووم و پێشکەشکردنی کارئاسانیی بازرگانی بۆ هێنانی کەرەستەی خاو، سەرەتای ئەو وەرچەرخانەی دروست کرد، کە پەیکەری ئابووریی هەرێم پێویستی پێی بوو، ژمارەی کۆمپانیا و کارگەکان زیادی کردووە، پلانی ١٠ ساڵەی وەبەرهێنانیش بە ڕێژەیەکی زۆر بەرز جێبەجێ کرا. یاساکانی پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی و ڕێنماییەکانی تایبەت بە هاوردە و هەنادە و چاودێریی بازرگانی و هەموارکرانەوە و پەیڕەوی پاراستنی کێبڕکێ و نەهێشتنی قۆرخکاری پەسەند کرا و، یاساکانی وەزارەتی بازرگانی و یاسای ژوورە بازرگانییەکانی کوردستان و یاسای بارزگانییش هەموار کرانەوە و ژمارەیەکیش یاسای نوێمان لە ژێر دیراسەت و توێژینەوەدایە.

*** سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چەندین بۆنەدا جەختی لەسەر گرنگیی بەگەڕخستنی دەستی کاری خۆماڵی و دۆزینەوەی هەلی کار کردووەتەوە، بەشێك لە کاری ئێوە پەیوەندیی بە سایلۆ و کارگەکانی ئارد و بازاڕ و بازرگانی و چەندین بواری دیکەوە هەیە، ئایا بازرگانی چۆن بەشدارە لە دۆزینەوەی هەلی کار؟**

- بازرگانی و بازاڕ بوارێکی زۆر فراوانی دابینکردنی کارن، لەم سێکتەرەدا بە هەزاران کەس لە بازرگان و کاسب و پیشەوەر و خاوەن دووکان و مارکێت و فرۆشگا و کۆمپانیا کار دەکەن، دەتوانین بڵێین زۆرترین هەلی کار لە کەرتی بازرگانی و کاری ناو کۆمپانیا و بازاڕدایە، لەلایەکی دیکەوە لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کارگەکانی کشتوکاڵی و خۆراکی ڕوویان لە زیادبوون کردووە ئەوەتا لە سەرووی ٥٥٣ مۆڵەت بە کارگەی کەرتی تایبەت دراوە و هێما بازرگانییەکان و کۆمپانیا تۆمارکراوەکان بۆ سەرووی ٣١ هەزار کۆمپانیا زیاد بووە و مۆڵەتی هاوردە و هەناردەش زیاد بووە. ئێمە کەرتی بازرگانیمان بە شێوەیەك ڕێك خستووە کە زیان بە کەرتی کشتوکاڵ نەگەیەنێت و، هاوکات نەبینە هۆی دەگمەنیی کاڵا و پێداویستییە خۆراکییەکان و قەیرانی هەڵکشانی نرخ ڕوو نەدات، بەمەش توانیومانە هاوسەنگیی دەستی کار لە کەرتەکانی بازرگانی و کشتوکاڵ و پیشەسازیدا بپارێزین.

*** بازرگان و باڵیۆز و کونسوڵخانەکانی وڵاتانی جیهان بە گرنگییەوە دەڕواننە پێگەی هەرێمی کوردستان، ئایا پەیوەندییەکانی ئێوە لەگەڵ نوێنەرانی وڵاتان لە چ ئاستێکدایە، بەو پێیەی پەیوەندیی دۆستانە و باش دەروازەی بەهێزبوونی کاری بازرگانییە؟**

- زۆربەی بەشی ئابووری و بازرگانیی باڵیۆز و کونسوڵخانە و ژوورە بازرگانی و پیشەسازییەکان و گەورەکۆمپانیاکانی جیهان سەردانمان دەکەن، لە هەموو دانوستان و گفتوگۆکاندا ئامادەییمان دەربڕیوە بۆ پێشکەشکردنی کارئاسانی و، هەماهەنگیی باشمان هەیە لەگەڵیاندا، ئاستەنگ و بەربەستەکانی بەردەم بازرگانی زۆرن، هەندێکیان دەرەکین و پەیوەندی بە ململانێی سیاسی و دۆخی ناوچەکەوە هەیە، هەندێکیشی ناوخۆییە و دەبێت چارەسەری بکەین، وەکو بەرزیی نرخی سووتەمەنی بۆ گواستنەوە و بەرزیی نرخی کارەبا لە پۆلی بازرگانی و هەموارکردنەوەی زۆر لە یاسا بازرگانی و ڕێنماییەکان، لە سەرجەم گفتوگۆکانماندا لەگەڵ نوێنەری وڵاتان جەخت لەسەر گرنگیی ڕێکخستن و چاودێریی کاری بازرگانی دەکەینەوە، بە تایبەتی لەوەی ئەو کاڵا و شمەك و خۆراکانەی دێنە هەرێمی کوردستان، دەبێت لە ڕێگەی گەورە کۆمپانیا و کەسانی ناسراو و باوەڕپێکراوی ئەوانەوە

بێت، بۆ ئەوەی بتوانین بیانخەینە ژێر بەرپرسیارێتییەوە و کاڵایەکی کوالێتی بەرز و تەندروست و بەردەوام زامن بکرێت. بۆ نموونە بە هۆی کارئاسانی و پەیوەندییە باشەکان لە بواری کەرتی بازرگانیدا ئاستی ئاڵوویری بازرگانیی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق بۆ تورکیا گەیشتووەتە سەرووی ٢٠ ملیار دۆلار، لەگەڵ وڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش بە هەمان شێوە، جموجووڵێکی بازرگانیی باش ئەنجام دەدرێت، لە ناوخۆی هەرێمیشدا لە سەرجەم کونسوڵخانەکان بەشی ئابووری و بازرگانی گرنگییەکی باشی پێ دراوە، بێگومان کردنەوەی پێشانگا و کۆنفرانس و دیدارە ئابووری و بازرگانییەکانیش پەیوەندی و لێکتێگەیشتنی باشی لە نێوان ئێمە و ئەواندا لێ کەوتووەتەوە.

*** هەوڵەکانتان چڕ کردووەتەوە بۆ کۆنتڕۆڵکردنی بەرهەم و ئەمبارکردن و وەرگرتنی شایستە داراییەکانی جووتیاران، ئایا لەم ڕووەوە چیتان کردووە؟**

- پرسیارەکەتان چەند تەوەرێك لەخۆ دەگرێت، سەرەتا هەوڵەکانی دروستکردنی دەیان پڕۆژەی جۆراوجۆری تایبەت بە سایلۆ و ناوچەی پیشەسازی، کاری باش ئەنجام دراوە، ئەوەتا لە بواری سایلۆکاندا کاری باش ئەنجام دراون، وەکو سایلۆکانی (قوشتەپە و کەلار و ڕۆڤیا) و دروستکردنی شار و شارۆچکەی پیشەسازی لە هەولێر و سلێمانی و دهۆك و گەرمیان، ئەمە وێڕای ئەوەی ١٩ پڕۆژەی سایلۆ و تاقیگە و کۆگا و ناوچەی پیشەسازیی دیکە پێشنیار کراون، لەگەڵ هەر دوو سایلۆی خۆشناو و قەیوان، کە توانای هەڵگرتنی ٥٠٠ هەزار تەن گەنمیان هەیە، لەلایەکی دیکەوە پرۆپۆزەڵێك بۆ دروستکردنی سایلۆیەك بۆ پارێزگای هەڵەبجە ئامادە کراوە، بە هەموو ئەم کارانە ژێرخانی ئەمبارکردنی گەنم و جۆ پێ دەنێتە قۆناغێکی پێشکەوتووەوە.

سەبارەت بە تەوەری دووەمی پرسیارەکەشتان بەشی نۆیەمی پارەی جووتیارانی هەرێم بۆ ساڵی ٢٠٢١ دیاری کراوە و، دوای گەیشتنی چەکی پارەکە ئەو پارەیە دابەش دەکەین، واتا بۆ ساڵانی ٢٠١٧ و ٢٠١٨ و ٢٠١٩ و ٢٠٢٠ تەواوی شایستە داراییەکانی جووتیاران دراوە، بەڵام بۆ ساڵی ٢٠١٤ و ٢٠١٥ و ٢٠١٦ بڕە پارەیەك کە لە ٣٠٨ ملیار دینار و ٢٦٣ ملیۆن دینار ماوە و هەوڵەکانمان چڕ کردووەتەوە بۆ ئەوەی ئەو پارەیە بخرێتە ناو بودجەی ساڵی ٢٠٢٢ـەوە. لە ئێستادا لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو سەرقاڵی کۆمەڵێك ڕێکار و پڕۆژەین، بۆ زیادکردنی بەرهەمی ناوخۆیی گەنم، بەداخەوە بە هۆی وشکەساڵییەوە لە عێراق و کوردستان زیانی گەورە بەر ئەم بەرهەمە ستراتیژییە کەوتووە، بۆ ئەم مەبەستە و لە پێناو گران نەبوونی ئارد، ڕێوشوێنی توندمان گرتەبەر و بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بازرگانی و فەرمانگەکانی چاودێریمان ئاگادار کردووە کە بە هیچ شێوەیەك ڕێگە بە قۆرخکاری و گەمەکردن بە نرخەکان نەدرێت و بە توندی چاودێریی بازاڕ بکەن.

لە سەردانەکانماندا بۆ سایلۆکانی شێخان و ڕۆڤیا و فایدێ و زاخۆش، جەختمان لەسەر جێبەجێکردنی ڕێنماییەکان کردووەتەوە و لە نزیکەوە بەدواداچوونی وردمان کردووە بۆ هاوکاریکردنی برا جووتیارەکان و کارئاسانیی باشیان پێشکەش کراوە.

*** تێبینی و سەرنجەکانتان لەسەر بەشە خۆراکی هاووڵاتیان چییە؟ ئایا تا ئێستا بێ گەڕانەوە بۆ هەرێم ئەم بوارە بەڕێوە دەبرێت؟**

- بەشە خۆراکی هاووڵاتیان لەلایەن حکومەتی ناوەندی (وەزارەتی بازرگانی عێراق) بێ گەڕانەوە بۆ هەرێم بەڕێوە دەچێت، بودجەی پڕۆژەکە لەسەر نەفەقاتی سیادی و حاکیمەیە و، لەو بودجەیە پشکی هەرێمیش دەکرِدرێت، زۆرجار بێ دیراسە و توێژینەوەی زانستی بڕیارەکان و ڕێنماییەکان لەم بوارەدا دەردەچێت، لەگەڵ ئەمەشدا هەوڵەکانمان بەردەوامە بۆ وەرگرتنی تەواوی مافی هاووڵاتیانی هەرێم و، لە نزیکەوە بەدواداچوون بۆ گازندە و گلەیی هاووڵاتیان دەکەین، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە کوالێتی و ڕەچاوکردنی هەڵگرتن و گواستنەوە و دابەشکردنەوە هەیە، لە کۆبوونەوە و سەردانەکانماندا هەموو ئەو کۆت و بەربەستانەی دەبێتە هۆی دواکەوتنی دابەشکردنی بەشە خۆراك هەڵگیراوە، بە هیچ شێوەیەکیش ڕێگە بە کەموکورتی و کەمتەرخەمی نادەین.

**بە هۆی کارئاسانی و پەیوەندییە باشەکان لە بواری کەرتی بازرگانیدا ئاستی ئاڵوویری بازرگانیی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق بۆ تورکیا گەیشتووەتە سەرووی ٢٠ ملیار دۆلار**

**پرۆپۆزەڵێک بۆ دروستکردنی سایلۆیەک بۆ پارێزگای هەڵەبجە ئامادە کراوە، بە هەموو ئەم کارانە ژێرخانی ئەمبارکردنی گەنم و جۆ پێ دەنێتە قۆناغێکی پێشکەوتووەوە**

**بەشی نۆیەمی پارەی جووتیارانی هەرێم بۆ ساڵی ٢٠٢١ دیاری کراوە و، دوای گەیشتنی چەکی پارەکە ئەو پارەیە دابەش دەکەین**



کوێستان ئەحمەد
قایمقامی قەزای خەبات بۆ گوڵان:

# لە دوو ساڵدا بە بڕی ١٠ ملیار دینار کار و پڕۆژە بۆ قەزای خەبات جێبەجێ کراوە

**خەبات بە دووریی ٣٧ کیلۆمەتر دەکەوێتە ڕۆژئاوای شاری هەولێرەوە، ئەم قەزایە دەروازەی گرێدانی شارەکانی هەولێر و مووسڵ و دهۆکە، ڕووبەری گشتیی سنووری قەزاکە زیاتر لە ٢٧٥ هەزار دۆنمە، کە دەکاتە ٦٨٧ کیلۆمەتر دووجا، لەگەڵ ئەم فراوانبوونەدا داواکاریی خەڵك و یەکە ئیدارییەکان بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکان زیاتر بووە. بۆ قسەکردن لەسەر گرنگترینی ئەو پرۆژە و داواکارییانەی قەزاکە پێویستیەتی، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ کوێستان ئەحمەد قایمقامی قەزای خەبات ساز دا.**

*** قەزای خەبات گەشەیەکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە، سەرەتا دەکرێت بزانین گرنگترینی ئەو یەکە ئیدارییانە کامانەن کە دەکەوێتە سنووری قەزاکەوە؟**

- قەزای خەبات ناحیەکانی ڕزگای و کەورگۆسك و دارەشەکران و کۆمەڵگەکانی سێبیران و کانی قرژاڵە و ٦٤ گوند لەخۆی دەگرێت، ژمارەی دانیشتووانەکەی ٩٤،٣٠٧ کەسە، لەم ژمارەیە نزیکەی ٢٩ هەزار کەس لە ناو سەنتەری قەزاکەدا نیشتەجێن، بەمەش قورساییەکی زۆر کەوتووەتە ناو گەڕەکەکانی (هەنجیرۆك و ئاشتیی ١ و ٢ و ڕزگاری و کانی مام سنج و کۆمەڵگەی ئیداری و کشتوکاڵ و باستام و سەرووەران)، خەبات بە قەزایەکی کشتوکاڵی ناوبانگی دەرکردووە و لەم چەند ساڵەی دواییدا پرۆژە و کۆمپانیای زۆری پیشەسازی و کارەبا و نەوتی لێ دامەزراوە.

*** لەم دوو ساڵەی ڕابردوودا تا چەند بودجە بۆ پرۆژە و کارە خزمەتگوزارییەکان تەرخان کراوە؟ ئایا لە چ سێکتەرێکدا زیاتر پرۆژە ئەنجام دراوە؟**

- لە ساڵی ٢٠٢١ بۆ سەنتەری قەزاکە و هەر سێ ناحیەکەی زیاتر لە پێنج ملیار دینار تەرخان کرابوو، ئەمساڵ پێنج ملیار دیناری دیکە تەرخان کرا، ئەم بودجەیە زیاتر لە بوارەکانی ڕێگەوبان و ئاو و کارەبا و ئاوەڕۆ و کۆنکرێتی کۆڵانەکان و کەرتەکانی پەروەردەدا خەرج کراوە و، هەندێك لەو پرۆژانە تەواو بووە و هەندێکی دیکەیان چوونەتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە.

*** ئەی بۆ ساڵی ٢٠٢٣ چ پرۆژە و کارێکتان خستووەتە پلان و بەرنامەتانەوە و بەنیازن لە چ سێکتەرێکدا کاروچالاکی و پرۆژە ئەنجام بدەن؟**

- لە پلان و بەرنامەی کار و پرۆژەکانماندا بۆ ساڵی ٢٠٢٣ کۆبوونەوە و گفتوگۆمان لەگەڵ سەرجەم بەڕێوەبەرانی ناحیە و سەرۆکی شارەوانییەکان ئەنجام داوە، تا گرنگترینی ئەو پرۆژە و دەرخستانە ئامادە بکەین، کە لە ڕیزبەندی پێشەوەی داواکاری و خواستی هاووڵاتیان دێت و بۆ قەزاکەمان پێویستە.

*** باسی ئەوەت کرد قەزای خەبات ناوچەیەکی کشتوکاڵییە، بەڵام لە ئێستادا چەند کۆمپانیایەکی گەورەی پیشەسازی و نەوت و پاڵاوگەی تێدا دامەزراوە، پرسیار ئەوەیە تا چەند ئەم پرۆژە و پیشەسازییانە بۆ جێبەجێکردنی پرۆژە و دۆزینەوەی هەلی کار بۆ دانیشتووانی خەبات گرنگە؟**

- هەرچەندە گەورە کۆمپانیاکانی نەوت و پاڵاوتگە و کارەبا لە سنوورەکەماندا چەند قوتابخانە و بنکەیەکی تەندروستییان نۆژەن کردووەتەوە و یارمەتیی چەند جووتیار و کێڵگەیەکی کشتوکاڵییش دراوە، بۆ دامەزراندنی خانووی پلاستیکی، بە تایبەتی لە سنووری دارەشەکران، هەروەها چاککردنەوەی ڕێگەی کەورگۆسك و خەبات کە لەلایەن کۆمپانیای (کار)ـەوە جێبەجێ کراوە، بەڵام ئومێد و داواکاریی ئێمە لەمە زیاترە و داواکارین پرۆژە و کاری زیاتر لە سنوورەکەماندا ئەنجام بدەن، لایەنێکی گرنگی دیکە بۆ بوونی ئەم کۆمپانیا و کارگە گەورانە، دۆزینەوەی هەلی کارە، ڕاستە هەلی کاری باشیان دابین کردووە و خەڵکی سنوورەکەمان سوودی باشیان لە دابینکردنی کار وەرگرتووە، بەڵام لە پلان و بەرنامەدایە زیاتر لەگەڵیاندا گفتوگۆ بکەین، بۆ ئەوەی زۆرترین هەلی کار دابین بکەن، بە شێوەیەك لە نزیکترین گوندەوە و بۆ ناحیە،

**وەزارەتی کارەبا بە سوپاسەوە چەند پرۆژەیەکی گرنگی ئەنجام داوە، لەوانە چارەسەرکردنی گرفتی بارزۆری لە کەورگۆسک و سەنتەری قەزای خەبات، ئەمە جگە لە ڕاکێشانی تۆڕی کارەبا بۆ گەڕەکە نوێیەکان**

**بە هۆی وشکەساڵییەوە ئاستی ئاوی زێ دابەزیوە و چەندین بیری ئاوی خواردنەوە وشک بوون، هەرچەندە بیری دیکەمان لێ داوە و زیاتر لە ٥٠ کار و پرۆژەمان لەم ڕووەوە ئەنجام داوە**

**داوامان لە ڕێکخراوی** UNHCR **کردووە، پرۆژەیەکی ڕاکێشانی ئاو بۆ ناحیەی کەورگۆسک و ١١ گوندی لە زێی گەورەوە جێبەجێ بکات و تەنانەت سەرجەم ئەو گوندانەی لە نزیک زێی گەورەن، لە ئاوی زێ ئاوی خواردنەوەیان بۆ دابین بکرێت**



ڕێزبەندی هەلی کار دابین بکرێت، بێگومان بە ڕەچاوکردنی پێویستی و مەرجەکانیان.

*** قەزای خەبات خاوەنی گەورەترین وێستگەی هەڵمیی بەرهەمهێنانی کارەبایە، بۆیە دانیشتووانەکەی بەردەوام داواکارییان هەیە بەوەی کار و خزمەتگوزاریی کارەبای باش ئەنجام بدرێت، دەکرێت بزانین لەم ڕووەوە چی ئەنجام دراوە؟**

- کارەبا و ئاو ڕێزبەندی پێشەوەی خواست و داواکارییەکانی خەڵکییە، لەم کابینەیەدا گەورەترین وێستگەی هەڵمیی بەرهەمهێنانی کارەبا بە سوودوەرگرتن لە پاڵاوتگەی کار لە سنووری قەزاکەمان کاری پێ کراوە، وەزارەتی کارەبا بە سوپاسەوە چەند پرۆژەیەکی گرنگی ئەنجام داوە، لەوانە چارەسەرکردنی گرفتی بارزۆری لە کەورگۆسك و سەنتەری قەزای خەبات، ئەمە جگە لە ڕاکێشانی تۆڕی کارەبا بۆ گەڕەکە نوێیەکان، لەم هەفتەیەشدا پرۆژەی ڕووناککردنەوەی سەنتەری قەزاکە و ڕێگەی سەرەکیی ناو خەبات تا مەیدانی ماسییەکە دەست پێ دەکات، لە مەیدانی ماسییەکەش بۆ خوارەوە تا سەر ئاوی زێ، داوامان لە کۆمپانیا ئۆیکس کردووە کە لە ڕێگەی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانەوە بەڵێنیان پێ داوین، بەم نزیکانە جێبەجێ دەکرێت.

*** باسی ڕێگەوبانت کرد، بەو پێیەی لە سنوورەکەتاندا هاتوچۆ و بارهەڵگری زۆر هەیە، بە دڵنیاییەوە پێویستیتان بە پرۆژەی ڕێگەوبانی بەردەوام هەیە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە، تا چەند گرنگی بە ڕێگەوبانەکان دراوە و لە ساڵی ئاییندە چ پرۆژە و کارێکتان لەم ڕووەوە لەبەردەستدایە؟**

- لە قەزای خەبات و ناحیە و گوندەکانی ژمارەیەکی زۆر پرۆژەی ڕێگەوبان جێبەجێ

کراون، لەوانە شەقامێکی ٣٠ مەتری و چەندین شەقامی دیکە لە سنووری شارەوانیی کەورگۆسك و دروستکردنی شەقامی ڕێگەی گوندی گاینجی گەورە و گاینجی سەربەست لە سنووری ناحیەی دارەشەکران، لە گوندەکانیشدا ڕێگەی گوندی مام خەلان نۆژەن کرایەوە و، دیواری پاڵپشتی و ڕێگەی گوندی زەرگە زەوی و چاککردنەوەی ڕێگە و کۆڵانەکانی ناو گوندی زەرگە زەوی و چاککردنەوەی ڕێگەی گوندی ژیانی هاوچەرخ لە ناحیەی ڕزگاری و، قیرتاوکردنی شەقامی سەرەکیی گوندەکانی چالۆکی بچووك و گوندی سمایلاوە و چەندین ڕێگەوبانی دیکە لە ناحیەی ڕزگاری و کانی قرژاڵە و سێبیران. لە ناو سەنتەری قەزای خەباتیش چەندین شەقام و کۆڵان کۆنکرێت و قیرتاو کراون و، شەقامی ناوچەی پیشەسازی بە چینی ستاپلایزەر جێبەجێ کراوە و، گەڕەکەکانی کانی مام سنج و شەهیدانیش شەقامیان بۆ دروست کراوە. لە ڕووی ئاوەڕۆشەوە لە گەڕەکەکانی هەنجیرۆك و پشت شارەوانی و کشتوکاڵ و لە گوندی سێبیران و کۆمەڵگەی سێبیران پرۆژە ئەنجام دراوە.

*** جەختتان لەسەر ڕیزبەندیی پرۆژەکان کردەوە و ئاماژەتان بە ئاوی خواردنەوە کرد، کە بێگومان بە هۆی وشکەساڵی و دابەزینی ئاستی ئاوی زێی گەورەوە کێشەتان بۆ دروست بووە، ئایا گرنگترین پرۆژەتان لەم بوارەدا چییە؟**

- بە هۆی وشکەساڵییەوە ئاستی ئاوی زێ دابەزیوە و چەندین بیری ئاوی خواردنەوە وشك بوون، هەرچەندە بیری دیکەمان لێ داوە و زیاتر لە ٥٠ کار و پرۆژەمان لەم ڕووەوە ئەنجام داوە و لە ڕێگەی تەنکەرەوە خزمەتگوزاریمان بۆ هاوولاتیان دابین کردووە، لەم کاتەدا چەند پرۆژەیەکی ئاوی خواردنەوە لەناو سەنتەری قەزاکە لە قۆناغی جێبەجێکردندایە، بەڵام پێویستیمان بە لێدانی بیری نوێ و ڕاکێشانی پرۆژەی نوێی ئاوی خواردنەوە هەیە لە زێی گەورەوە بۆ ناو سەنتەری قەزا و ناحیەکان. داوامان لە ڕێکخراوی UN-HCR کردووە، پرۆژەیەکی ڕاکێشانی ئاو بۆ ناحیەی کەورگۆسك و ١١ گوندی لە زێی گەورەوە جێبەجێ بکات و تەنانەت سەرجەم ئەو گوندانەی لە نزیك زێی گەورەن، لە ئاوی زێ ئاوی خواردنەوەیان بۆ دابین بکرێت.

*** لە ڕووی گەشتیارییەوە چ پرۆژە و بەرنامەیەکتان لە بەردەستدایە، بە تایبەتی کە قەزای خەبات بە ناوچەیەکی گەشتیارییش دادەنرێت؟**

- هەڵکەوتەی جوگرافیای خەبات لە نێوان شارەکانی هەولێر و مووسڵ و دهۆك و بوونی زێی گەورە و غابات، ژینگەیەکی لەباری بۆ گەشتیاری دابین کردووە، بۆ ئەم مەبەستە ڕووبەرێکی زۆر فراوان و باشمان دەستنیشان کردووە بۆ پرۆژەی گەشتیاری و پرۆژەکە لە دەستەی وەبەرهێنان ئامادەیە، چاوەڕوانی وەبەرهێنێك دەکەین ئەو پرۆژەیە وەربگرێت و دەست بە جێبەجێکردنی بکات، ئەم پرۆژەیە دەبێتە هۆکارێك بۆ بووژانەوەی کەرتی گەشتیاری و بەدەستهێنانی هەلی کار و جووڵانەوەی کار و کاسبیی خەڵك، داواکارییەکیشم بۆ وەزارەتی شارەوانی هەیە بۆ ئەوەی گرنگی بە دارستان بدرێت و وەکو ساڵی ڕابردوو تیمێك بۆ پاککردنەوەی غابات و گرنگیدان پێی دامەزرێت.

*** ئەگەر باسێکی هەردوو سێکتەری پەروەردە و تەندروستیمان بۆ بکەیت، تا چەند گرنگی بەم بوارە دراوە و ئایا پێویستییەکانتان لەم دوو سێکتەرە گرنگە چین؟**


- چەندین بینایەی قوتابخانە لە ڕێگەی وەزارەتی پەروەردە و ڕێکخراوی خێرخوازیی بارزانی نۆژەن کراونەتەوە و، لە ڕێگەی پارێزگای هەولێرەوە دروستکردنی قوتابخانەیەکی ١٨ پۆلی بڕیاری لەسەر دراوە، لە ناحیەی کەورگۆسکیش قوتابخانەیەکی شەش پۆلی لەلایەن ڕێکخراوی (UNHCR) لەژێر ئەنجامداندایە، لە پلان بەرنامەشدایە زیاتر گرنگی بەم سێکتەرە بدەین، لە ڕووی کەرتی تەندروستییشەوە هەرچەندە بەردی بناغەی نەخۆشخانەیەکی ١٠٠ قەرەوێڵەیی بۆ خەبات دانراوە، بەڵام بە هۆی قەیرانی داراییەوە جێبەجێ نەکراوە، ئەم نەخۆشخانەیە بۆ قەزاکەمان زۆر پێویستە و بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستیی هەولێر پێی ڕاگەیاندووم لە هەوڵی ئەوەدان بودجەی بۆ دابین بکەن.

**ڕووبەرێکی زۆر فراوان و باشمان دەستنیشان کردووە بۆ پرۆژەی گەشتیاری و پرۆژەکە لە دەستەی وەبەرهێنان ئامادەیە، چاوەڕوانی وەبەرهێنێک دەکەین ئەو پرۆژەیە وەربگرێت و دەست بە جێبەجێکردنی بکات**

**چەندین بینایەی قوتابخانە لە ڕێگەی وەزارەتی پەروەردە و ڕێکخراوی خێرخوازیی بارزانی نۆژەن کراونەتەوە و، لە ڕێگەی پارێزگای هەولێرەوە دروستکردنی قوتابخانەیەکی ١٨ پۆلی بڕیاری لەسەر دراوە**

**هەرچەندە بەردی بناغەی نەخۆشخانەیەکی ١٠٠ قەرەوێڵەیی بۆ خەبات دانراوە، بەڵام بە هۆی قەیرانی داراییەوە جێبەجێ نەکراوە، ئەم نەخۆشخانەیە بۆ قەزاکەمان زۆر پێویستە و بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستیی هەولێر پێی ڕاگەیاندووم لە هەوڵی ئەوەدان بودجەی بۆ دابین بکەن**

دیمانەی تایبەت



**ڕۆبی باریت**

**توێژەری کاروبارە ئەمنییەکان لە زانکۆی کامبریج بۆ گوڵان:**

# ڕووسیا بەرەو ئەوە دەچێت ببێتە کۆلۆنیالێکی ئابووری و سەربازیی چین

**ڕۆبی باریت تویژەرە لە کۆڕبەندی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا لە زانکۆی کامبریج و خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە لە زانکۆی تێکساس بەدەستی هێناوە، شارەزا و تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، وەك تیرۆریزم و پرسە ئەمنییەکان، بزووتنەوە سیاسییەکان، سیاسەتی دەرەکیی ناوچەکە و پرسەکانی پەیوەست بە پرۆگرامە ئەتۆمییەکان. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد کە پتر پەیوەست بوون بە شەڕی ئێستای ڕووسیا و ئۆکرانیاوە.**

*** هەروەك ئاشکرایە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا چەندین پەرەسەندنی بە خۆیەوە بینیوە و چەندین دەرئەنجام و دەرهاویشتەی لەسەر ئاستی جیهانیش لێ کەوتووەتەوە، خوێندنەوە و تێڕوانینی ئێوە بۆ ئەم شەڕە چییە؟**

- سەرەتا دەبێت ئەو ڕاستییە بڵێم کە بۆ من مایەی سەرسوڕمان بوو کە سەرۆك ڤلادمیر پوتین ئەم شەڕە گەمژانەیە هەڵگیرسێنێت، چونکە سەرەڕای لاوازییەکانی ڕووسیا و سەرجەم ئەو کێشە ناوخۆییەکانی ئەو وڵاتە بەدەستیانەوە گرفتار بوو، وەك نەبوونی گەشەکردن و هەبوونی گەندەڵییەکی بەربڵاو و نەبوونی دارایی تەرخانکراو بۆ بنیادنانەوەی ژێرخانی وڵاتەکە، ئەوا هێشتا داهاتێکی بەرچاوی بەدەست دەهێنا، بە هۆی فرۆشتنی نەوت و غازەوە و لەسەر ئاستی جیهانیش وەك دووەم گەورەترین و بەهێزترین هێزی سەربازی لێی دەڕوانرا، بەڵام بە هۆی هەڵگیرسان و درێژەپێدانی ئەم شەڕەوە ئێستا دۆخێکی خوڵقاندووە کە ئەم وێنەیەی ڕووسیا لەسەر ئاستی جیهانی تێکبشکێت. واتە ئەم شەڕە پەردەی لەسەر دۆخی ڕاستەقینەی نێو ڕووسیا هەڵماڵی، مەبەستم ئەوەیە پێشتریش ئێمە دەمانزانی کە گەندەڵی لە نێو ئەو وڵاتەدا بوونی هەیە، بەڵام نەماندەزانی بە چەشنێکە کە بنچینە و بناغەی هەموو شتێکی هەڵتەکاندووە، کەواتە ئێستا ئەم ڕووکار و توێژاڵە هەڵماڵدرا و چیتر ڕووسیا وەك دووەم گەورەترین هێزی سەربازی لەسەر ئاستی جیهانی لێی ناڕوانرێت، و ڕەنگە بتوانین بڵێین دووەم گەورەترین هێزی سەربازییە لە نێو ئۆکرانیادا. کەواتە ئەوەی ناچێتە عەقڵەوە ئەوەیە بڕیارێکی لەم چەشنە هەڵەیە بدات، هەروەها ئەوەندە بێ ئاگا و بێ

**چیتر ڕووسیا وەک دووەم گەورەترین هێزی سەربازی لەسەر ئاستی جیهانی لێی ناڕوانرێت، و ڕەنگە بتوانین بڵێین دووەم گەورەترین هێزی سەربازییە لە نێو ئۆکرانیادا**

**ئەم بڕیارە و ئەم بڕارەیەی سەرۆک پوتین بەرجەستەکاری بوونی سەرکردەیەکە کە لە جیهان دابڕاوە و بێ ئاگایە لەوەی لە چواردەوریدا چی ڕوودەدات**

**شتێک کە سەرۆک ڤلادمیر پوتین تێیدا بە تەواوەتی بە هەڵەدا چوو، ئەوە بوو کە پێی وابوو سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کەسێکی بەساڵاچووە و کاردانەوەیەکی ئەوتۆی نابێت و ناتوانێت ئیدارەی دۆخەکە بکات**

زانیاری بێت لەبارەی لاوازییەکانی پەیوەست بە سوپا و هێزی سەربازیی وڵاتەکەیەوە. کەواتە ئەگەر وەڵامەکە پوخت بکەینەوە، ئەوا ئەم بڕیارە و ئەم بڕارەیەی سەرۆك پوتین بەرجەستەکاری بوونی سەرکردەیەکە کە لە جیهان دابڕاوە و بێ ئاگایە لەوەی لە چواردەوریدا چی ڕوودەدات و چی دەگوزەرێت. بە دەربڕینێکی دیکە ئەو هیچ بیرۆکەیەکی نەبوو کە سوپاکەی بەو چەشنە ئەدایەکی لاوازی هەبێت و خۆڕاگر نەبێت.

*** بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی سەرۆك ڤلادمیر پوتین هێندە پێداگری دەکات لەسەر درێژەپێدان و بەردەوامیدان بەم شەڕە، سەرباری هەموو شکست و زیانە سەربازییانە و سەرەڕای چەندین پاشەکشەی سوپاکەی لە خاکی ئۆکرانیادا؟**

- سەرۆك پوتین هێندە توانایەکی داهێنانکارانەی نییە کە ڕێگاچارەیەك بدۆزێتەوە و هەلومەرجێك بخولقێنێت کە بە هۆییەوە وڵاتەکەی بە دوور بگرێت لە زیانێکی هەمیشەیی، چونکە ئەوەتا سەدان هەزار کەس ڕووسیا بەجێ دەهێڵن، لە کاتێکدا بنیادنانەوە و بووژاندنەوەی ئەو وڵاتە پێویستی بەو کەسانە هەیە. کەواتە ئەوەی جێی سەرسوڕمانە ئەوەیە کە خۆی خستووەتە دۆخێکی لەم چەشنەوەوە و بەردەوامیشە لە بنکۆڵکردن و لاوازکردنی پێگەی جیهانی و نێودەوڵەتی ڕووسیا. دەبێت لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین کە چیتر هیچ وڵاتێك متمانە بە ڕووسیا ناکات، بەلای کەمەوە تا ئایندەیەکی نزیك. دواتر دەبێت ئاماژە بەو ڕاستییەش بکەین کە ئەمە لە ڕووی مێژووییەوە کێشە و گرفتێك بووە کە دەسەڵاتداران و حوکمڕانەکانی ڕووسیا بەدەستییەوە گرفتار بوون. چونکە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی پیتەری مەزن، یان پوتروسی گەورە، ئەوا لەو کاتەشدا ئەو وڵاتە تەکنەلۆژیا و ڕاهێنان و مەشقی سەربازیی ڕۆژئاوای هاوردە کردووە، چونکە نەیتوانیوە وەك پێویست ئەم کارە لە نێوخۆی وڵاتەکەدا ئەنجام بدات، سەرۆك پوتینیش لەم دۆخەدا بوو، بەڵام لەم ڕاستییە تێنەگەیشت. مەبەستم ئەوەیە سەرۆك پوتین بە تەواوەتی خوێندنەوەیەکی هەڵەی کرد بۆ هێز و توانا سەربازییەکەی سوپای وڵاتەکەی لە ئاست ڕۆژئاوا، بەتایبەتی لە ئاست ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا. شتێك کە سەرۆك ڤلادمیر پوتین تێیدا بە تەواوەتی بە هەڵەدا چوو، ئەوە بوو کە پێی وابوو سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کەسێکی بەساڵاچووە و کاردانەوەیەکی ئەوتۆی نابێت و ناتوانێت ئیدارەی دۆخەکە بکات، بەڵام نابێت ئەوەمان لە یاد بچێت کە جۆ بایدن لە ساڵی ١٩٧٣وە لە نێو حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا کار دەکات، کە دەنگی لەسەر بەرژەوەندیی سەرجەم ئەم بڕیارانە داوە کە پەیوەست بوون بە هەناردەکردن و جێگیرکردنی سیستەمی چەکەوە لە ئەورووپا. لێرەدا مەبەستم ئەوەیە بڵێم پوتین تووشی بە هەڵەتێگەیشتن بوو و پێی وابوو کە سەرۆك جۆ بایدن کەسێکی لاوازە و پیاوێکی بە ساڵاچووە و زوو دەست هەڵدەگرێت و وازدەهێنێت، بەڵام پوتین بە تەواوەتی بە هەڵەداچوو لەم ڕووەوە. کەواتە جارێکی دیکە دووبارە و دووپاتی دەکەمەوە کە ئاستی بێئاگایی و بەهەڵەداچوونی سەرۆك ڤلادمیر پوتین جێی سەرسوڕمان و هەڵوەستەلەسەر کردنە.

*** کەواتە وەسفێکی وردە ئەگەر بڵێین ڕووسیا نەك تەنیا ئامانجە ڕاگەیەندراوەکانی لەم شەڕەدا بەدەست نەهێنا، بەڵکو ئەم شەڕە دەرئەنجام و ئاکامی پێچەوانەی لێکەوتەوە بۆ ڕووسیا؟**

- بەڵێ، ئێمە دەتوانین بڵێین کە ڕووسیا باشترین خەڵکی وڵاتەکەی لە دەست دەدات، ئەوەتا سەدان هەزار کەسی بەتوانای ڕووسیا وڵاتەکەیان جێهێشتووە و بە سەدان هەزار کەسیشی لە نێو ڕیزەکانی سوپای وڵاتەکەدا بە کوشت داوە. من دەڵێم بە کوشتی داون، چونکە تەنانەت جلوبەرگ و گۆرەوی و جلی ژێرەوەشی بۆ دابین نەکردبوون و چەکی بەسەرچووی بۆ دابین کردبوون، ئێوە لەوە بڕوانن کە ئەوەتا ڕووسیا ناتوانێت چەکی پێویست بۆ شەڕکردنەکە دروست بکات و بەرهەم بهێنێت و ئەوەی جێی باوەڕپێکردن نییە، ئەوەیە کە ناچار بووە چەك لە ئێران بکڕێت. دواتر ئێوە لە وڵاتی ڕووسیا بڕوانن کە ڕووبەرێکی چەند بەرفراوانی هەیە و دانیشتووانی زیاتر لە ١٤٠ ملیۆن کەس دەبن، بەڵام زۆربەی ئەو سەربازانەی لە سەرەتای شەڕەکەوە ڕەوانەی بەرەکانی شەڕ کراون، سەربازی ئەو ناوچانەن کە زۆربەی دانیشتووانەکانیان موسڵمانن و کەمتر سەربازانی



شاره گەورەکانی وەك مۆسکۆی ڕەوانە کرد بۆ شەڕەکە، ئەمەش لە ڕووی مێژووییەوە ڕاستە و تەنانەت پوتروسی گەورەش ئەم کارەی دەکرد و ئەمەش ڕەگەزپەرستییە و لەو تێڕوانینەوە سەرچاوەی گرتووە کە ڕووسەکان لە پێکهاتەکانی دیکە باڵاترن، ئێستاش ناچار بووە سەربازانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکە ڕەوانە بکات بۆ شەڕی ئۆکرانیا، کە ئەو ناوچانەی دانیشتووانێکی کەمیان هەیە، بەڵام سەرچاوەیەکی زۆری نەوت و غازیان هەیە. لەم ڕوانگەیەوە پێم وایە گەورەترین سەرچاوەی مەترسی و هەڕەشە بۆ ڕووسیا ئۆکرانیا نابێت، هەروەها ناتۆش نابێت، بەڵکو لە چینەوە سەرچاوە دەگرێت، لەبەر ئەوەی چین ئەو سەرچاوە سرووشتییانەی پێویستە و ڕووسیاش تا ڕاددەیەکی زۆر سوپای وڵاتەکەی لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتدا نەهێشتووە و لەم ڕووەوە چین گەمەی چاوەڕوانی دەرهەق بە ڕووسیا دەکات و ژمارەی دانیشتووانی ڕووسیاش کە ١٤٠ ملیۆنە ڕێژەیەکی کەمی دانیشتووانی وڵاتی چین پێکدەهێنێت و لەم ڕووەوە دەتوانین بڵێین ڕووسیا لە پرۆسەی ئەوەدایە کە ببێتە کۆلۆنیالێکی ئابووری و سەربازیی چین و پێموایە ئەمە پلانی چینیشە، دواتر ئێوە بڕوانن کە چین نەوت و غازی ڕووسیا بە داشکاندنێکی زۆر گەورە دەکڕێت، چونکە پوتین شوێنێکی دیکەی نییە ڕووی تێ بکات. ئەمەش هەڵەیەکە کە زەحمەتە بتوانیت وێنای بکەیت کە کەسێك لەم پۆستەدا ئەنجامی بدات.

*** ئاشکرایە کە هەر لە سەرەتای شەڕەکەوە و تاوەکو ئێستاش ڕۆژئاوا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە دیاریکراوی سزای ئابووری و دارایی گەورەیان بەسەر ڕووسیادا سەپاندووە، ئێوە چۆن لە کاریگەری و کارایی ئەم سزایانە دەڕوانن؟**

- سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێین کە سەپاندنی ئەم سزایانە نەبوونەتە هۆی ئەوەی یان با بڵێین ڕووسیایان ناچار نەکرد کە دەستبەجێ پاشەکشە بکات و لە ئۆکرانیا بکشێتەوە، بەڵام ئەگەر ئێمە لە کاریگەری و دەرئەنجامە دوورمەوداکانی بڕوانین، ئەوا ڕووسیا دابڕێنراوە لە ئابووریی جیهان، ڕاستە هێشتا ڕووسیا نەوت دەفرۆشێت، بەڵام ئەوەی پەیوەست بێت بە دەستهێنانی تەکنەلۆژیاوە لەلایەن ڕووسیاوە، ئەوا تووشی گرفت بووەتەوە و تەنانەت چینیش خۆی بە دوور دەگرێت لەوەی هێڵە دیاریکراوەکان ببەزێنێت لەم ڕووەوە، لەبەر ئەوەی دەزانێت دەبێت ڕووبەڕووی دەرئەنجامەکانی ببێتەوە، پێم وایە لە ئایندەشدا ئابووریی ڕووسیا بەرەو داکشان دەچێت.

**ڕووسیا ناتوانێت چەکی پێویست بۆ شەڕکردنەکە دروست بکات و بەرهەم بهێنێت و ئەوەی جێی باوەڕپێکردن نییە، ئەوەیە کە ناچار بووە چەک لە ئێران بکڕێت**



**نادر هاشمی**
بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی دەنڤەر بۆ گوڵان:

# ئەمریکا لەسەر بنەمای حیساباتی کورتبینانەی بەرتەسک و کورتخایەن سیاسەتەکانی لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست داڕشتووە

# دیمانەی تایبەت

**نادر هاشمی بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە سکوولی جۆزێف کەربۆڵ بۆ دیراساتی نێودەوڵەتی لە زانکۆی دەنڤەر، شارەزا و تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگە، وەك تیۆری سیاسی، پرسەکانی پەیوەست بە سیاسەت و ئایین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پەیوەندیی نێوان ئایین و ئیسلام، و سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا شرۆڤە کرد، کە پەیوەندیدار بوون بە دۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کاریگەریی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا لەسەر ئەم ناوچەیە و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار.**

*** چۆن لە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا دەڕوانیت، بە تایبەتی لە ڕووی دەرهاویشتە جیهانییەکانی ئەم شەڕە و کاریگەری و دەرئەنجامەکانیشی لەسەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و، ئایا پێت وایە کاریگەرییەکی گەورە و درێژخایەنی لەسەر ئەم ناوچەیە هەبووە؟**

- سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێین کە خودی بارودۆخی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە چەشنێکە، کە تاریکی باڵی بەسەردا کێشاوە و ئەوەی جێی داخە ئەوەیە کە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا بووەتە هۆی برەودان بە دەسەڵات و دەستڕۆیشتوویی، یان با بڵێین کاریگەریی وڵاتە بەرهەمهێنەرەکانی نەوت لە ناوچەکەدا، بە تایبەتی وڵاتە پاشانشینییەکانی ئەم ناوچەیە و بە دیاریکراوی عەرەبستانی سعودیە لەسەر کاروبارە جیهانییەکان. ئێمە بینیمان کە لە ماوەی ڕابردوودا سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (جۆ بایدن) ئەو لێدوان و ڕەخنانەی فەرامۆش کرد کە لە دژی شازادەی جێنشینی سعودیە (محەمەد بن سەلمان) دابووی و، تەنانەت سەردانی ئەو وڵاتەی کرد و لەگەڵیدا کۆبووەوە و داوای لێ کرد کە هاوکار بێت بۆ زیادکردنی هەناردەی نەوت لە پێناو دابەزاندنی نرخی نەوت لە جیهاندا. کەواتە ئێستا ئەم وڵاتە بەرهەمهێنەرانەی نەوت هەست دەکەن دەستڕۆیشتوویەکی زیاتریان هەیە لە ئاست وڵاتانی جیهاندا، بە تایبەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و، ئامادەشن بەکاری بهێنن. کەواتە دەکرێت ئاماژە بەوە بکەین کە یەکێك لە دەرئەنجامەکانی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا بەرزبوونەوە و هەڵکشانی نرخی نەوت

**بارودۆخی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە چەشنێکە، کە تاریکی باڵی بەسەردا کێشاوە و ئەوەی جێی داخە ئەوەیە کە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا بووەتە هۆی برەودان بە دەسەڵات و دەستڕۆیشتوویی، یان با بڵێین کاریگەریی وڵاتە بەرهەمهێنەرەکانی نەوت لە ناوچەکەدا**

**یەکێک لە دەرئەنجامەکانی شەڕی رووسیا و ئۆکرانیا بەرزبوونەوە و هەڵکشانی نرخی نەوت بوو لە بازاڕەکانی جیهاندا، ئەو وڵاتانەشی کە بەرهەمهێنەری نەوت بوون، لەم بارودۆخە سوودمەند بوون**

**ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە سایەی ئیدارەی سەرۆک جۆ بایدن درێژە بە هەمان سیاسەتی پێشوو دەدات لە ئاست ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا**

**ئەوەی تا ئێستا ئەمریکا بانگەشەی بۆ کردووە، بریتییە لە پەرەپێدانی دیموکراسی و برەودان بە مافەکانی مرۆڤ و پابەندبوون بە یاسای نێودەوڵەتی و پاراستنی ئەو سیستمە جیهانییەی لەسەر بنەمای ڕێساکان بنیاد نراوە، بەڵام ئەوەی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پیادەی دەکات، تەواو پێچەوانەیە**

بوو لە بازاڕەکانی جیهاندا، ئەو وڵاتانەشی کە بەرهەمهێنەری نەوت بوون، لەم بارودۆخە سوودمەند بوون.

*** ئەی چۆن لە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆک جۆ بایدن لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەڕوانیت؟**

- لە ڕاستیدا من پێم وایە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە سایەی ئیدارەی سەرۆک جۆ بایدن درێژە بە هەمان سیاسەتی پێشوو دەدات لە ئاست ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، مەبەستم ئەوەیە کە قسە و باسێکی زۆر دەکرێت لە بارەی ئەوەی کە ئەمریکا لەم ناوچەیە دەکشێتەوە و جێی دەهێڵێت، بەڵام ئەمریکا دەیان بنکەی سەربازیی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە، ئەگەرچی بەم دواییە لە ئەفغانستان کشایەوە و پێشتریش هێزێکی زۆری لە عێراق کشاندەوە، ئەمریکا زۆر پابەندە بە پاراستنی بارودۆخی هەنووکەیی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، واتە پشتگیری لە دەوڵەتە دۆستەکانی لە ناوچەکەدا دەکات و پاڵپشتییەکی بێ مەرجی ئیسرائیل دەکات و هەوڵی پاشەکشەپێکردنی دەستڕۆیشتوویی ئێران دەدات لە ناوچەکەدا، لە ڕاستیدا کێشە، یان پرسی سەرەکی بۆ ئیدارەی جۆ بایدن لەم ناوچەیەدا، ئەوەیە بگاتە ڕێککەوتنێک لە بارەی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێرانەوە، کە ئەگەرچی لە ماوەی ڕابردوودا هەندێک بەرەوپێشچوون بەدی هات لەم ڕووەوە، بەڵام پێم وایە هێشتا ڕێگەیەکی دوور و درێژیان لە پێشە بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێک لەم بارەیەوە. کەواتە ئەگەر وەڵامەکە پوخت بکەمەوە، ئەوا پێم وانییە ئەمریکا بە چەشنێکی بەرچاو سیاسەتەکانی لە ئاست ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گۆڕیبێت، بەڵکو تەنیا گۆڕانکارییەک کە بەدی بکرێت، ئەوەیە کە ئیدارەی پێشوو بە سەرۆکایەتیی دۆناڵد ترەمپ لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەگەڵ ئێران کشایەوە و دواتر ئیدارەی بایدن هەوڵی دا بگەڕێتەوە بۆ نێو ئەو ڕێککەوتنە، یان ئەنجامدانی ڕێککەوتنێکی نوێ لەگەڵ ئێراندا، بە ئومێدی ئەوەی ڕێککەوتنێکی لەم چەشنە ببێتە هۆی برەودان بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لەم ناوچەیەدا.

*** باشە پێت وایە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بتوانێت بە شێوەیەکی بنیادنەر مامەڵە لەگەڵ کێشە و دژواری و تەحەددییەکانی ئەم ناوچەیەدا بکات؟**

- سەرەتا پێم وایە پێویستە ئەوەی ئەمریکا دەیڵێت بیکاتە کردار، چونکە ئەوەی تا ئێستا ئەمریکا بانگەشەی بۆ کردووە، بریتییە لە پەرەپێدانی دیموکراسی و برەودان بە مافەکانی مرۆڤ و پابەندبوون بە یاسای نێودەوڵەتی و پاراستنی ئەو سیستمە جیهانییەی لەسەر بنەمای ڕێساکان بنیاد نراوە، بەڵام ئەوەی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پیادەی دەکات، تەواو پێچەوانەیە، چونکە لە کێشەی فەڵەستین و ئیسرائیلدا یاسای نێودەوڵەتی تەواو پشتگوێ خستووە، هەروەها پشتیوانی لە ڕژێمە دیکتاتۆرەکانی ئەم ناوچەیە دەکات و داراییان بۆ دەستەبەر دەکات، کەواتە بە داخەوە هەمیشە ئەمریکا لەسەر بنەمای حیساباتی کورتبینانەی بەرتەسک و کورتخایەن سیاسەتەکانی لە ئاست ئەم ناوچەیەدا دادەڕێژێت و پیادەیان دەکات، واتە ستراتیژیەتێکی جیهانیی درێژخایەنی نییە، چونکە دەبێت ئێمە ئاماژە بەوە بکەین کە کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە بنەڕەتدا کێشەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و پرسی پەیوەست بە پەرەپێدانەوەن، چونکە دەبێت ئێمە ئەوە بزانین کە ئەم ناوچەیە بە دەست هەژارییەکی بەربڵاوەوە دەناڵێنێت. هەروەها ئێستا کێشەی ژینگەشی هاتووەتە سەر و پلەکانی گەرمە لەم ناوچەیەدا بەرەو بەرزبوونەوە دەچن، بە چەشنێک کە لە چەند ساڵی داهاتوو هەندێک شوێنی ئەم ناوچەیە بە کەڵکی ژیان نامێنن، چونکە پلەکانی گەرما زۆر بەرز دەبنەوە و تووشی بێ ئاوی دەبن.

*** لە ڕابردوودا هەمیشە باس لەوە دەکرا کە یەکێک لە کێشە بنەڕەتییەکانی ئەم ناوچەیە کە کاریگەریی نەرێنی لەسەر تێکڕای وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەبوو، بریتی بوو لە کێشەی فەلەستین و ئیسرائیل، بەڵام ئێستا ئیسرائیل پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەندێ لە وڵاتانی عەرەبیی ئەم ناوچەیە ئاسایی کردووەتەوە، ئایا پێتان وایە تا چەند ئەم پەرەسەندنە کاریگەریی باشی لەسەر**



**سەقامگیری و بەرەوپێشچوونی ئابووریی ئەم ناوچەیە هەبووە؟**

- ئەگەر وەڵامێکی ڕاستەوخۆ و ڕاشکاو بدەمەوە، ئەوا دەبێت بڵێم: نەخێر، پێم وانییە ئەم ڕێککەوتنانەی ئیسرائیل لەگەڵ ئەم وڵاتانەدا هۆکارێك بووبێت بۆ هێنانەئارای سەقامگیری لە ناوچەکەدا، بەڵکو پێم وایە دەرئەنجامی پێچەوانەیان لێ دەکەوێتەوە و سەردەکێشن بۆ ناسەقامگیریی سیاسی، لەبەر ئەوەی ئەم ڕێککەوتنانە لە نێوان گەلانی ئەم وڵاتانەدا نەکراون، دواتر کێشەی فەلەستین بە تەواوەتی فەرامۆش کراوە و ئەم ڕێککەوتنانەش هیچ خزمەتێکی بەو کێشەیە نەکرد. هەر چۆنێك بێت، ئەم ڕێککەوتنانە لە بەرژەوەندیی ئیسرائیل و حوکمڕانەکانی ئەو وڵاتانەن کە واژوویان کردووە، بەڵام دووپاتی دەکەمەوە پێم وایە کاریگەری نەرێنییان لەسەر ئاشتی و سەقامگیریی ئەم ناوچەیە دەبێت، لەم ڕوانگەیەوە من پێم وانییە ئەم ڕێککەوتنانە درێژە بکێشن، چونکە هەر کاتێك حوکمڕانەکانی ئەو وڵاتانەی ئەم ڕێککەوتنانەیان لەگەڵ ئیسرائیلدا واژوو کردووە، لە دەسەڵاتدا نەمان، ئەوا ئەم ڕێککەوتنانەش کۆتاییان پێ دێت و لە ئارادا نامێنن.

*** کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە چەشنێك ئاڵۆزن و، قەیرانەکان بە ڕادەیەك قووڵ و قورسن، کە هەندێ جار ئەو تێڕوانینە دروست دەبێت کە ناتوانرێت ئەم کێشانە چارەسەر بکرێت، واتە هەندێك نائومێدی دروست دەبن، بە تایبەتی کە ئاماژە بەوە دەکرێت کە تەنانەت بەهاری عەرەبییش نەبووە هۆی ئەوەی حوکمڕانییەکی باش لەم وڵاتانەدا بەدی بهێنرێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە دۆخی هەندێ وڵات بەرەو کوشتار و کاولکاری چوو، بۆچوونی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- لە ڕاستیدا هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێ کرد، دۆخەکە تاریکی باڵی بەسەردا کێشاوە و نائومێدی و نارەزاییەکی زۆر لە ئارادایە، سەرەڕای ئەوەش کە بەهاری عەرەبییش نەیتوانی دەرئەنجامی خوازراوی لێ بکەوێتەوە، بەڵام تاوەکو حوکمڕانەکانی وڵاتانی ئەم ناوچەیە نەتوانن لە ئاست ئومێد و چاوەڕوانییەکانی خەڵکدا بن و ئایندەیەکی باشتر بۆ گەلەکانیان دابین نەکەن، هەمیشە ئەگەری سەرهەڵدانەوەی بەهارێکی دیکەی عەرەبی لە ئارادا دەمێنێت، چونکە کەس پێشبینی ئەوەی نەدەکرد کە لە ساڵی ٢٠١١دا بەهاری عەرەبی سەرهەڵبدات، بەڵام بە هۆی نارەزاییە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانەوە دۆخەکە بەو شێوەیە پەرەی سەند، دواتر لەبەر ئەوەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دانیشتووانێکی زۆری گەنجی بێکاری هەیە و لەبەر ئەوەی لە هەموو ڕوویەکەوە گرفتارن، ئەوا دەست دەکەن بە نارەزایەتی دەربڕین و خۆپیشاندان، بەو چەشنەی کە ئێستا لە ئێراندا بەدی دەکەین.

**ئەمریکا زۆر پابەندە بە پاراستنی بارودۆخی هەنووکەیی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، واتە پشتگیری لە دەوڵەتە دۆستەکانی لە ناوچەکەدا دەکات و پاڵپشتییەکی بێ مەرجی ئیسرائیل دەکات و هەوڵی پاشەکشە پێکردنی دەستڕۆیشتوویی ئێران دەدات لە ناوچەکەدا**



## دادوەر کاوە فەتحی مەعسووم

سەرۆکی داواکاریی گشتی بۆ گوڵان:

# کاری زۆر بۆ پارێزگاریکردن لە موڵکی گشتی کراوە

**ناکرێت نکۆڵی لە گرنگیی ئەرك و کارەکانی دەزگایەکی گرنگی وەك دەزگای داواکاریی گشتی بکرێت، لەم ڕوانگەیەوە و بۆ ئاشنابوون بە کار و ئەرك و پەیکەربەندیی ئەم دەزگایە و کارابوون لەو ڕۆڵ و بەرپرسیارێتییەی بە گوێرەی یاسا بۆی دیاری کراوە، گوڵان دیدارێکی لەگەڵ دادوەر کاوە فەتحی مەعسووم سەرۆکی داواکاریی گشتی ئەنجام دا.**

*** با لە سەرەتاوە بپرسین ئایا ئەرك و کارەکانی داواکاریی گشتی چی دەگرێتەوە؟ هەیکەلی دامەزراوەکەتان چۆنە و دەسەڵاتەکانتان چەندە؟**

- دەزگای داواکاریی گشتی یەکێکە لە دەزگاکانی دەسەڵاتی دادوەری و، وەك دەزانن لە هەموو دەوڵەت و حکومەتێکدا دەسەڵاتی دادوەری یەکێکە لە سێ دەسەڵاتەکە کە پێیان دەڵێن دەسەڵاتی یاسادانان و دەسەڵاتی دادوەری و دەسەڵاتی جێبەجێکردن، ئێمەش وەك دەزگای داواکاریی گشتی یەکێکین لە پێکهاتەکانی دەسەڵاتی دادوەری، کە پێکهاتە و لایەنێکی سەرەکییە لە دەسەڵاتی دادوەری لە کوردستاندا، لەبەر ئەوەی داواکاریی گشتی نوێنەرایەتیی کۆمەڵگە و چاودێریی شەرعییەت و سەرپەرشتیی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی دادگا دەکات، هەر بۆیە ئەگەر ئێمە بمانەوێت یاسا سەروەر بێت، یان بڕیارەکانی دادگا وەك خۆی جێبەجێ بکرێن و ئەو بڕیارانەی لە لای دادوەران دەردەچن، بەپێی یاسا بن، ئەوا هەموو ئەمانە دەکەونە ژێر چاودێریی داواکاریی گشتییەوە. داواکاریی گشتی لەم لایەنەوە سەرپەرشتی و چاودێریی جێبەجێکردنی ئەو یاسایانە دەکات. لەلایەکی دیکەوە بوونی داواکاریی گشتی وەك دەزگایەك لە ناو هەرێم پێویستییەکی گرنگ و گەورەیە و ئەرك و کارەکانی داواکاریی گشتییش بەپێی یاسایی داواکاریی گشتی ژمارە (١٥٩)ی ساڵی ١٩٧٩ی بەرکار لە هەرێمی کوردستان دیاری کراوە، کە لە ماددەی (١)دا باس لە ڕێکخستنی کارەکانی دەزگای داواکاریی گشتی دەکات لە پاراستنی دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان، هەروەها بەشداریکردن لە دادگاکان و دۆزینەوەی تاوانکاری بە خێرایی و کارکردن لەسەر زوو بەڕێوەچوونی داواکان لە دادگاکان بە بێ دواکەوتن. هاوکات وەك دەزگایەکی چاودێریی گرنگ چاودێریی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی دادگا دەکات کە بەپێی یاسا بەڕێوەبچێت، لەلایەکی دیکەوە داواکاریی گشتی هەڵسەنگاندنی یاسا بەرکارەکان دەکات بۆ ئەوەی بزانێت لەگەڵ بارودۆخی هەنووکەیی دەگونجێت یان نا و بەشداری دەکات لە پاراستنی خێزان و منداڵ. بەپێی ماددەی (٢٥/یەکەم) لە یاسای داواکاریی گشتی ئەوە دەزگای داواکاریی گشتی پێکدێت لە:

أ- سەرۆکی داواکاریی گشتی.

ب- دوو جێگر بۆ سەرۆکی داواکاریی گشتی .

ج- لە هەر دادگایەکی تاوان، داواکارێکی گشتی، یان زیاتری هەیە.

د – چەند داواکاری گشتی لە سەرۆکایەتیی داواکاری گشتی دەبێت کە لە ئێستادا سێ دەستەی تاوانی گەوران هەیە و لە هەر یەکێکیان دوو داواکاری گشتی کاری تێدا دەکەن، بە سەرۆکایەتیی جێگری سەرۆکی داواکاریی گشتی، هەروەها دوو دەستەی نەوجەوانان هەیە کە هەر یەکێکیان دوو داواکاری گشتی کاری تێدا دەکەن لە سەرۆکایەتیی داواکاریی گشتی و بە سەرۆکایەتیی سەرۆکی داواکاریی گشتییە.

ه – جێگرانی داواکاری گشتی کە لە دادگاکان کار دەکەن.

*** کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگیی زۆری بە چاکسازی، بەتایبەتی کۆنترۆڵکردنی بەهەدەردانی موڵکی گشتی و کۆکردنەوەی داهات و کۆنترۆڵکردنی خەرجییەکان داوە، ئەمە تاچەند بۆ ئێوە گرنگە و چۆن کاری لەسەر دەکەن؟**

**ئەگەر ئێمە بمانەوێت یاسا سەروەر بێت، یان بڕیارەکانی دادگا وەک خۆی جێبەجێ بکرێن و ئەو بڕیارانانەی لە لای دادوەران دەردەچن، بەپێی یاسا بن، ئەوا هەموو ئەمانە دەکەونە ژێر چاودێریی داواکاریی گشتییەوە**

**لە هەر پارێزگایەک لێژنەی مافی گشتی هەیە و پێداچوونەوە دەکات بۆ بابەتی زێدەڕۆیی لەسەر سامان و موڵکی گشتی و زەوی و هەر بابەتێکی دیکەی پەیوەست بە موڵکی گشتی هەبێت**

**داواکاریی گشتی پێداچوونەوە لە بەهەدەردانی سامانی گشتی دەکات، تاوەکو بتوانێت بەسەر ئەم حاڵەتانەدا زاڵ بێت**

هەر دادگاییەک بە بێ بوونی داواکاری گشتی ئەنجام بدرێت، ئەوە بڕیارەی ئەو دادگایە پووچەڵە

بەدواداچوونی کەموکورتیی خزمەتگوزارییەکان یەکێکە لە کارەکانی دەزگای داواکاریی گشتی و داواکاریی گشتی بەردەوام کار لەسەر ئەو لایەنە دەکات

لە سایەی سەروەریی یاسا و کار و بەدواداچوونی بەردەوام و ورد لە لایەنی ئێمە و لایەنی پەیوەندیداری دیکەوە، بەتایبەت لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ توانراوە زیاتر پارێزگاری لە موڵکی گشتی بکرێت

- زۆر ڕوون و ئاشکرایە کەوا دەزگای داواکاریی گشتی وەك دەزگایەکی گرنگی چاودێری بە بەردەوامی چاودێریی ئەو بابەتە دەکات لە ڕێگای لێژنەکانی مافی گشتی. کە لە هەر پارێزگایەك لێژنەی مافی گشتی هەیە و پێداچوونەوە دەکات بۆ بابەتی زیدەڕۆیی لەسەر سامان و موڵکی گشتی و زەوی و هەر بابەتێکی دیکەی پەیوەست بە موڵکی گشتی هەبێت. جگە لەمەش لە سەرۆکایەتیی داواکاریی گشتی دەستەی مافی گشتی هەیە کە ئەمەشیان بە هەمان شێوە لەم بارەوە کار دەکات. زۆر نموونەی بینراو هەیە بۆ بەدواداچوونی دەزگای داواکاریی گشتی لە ڕاگرتنی پرۆژە و هەڵگرتنی زیدەڕۆیی لەسەر زەویی کشتوکاڵی، یان نیشتەجێبوون بێت. داواکاری گشتی پێداچوونەوە لە بەهەدەردانی سامانی گشتی دەکات، تاوەکو بتوانێت بەسەر ئەم حاڵەتانەدا زاڵ بێت. بە هەمان شێوە داواکاری گشتی لە ناو هەموو دادگایەکی سزایی و تەنانەت لە دادگا مەدەنییەکانیشدا هەیە، ئەگەر داوایەك پەیوەندیدار بێت بە سامانی گشتی و دەوڵەتەوە و لەمبارەوە هەر بڕیارێك لە دادگاکان دەربچێت، ئەوە دەبێت داواکاری گشتی ئاگاداری ئەو بڕیارە بێت، واتە هەر دادگاییەك بە بێ بوونی داواکاری گشتی ئەنجام بدرێت، ئەوە بڕیارەی ئەو دادگایە پووچەڵە، پاشان کە بڕیار لە دادگایەك دەردەچێت، دەکەوێتە ژێر تانەلێدانی داواکاریی گشتی بۆ ئەوەی بزانرێت ئەو بڕیارە کە دەرچووە، یاساییە، یان بە پێچەوانەی یاسایە. ئەمانە هەر هەمووی داواکاریی گشتی ئاگادارە و هیچ سنوورێکی بۆ دانانرێت، جگە لەوانەی یاسا خۆی ڕێکی خستووە.

*** ماوەیەکە هەماهەنگی و پەیوەندییەکانتان لەگەڵ وەزارەت و دامەزراوەکانی حکومەت زۆر بووە، ئایا تاچەند ئەمە دەبێتە بنەمایەك بۆ کاری هاوبەش و پێشکەوتنی کارەکانتان؟**

- سەرۆکایەتیی داواکاریی گشتی بە بەردەوامی نووسراو سەردان و کۆبوونەوە لەگەڵ وەزارەتەکان و دامودەزگا و فەرمانگەکانی حکومەت دەکات، ئەمەش بۆ بەدواداچوونی کارەکانیانە و هەماهەنگیی باشیش لەگەڵ هەموو دامودەزگاکانی حکومەت هەیە لە پێناوی زیاتر خزمەتکردنی خەڵکی کوردستاندا.

*** لە دادگاکانی کوردستان هەندێك کەیس هەیە چارەسەر نەبووە و درێژ بووەتەوە، هۆکاری ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- بۆ ئەو کەیسانەی کە لە دادگا کۆتاییان پێ نەهاتووە، یان چارەسەر نەبوون، هۆکار زۆرن کە هەندێکیان پەیوەندی بە زۆریی کەیسەکان هەیە لە دادگا و بەشێك لە دۆسێیەکان پەڕاوەکانیان تەواو نەبووە بۆ ئەوەی دەست بە دادگاییکردن بکرێت و دۆسێیەش هەن پەیوەستن بە لایەنی داواکان و.. تاد هەیە.

*** تا چەند دەسەڵاتەکانتان بەدواداچوون بۆ کەموکورتیی خزمەتگوزارییەکان لەخۆی دەگرێت؟**

- بەدواداچوونی کەموکورتیی خزمەتگوزارییەکان یەکێکە لە کارەکانی دەزگای داواکاریی گشتی و کەموکوورییەکی خزمەتگوزاریدا بە مەبەستی زانینی هۆکارەکەی و چارەسەرکردنیان داواکاریی گشتی پەیوەندی بە لایەنی پەیوەندیدار لە دامودەزگاکانی حکومەت دەکات.

*** ئایا تاوانە گەورەکانی کوشتن و ڕێکخراوەیی تاوانکاری وەکو تاوانی داعش و کوشتن و تەسفیەکردنی کەسەکان لەلایەن دامەزراوێکی دیاریکراوەوە دەچێتە خانەی بەدواداچوونەکانتان و لەم ڕووەوە چیتان کردووە؟**

- بەپێی ماددەی (١٦) لە یاسای داواکاریی گشتی ژمارە (١٥٩)ی ساڵی ١٩٧٩ی بەرکار لە هەرێمی کوردستان کە ئەمجۆرە داوایانە لە دادگاکانی تاوان و نەوجەوانان دەنێردرێت بۆ سەرۆکایەتیی داواکاریی گشتی بۆ بەدواداچوون بۆ بڕیارەکانی دادگا، لە پاشان بۆ پەسندکردنی، یان هەڵوەشاندنەوەی بەپێی یاسا.

*** پەیوەندییەکانتان لەگەڵ پەرلەمان و هەماهەنگی بۆ دەرچوونی یاساکان چۆنە؟**

- هەماهەنگیی نێوان پەرلەمانی کوردستان و دەزگای داواکاریی گشتی لە ئاستێکی باشە، هەروەها بۆ ئاڵوگۆڕی بیروڕا لە نێوان پەرلەمانی کوردستان و دەزگای داواکاریی گشتی دەربارەی پرۆژە یاساکان کە پەیوەستن بە مافی گشتی لە پەیوەندی و هەماهەنگیی بەردەوامداین و پرس و ڕا دەگۆڕینەوە بۆ بەهێزکردنی یاساکە تاوەکو بەرژەوەندی و مافی گشتی تێدا پارێزراو بێت.

*** کۆنترۆڵی زیادەڕۆیی لەسەر موڵکی گشتی و زیانگەیاندن بە بەرژەوەندیی هاووڵاتیان بە کوێ گەیشتووە؟**

- وەك لە پێشتریش ئاماژەمان پێ دا، نەهێشتنی زێدەڕۆیی لەسەر موڵکی گشتی ئەوە یەکێك لە کارە سەرەکییەکانی دەزگای داواکاریی گشتییە کە زۆر بە جددی و بە بەردەوامی کار و بەدواداچوونی لەسەر دەکات، کە ئەمەش لەپێناو بەرژەوەندیی مافی گشتی و هاووڵاتیانە و بۆ گەڕانەوە و زێدەڕۆیینەکردن لەسەر موڵکی گشتی و هاووڵاتیان، کار و هەنگاوی جددی و باش نراون، هاوکات لە سایەی سەروەریی یاسا و کار و بەدواداچوونی بەردەوام و ورد لە لایەنی ئێمە و لایەنی پەیوەندیداری دیکەوە، بەتایبەت لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ توانراوە زیاتر پارێزگاری لە موڵکی گشتی بکرێت و، بەرژەوەندیی هاووڵاتیانیش وەك هەق و مافیان لەبەرچاو بگیرێت.

*** ماوەیەکە بێسەروبەریی زۆر لە سۆشیال میدیا و پەیج و کەناڵی تەلەفزیۆنی هەیە، کە کێشەی گەورەی بۆ ئاشتیی کۆمەڵایەتی دروست کردووە، لەم ڕووەوە چیتان کردووە؟**

- بۆ ئەو مەبەستە کار و بەدواداچوونی بەردەوامان هەیە و دەزگای داواکاریی گشتی سەبارەت بەو بابەتەوە نووسراوی ئاراستەی وەزارەتی گەیاندن کردووە و بەدواداچوونی جددی و وردیش هەیە لەسەر هەر پێشێلکارییەك لەو بارەیەوە، بەتایبەتی کە کێشەی ئاشتیی کۆمەڵایەتی بۆ کۆمەڵگەکەمان دروست بکات.

هەروەها یاسای ڕۆژنامەگەری و یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردنمان هەیە کە مۆبایل و فەیسبوك و ئەنتەرنێت و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان دەگرێتەوە، لە یاساکاندا هەموو پێشێلکاری و لادانێك دیار و ڕوونن، ئەگەر هاتوو یەکێك بەو ڕێگایانە خەڵکێکی دیکەی هەراسان کرد و تەشهیری بەرانبەر یەکێك ئەنجام دا کە ئەمەش دەبێتە مافی کەسی و تایبەت و لە پاش تۆمارکردنی سکاڵا لەلایەن ئەو کەسەی هەراسان کراوە، لەو کاتەدا دادگا بەپێی یاساکە کاری بۆ ئەنجام دەدات و ئێمە وەك داواکاریی گشتی ناتوانین لە جیاتی ئەو کەسە سکاڵا تۆمار بکەین. بەڵام داواکاریی گشتی لە کاتێکدا دەتوانێت دەستێوەردان بکات، کە بە ڕاستی مەسەلەکە ببێتە هەڕەشەیەك لە دژی ئاشتیی کۆمەڵایەتی، دژی ئابووری و ئاسایشی گشتی، یان لە ڕێگای هۆکارەکانی ڕاگەیاندن، چ تەلەفزیۆن، یان ڕادیۆ، یان ئینتەرنێت، بە هەر شێوازێك شتێك بڵاو بکرێتەوە و زەرەر و زیان لە ئاسایش و سەقامگیری و ئابووریی هەرێمی کوردستان بدات، یان هێرشێك بێت لە دژی ئاسایشی کۆمەڵگە و بیەوێت سەقامگیریی کوردستان لەناو ببات، یان بیخاتە مەترسییەوە، ئەو کاتە داواکاریی گشتی بە ئەرکی خۆی هەڵدەستێت و سکاڵا لەسەر ئەو لایەنە تۆمار دەکات کە ئەم هەڕەشەیەی دروست کردووە، چونکە داواکاریی گشتی لەو کات و حاڵەتەدا نوێنەرایەتیی کۆمەڵگە دەکات.



**یاسای ڕۆژنامەگەری و یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردنمان هەیە کە مۆبایل و فەیسبوک و ئەنتەرنێت و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان دەگرێتەوە، لە یاساکاندا هەموو پێشێلکاری و لادانێک دیار و ڕوونن**

# جەنگ و ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان ڕاسپاردە ژینگەییەکان لەبیر جیهان دەبەنەوە

ناکۆکیی نێوان ئەمریکا و چین زیان بە ڕێککەوتننامەی بەرەنگاربوونەوەی گۆڕانکارییەکانی ئاو و هەوا دەگەیەنێت.

بەپێی هەواڵێکی ئاژانسی ڕۆیتەرز، نێردراوی تایبەتیی ئەمریکا بۆ دۆسیێی گۆڕانکارییەکانی ئاو هەوا ڕایگەیاند کە بڕیاری چین بە بڕیاری هەڵپەساردنی گفتۆگاکانی لەگەڵ ئەمریکادا لە بارەی گۆڕانکارییەکانی ئاو و هەواوە، سزادانی ئەمریکا نییە بە تەنیا، بەڵکو سزادانی هەموو جیهانە.

وەزیری پێشووتری دەرەوەی ئەمریکا کە بە یەکێك لە گەورە دیپلۆماتکارەکان دادەنرێت و هەر خۆیشی ڕاسپێردراوە بۆ دۆسیێی گۆڕانکارییەکانی ئاو و هەوا لە حکومەتی ئێستای جۆ بایدن، دەڵێت: «نابێت بە هۆی ناکۆکیی نێوان دوو دەوڵەتەوە، دەوڵەتێك ڕێگر بێت لەو پێشکەوتنانەی کە لە دۆزە گرنگ و سنووربڕەکاندا بەدی هاتوون».

هەروەها دەڵێت: «هەڵپەساردنی هاوکاریی سزایەك نییە بە تەنیا بۆ ئەمریکا، بەڵکو سزایەکە بۆ هەموو جیهان بە گشتی و بۆ وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان بە تایبەتی».

هەروەها پەرەسەندنەکانی جەنگی نێوان ڕووسیا و ئۆکرانیا و، بەکارهێنانی جۆرەها چەك و تەقەمەنیی ترسناك بە ئاراستەی خۆڵقاندنی کارەساتێکی ژینگەییە کە لە ئێستاو ئایندەشدا مرۆڤایەتیی باجەکەی دەدات.

بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی (وۆڵ ستریت جۆڕنال)ی ئەمریکی شارەزایانی ژینگە دەیان پێگەیان دیار کردووە کە ئاسەواری پیسکردنیان لەسەر دەرکەوتووە، بەهۆی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانەوە کە ساڵانێکی لە کات پێویست دەبێت بۆ پاککردنەوەیان و بۆ دوورخستنەوەی کاریگەرییەکانیان لەسەر ژینگە و تەندروستیی مرۆڤ، ئەوەش بە هۆی پیسبوونی ئاو و هەوا و خاك بە ماددەکانی ئەمۆنیا و گەردی چیمەنتۆی باڵەخانە وێرانکراوەکان و ئەسبێستۆس و کانزا قورسەکانی وەك قورقوشم و کادمیۆم، ئەمە جگە لەوەی کە بۆمب و مووشەکە نەتەقیوەکانیش دەبنە هۆی پیسکردنی ڕێڕەوە ئاوییەکان و زۆر ماددەی کیمیایی ژەهراویشیان لێ دەردەچێت بۆ نێو پێکهێنەرەکانی ژینگە، ئەمە سەرباری بۆردومانە چەند بارەکان و مینە چێنراوەکانیش کە دەبنە هۆی ئاگرکەوتنەوە لە نێو دارستان و پاوانەکاندا.

هەروەها بە دەیان کانە بەجێهێڵدراوەکانی دەرهێنانی خەڵووزیش مەترسیی لەسەر ئاوی ژێر زەوی دروست دەکەن، چونکە زۆربەی ئەم کانانە ماددەی تیشکاوەر و کانزای قورسی وەك جیوە و زەرنیخ لەخۆ دەگرن.

ئەمە جگە لەوەی کە ئەم جەنگەی نێوان ڕووسیاو ئۆکرانیا کاریگەریی هەیە لەسەر هەوڵەکانی جیهان بۆ کەمکردنەوەی دەرهاویشتەکان و وەستان لە بەکارهێنانی سووتەمەنیی بەردین لە ساڵی ٢٠٥٠دا، بە هۆی ئەوەی گرتنەوەی غازی ڕووسیا، وڵاتانی ئەورووپای ناچار کردووە بۆ پەنابردنە بەر بەکارهێنانی سووتەمەنیی وەك خەڵووزی بەردین و نەوتی ڕەش و تەنانەت بڕینەوەی دار و درەختیش لە هەندێك ناوچەدا، هەروەها بەگەڕخستنەوەی وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا لە ڕێگەی کارلێکەرەکانی وزەی ئەتۆمی.

لە بەرانبەر ئەم بارودۆخەدا ناتوانرێت وزەی خاوێن کراو بکرێت کە ڕێگەی دەربازبوونە بە



**عەبدولڕەحمان سدیق**

بۆ گوڵانی نووسیوە

شێوەیەکی ڕێژەیی بۆ کەمکردنەوەی کاریگەریی دەرهاویشتەکان، هەرچەندە هێشتا لە زۆر شوێنیشدا سەرچاوەی وزەی نوێبووەوە بەردەست نییە بە شێوەیەکی یەکسان بۆ گشت وڵاتان، بەڵام بۆ ئایندە دابینکردنی ئابوورییەکی سەوزی بەردەوام هەر ئەوە دەخوازێت کە وڵاتان دوور بکەونەوە لە جەنگ و ململانێ و بەرژەوەندیی تەسکی ئابووریی و لە گلەیی و گازاندە لە یەکدی کردن، بۆ ئەوەی هەرچی زووترە هەنگاو بنێن بەرەو سەرچاوەی وزەی خاوێن. بۆیە عێراقیش وەك وڵاتێك کە دەیان ساڵ گیرۆدەی جەنگ و شەڕ و ململانێی سەربازی بووە، لە ئێستادا هەنگاو دەنێت بەرەو قۆناغەکانی دوای جەنگ، بە تایبەت دوای ئەوەی لە ٢٠٢٠/٩/٢٢ پەرلەمانی عێراق ڕەزامەندیی دا کە عێراق بچێتە نێو ڕێککەوتننامەی پاریس.

بەپێی ماددەی ٤ بڕگەی ١٢ لە ڕێککەوتننامەی پاریس، بەڵگەنامەی پشکدارییە نیشتمانییە دیار کراوەکان کە هەر وڵاتێك دەینێرێت، لە تۆمارێکدا هەڵدەگیرێت.

بەڵگەنامەی پشکدارییە نیشتمانییە دیارکراوەکانی عێراق کە هەرێمی کوردستانیش لە ڕێگەی دەستەی ژینگەوە تیایدا بەشدار بووە لە ئامادەکردنیدا، لە ٢٠٢١/١٠/١٥ دراوەتە سکرتاریەتی ڕێککەوتننامەکە، کە هەتا ئێستا نزیکەی ١٩٤ وڵات بەڵگەنامەی پشکدارییە نیشتمانییە دیارکراوەکانی خۆیان تۆمار کردووە.

بەڵگەنامەی پشکدارییە نیشتمانییە دیارکراوەکانی عێراق کە لەلایەن لێژنەی نیشتمانی بۆ گۆڕانکارییەکانی ئاو و هەوا بۆ ماوەی شەش ساڵ کاری لەسەر کراوە لەلایەن لێژنەی نیشتمانی بۆ گۆڕانکارییەکانی ئاو و هەوا لە وەزارەتی ژینگەی عێراق و نوێنەری دەستەی ژینگەی هەرێمی کوردستان و نوێنەری وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی عێراق و بە هاوکاریی بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدان کار لەسەر ئامادەکردنی کراوە، دەستەی ژینگەی هەرێمی کوردستانیش سەرۆکایەتیی لێژنەیەکی هاوشێوە دەکات لە هەرێمی کوردستاندا بۆ گۆڕانکارییەکانی ئاو و هەوا.

بەڵگەنامەی پشکدارییە نیشتمانییە دیارکراوەکانی عێراق بریتییە لە سیاسەتی باڵای عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە لە بارەی گۆڕانکارییەکانی ئاو و هەوا بۆ ماوەی ١٠ ساڵی نێوان ٢٠٢٠ هەتا ٢٠٣٠ی زایینی.

بەپێی ئەم بەڵگەنامەی پشکدارییە نیشتمانییە درێژخایەنە، سیاسەتی ژینگەیی لە ڕووی گۆڕانکارییەکانی ئاو و هەواوە بۆ ساڵانی داهاتوو دیار دەکرێت لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا، کە خۆی لە چڕکردنەوەی کارەکان دەبینێتەوە بە شێوازیی پلە بە پلە بۆ ڕووکردنە وزە نوێبووەوەکان و بەکارهێنانی وزەی خاوێن بە مەبەستی کەمکردنەوە و دابەزاندنی دەرهاویشتە گەرمکارەکان و هەنگاونان بەرەو ئابوورییەکی سەوزی بەردەوام و، ئامادەکردنی کۆمەڵگەیەکی پارێزراو لە ڕووی ژینگەییەوە و فەراهەمکردنی سەقامگیریی ژینگەیی بۆ نەوەکانی داهاتوو.

بەم جۆرە دەردەکەوێت ژینگە تەنیا لە سایەی سەقامگیری و ئاشتی و ئارامیدا پارێزراو دەبێت و، لەکاتی جەنگ و ململانێ و پێکدادانی سەربازییشدا، وێڕای زیانە گیانییەکان، ژینگە قوربانیی گەورەی جەنگ و پێکدادانەکانە.


بەڵێ
بەڵێ



# خانمان دەستکەوتێکی مەزن لە کۆنگرەی 14ی پارتی تۆمار دەکەن

**پارتی دیموکراتی کوردستان بە درێژایی مێژووی دروستبوونی لە خەباتی سیاسی و چەکداری و هزری، بە چەندین قۆناغی سەخت و دژوار و جیاوازدا تێپەڕیوە، کە هەریەکە لەو قۆناغانە وەرچەرخانی بەهێزبوونی کوردستان بوون. پارتی ١٤ کۆنگرەی بە سەرکەوتوویی بەستووە، یەکەمین کۆنگرەی لە ١٦ی ئابی ١٩٤٦ لە شاری بەغدا بەسترا. ڕۆژی (٣ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢)، کۆنگرەی ١٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە شاری دهۆك بە بەشداریی نزیکەی هەزار ئەندام بەڕێوە چوو. ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە ڕێژەی ٢٥٪ی ئەندامانی کۆنگرە ئافرەت بوون. واتە خانمان لەم کێبڕکێیەدا توانییان بە دەنگی خۆیان سەرکەوتنی گەورە تۆمار بکەن. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان دڵخۆشیی خۆیان بۆ ئەو سەرکەوتنە دەردەبڕن.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

پارتی دیموکراتی کوردستان لە پرسی گرنگیدان بە پێگەی ئافرەتان سەرقافڵە بووە و لە کۆنگرەی چوار بۆ یەکەم جار خانمێك بە هەڵبژاردن بوو بە ئەندامی لێژنەی پشکنین و چاودێری و لە شەستەکانی سەدەی ڕابردووشدا ناهیدەی شێخ سەلام بوو بە ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی و لە کۆنگرەی ١٣شدا پێنج ئافرەت وەك سەرکردایەتیی پارتی و یەکێکیش بە یەدەگ هەڵبژێردران.

ئەمڕۆ بە گوێرەی پەیڕەو و پڕۆگرامی پەسەندکراوی پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕێژەی کۆتای ئافرەتان لە کۆمیتەی ناوەندی پارتیدا بۆ ١٥٪ زیاد کرا، حەوت ئافرەت بە دەنگی خۆیان بوون بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و یەکێکیش وەکو یەدەك دەستنیشان کرا.

ئاشنا بابان مامۆستای زانکۆیە و لە دەستپێکی وتەکانیدا هێما بۆ ئەوە دەکات کە: «کۆنگرەی پارتی کۆنگرەیەکی جیاواز بوو، لە پاش ١٢ ساڵ کە بە هۆکاری جیاواز و هاتنی داعش و بڵاوبوونەوەی کۆرۆناوە دواخرابوو، بەڵام خۆشبەختانە کۆنگرەی ١٤ بەسترا و بە سەرکەوتوویی ئەنجام درا. کۆنگرە هۆکارێك بوو بۆ تازەبوونەوە و گۆڕانکاری، بە خۆشحاڵییەوە ئەم کۆنگرەیە ڕێژەیەکی بەرچاو لە خانمان تیایدا بەشدار بوون، لە کەشوهەوایەکی ئازاد و دیموکراسیدا کێبڕکێیان کرد، خۆشبەختانە هەندێك لەو کاندیدە ئافرەتانە توانییان سەرکەوتوو بن، هاوکات کۆمەڵێك گەنج لەو پرۆسەیەدا ئامادە بوون و خۆیان کاندید کردبوو، بە گشتی جۆرە نوێبوونەویەك و جیاوازییەکی بەرچاو و ئاشکرا بە کۆنگرەی ١٤ی پارتییەوە دیار بوو، هەڵبژاردنی حەوت ئەندام لە کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئافرەتان دەستکەوتێکی گرنگ و جێگەی بایەخە، کە ژنان زیاتر بواریان پێ بدرێت لە سەرکردایەتیکردندا هاوبەش بن و لە ناوەندی بڕیارەکاندا ئامادەییان هەبێت، ئەوەی گرنگە لە دوای کۆنگرە، کردار و ڕۆڵ بینینی ئەو کۆمەڵە ئافرەتەیە کە توانست و هەوڵی خۆیان بۆ چەسپاندنی مافەکانی ژنان، خەمی یەکەمیان بێت و داکۆکیکارێکی سەرسەخت بن لە پێناو بەدەستهێنانی یەکسانی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و بەرنامە و کاری نوێیان بۆ جێبەجێکردنی هەبێت، چونکە ئەوان ئیدی نوێنەرایەتیی ئافرەتانی ناو کۆمەڵگەی کوردی دەکەن و ئەرکیان قورستر دەبێت و لە بەرامبەر بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی ئافرەتاندا بەرپرسیارێتییان هەیە». گوتیشی: «ئەو گۆڕانکارییەی ئەم جارەی کۆنگرەی ١٤ی پارتی و بەرەوپێشچوونی ئاستی ئافرەتان لە حزب و ئۆرگانەکاندا هۆکارێکە بۆ نوێگەرایەتی و گۆڕانکاری لە داهاتووی پرۆسەی سیاسیدا، ئەو هەنگاوە دەستپێشخەرییەکی گرنگە بۆ هاندانی بەشداری و هاوبەشیی زیاتری ئافرەتان لە بواری سیاسی و حزبایەتیدا کە بتوانن

**بە گشتی جۆرە نوێبوونەویەک و جیاوازییەکی بەرچاو و ئاشکرا بە کۆنگرەی ١٤ی پارتییەوە دیار بوو، هەڵبژاردنی حەوت ئەندام لە کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئافرەتان دەستکەوتێکی گرنگ و جێگەی بایەخە**

**ئەوەی گرنگە لە دوای کۆنگرە، کردار و ڕۆڵ بینینی ئەو کۆمەڵە ئافرەتەیە کە توانست و هەوڵی خۆیان بۆ چەسپاندنی مافەکانی ژنان، خەمی یەکەمیان بێت و داکۆکیکارێکی سەرسەخت بن لە پێناو بەدەستهێنانی یەکسانی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و بەرنامە و کاری نوێیان بۆ جێبەجێکردنی هەبێت**

خۆیان بدۆزنەوە و تواناکانیان بەدیار بخەن و، هەوڵ و ماندووبوونیان بەدیار بکەوێت و چیتر پەراوێز نەخرین و، بواری زیاتر بدرێت بە خۆسەلماندنی ئافرەتان و بەرەوپێشچوونیان، دیارە هەر کۆمەڵگەیەك لەسەر ئاستی جیهان ڕێژەی بەشداریی ئافرەتی کەم و پەراوێزخراو بێت، ئەوا ئەو کۆمەڵگەیە کۆمەڵگەیەکی ناکامە و کەموکوڕی زۆری پێوە دیار دەبێت، هاوکات بەرانبەر بە جێبەجێکردنی ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی پەیوەست بە دابینکردنی مافەکانی ژنان و یەکسانی و دادپەروەری و کاری سیاسیی ژنان لە کایە گشتی و هەستیار و ناوەندەکانی بڕیار، بەردەوام لە ژێر گومان و چاودێری دەبێت».

د. نادیە تەلعەت سەرۆکی بەشی جوگرافیا لە کۆلیژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین، سەبارەت بە هەمان پرس سەرەتا بە بۆنەی سەرکەوتنی کۆنگرەی ١٤ی پارتی، پیرۆزبایی لە سەرۆك مسعود بارزانی و هەردوو جێگرانی سەرۆك و تەواوی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی دەکات و پیرۆزبایی لە خانمان دەکات بۆ تۆمارکردنی ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی لە کۆنگرە بەدەستیان هێنا، هاوکات گوتی: «خانمان لەناو کایەی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان هەر لە سەردەمی دروستبوونیەوە تاوەکو ئەمڕۆ ڕۆڵێکی کارا و بەرچاویان گێڕاوە و دەگێڕن، هەموو کات لە جێبەجێکردنی کار و ئەرکەکانیان پێشەنگن و ڕۆڵی خانمان لە بەڕێوەبردنی پرۆسەی سیاسی هاوشانی ڕۆڵی پیاوانە». گوتیشی: «هێنانە پێشەوەی خانمان و بەشداری و پاڵپشتیکردنیان لە کۆنگرەی ١٤ی پارتیدا لەلایەن سەرۆك مسعود بارزانی کە مەرجەعی کوردانە گرنگییەکی تایبەتی پێ دراوە، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە پارتی دیموکراتی کوردستان لە گشت کایە سیاسییەکاندا باوەڕی تەواوی بە هێز و تواناکانی خانمان هەیە. ئومێدەوار و خوازیارم بۆ قۆناغەکانی داهاتوو خانمان متمانەی زیاتریان پێ ببەخشرێت و بەرپرسیارێتی باشتریان پێ بسپێردرێت، تاوەکو هەنگاو بە هەنگاو هاوشانی پیاوان لە تۆمارکردنی سەرکەوتنی یەکجارەکی بەشدار بن. خوازیارین».

ناسك سەعید بەرپرسی ڕاگەیاندنی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان، جەخت لەوە دەکاتەوە کە «پارتی وەکو حزبێکی کاریگەر و خاوەن هەژموون لە ناوچەکە و لە کوردستاندا، هەمیشە ڕۆئیا و دنیابینیی جیاوازی بۆ تەواوی ئەو پرسانە هەبووە کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، بۆ نموونە پرسی ئافرەتان یەکێکە لەو پرسانەی کە پارتی لە ساتەوەختی دامەزراندنیەوە بە گرنگییەوە سەیری کردووە، کاتێك یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان لەسەر ڕاسپاردەی بارزانیی باوك دادەمەزرێت، نیشانەی ئەوەیە کە پارتی دەیەوێت ئافرەت بەشدارییەکی کارای لە پرۆسەی سیاسی و پلاندانان و ئاراستەکردنی هەبێت، جیاوازتر لە هەموو حزبەکانی دیکە پارتی پێگەیەکی بەهێزی بۆ ئافرەت داناوە و یەکەم ئافرەت کە هاتە ناو سەرکردایەتی پارتی خوالێخۆشبوو ناهیدەی شێخ سەلام بوو، ئەمەش وای کردووە کە هەمیشە پارتی ببێتە ناوەندێك کە تێیدا ئافرەت گەشە بکات و بگەنە ئەو ئاستەی کە خۆیان دەیانەوێت، تاوەکو لە چوارچێوەی ئەو ئەجندایەی کە پارتی بڕوای پێی هەیە، مومارەسەی کاری سیاسیی خۆیان بکەن».

ناسك سەعید لە درێژەی وتەکانیدا گوتی: «ئەمڕۆ لە کۆنگرەی ١٤ی پارتیدا ئافرەتان بە ڕێژەی ١٥٪ لە کۆنگرە بەشداربوون، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پارتی لەگەڵ ڕەوتی پێشکەوتنەکانی سەردەم هەنگاو دەنێت، ئەو ڕێژەیەش تەنیا بۆ ناو کۆنگرە نییە، بەڵکو دواتر ئەو دەسەڵاتە شۆڕ دەبێتەوە بۆ ناو دامەزراوەکانی دیکەش، ئەمەش بۆ هەموو ئافرەتان جێگەی دڵخۆشییە، لە هەمان کاتیشدا ئەمە دیوێکی جوانی پارتی پیشانی جیهان دەدات، بەوەی کەوا حزبێکی تەمەن ٧٦ ساڵ، بەڵام بە عەقڵییەتێکی مۆدێرن و پێشکەوتوو، باوەڕی بەوە هەیە کە دەبێت ئافرەت ئەو کاراکتەرە بەهێزە بێت کە بە حەقیقی ڕۆڵی خۆی ببینێت. بۆیە جارێکی دی ئافرت لە ناو پارتیدا بە تمووح و گوڕوتینێکی زیاترەوە کاردەکەن و دەتوانن وەکو کاراکتەرێکی سەرەکی ڕۆڵی یەکلاکەرەوە ببینن و وێنایەکی جوان پیشانی کوردستان و جیهان بدەن».

**ئەو گۆڕانکارییەی ئەم جارەی کۆنگرەی ١٤ی پارتی و بەرەوپێشچوونی ئاستی ئافرەتان لە حزب و ئۆرگانەکاندا هۆکارێکە بۆ نوێگەرایەتی و گۆڕانکاری لە داهاتووی پرۆسەی سیاسیدا**

**هەر کۆمەڵگەیەک لەسەر ئاستی جیهان ڕێژەی بەشداریی ئافرەتی کەم و پەراوێزخراو بێت، ئەوا ئەو کۆمەڵگەیە کۆمەڵگەیەکی ناکامە و کەموکوڕی زۆری پێوە دیار دەبێت**

**خانمان لەناو کایەی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان هەر لە سەردەمی دروستبوونیەوە تاوەکو ئەمڕۆ ڕۆڵێکی کارا و بەرچاویان گێڕاوە و دەگێڕن**

# لە خانەقین تەعریب گەیشتووەتە ئاستێک ٢٤ قوتابخانەی کوردی داخراون و خەریکە خوێندنی کوردی بەرەو نەمان دەچێت

دوای تێپەڕبوونی پێنج ساڵ بەسەر ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر، هێشتا کێشەی چۆڵبوونی چەندین گوندی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان چارەسەر نەبووە و کێشەی دیکەشی بە دوای خۆیدا داهێناوە. لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس و ڕزگارکردنی عێراق لە دیکتاتۆریەت بەعەرەبکردن چڕتر بووە.

لە سنووری قەزای خانەقین مەترسیی تەعریب بە ئاشکرا لە زیادبووندایە و لە دوای ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر ٤٢٨٠ خێزانی کورد، ٢٤ گوندی سنووری ناوچە جێناکۆکەکانی دیالەیان چۆڵ کردووە و عەرەب تێیدا نیشتەجێ کراون. لە بەدواداچوونێکی گۆڤاری گوڵان سەبارەت بەو پیلانە ناڕەوایە هاووڵاتییانی دانیشتووی خانەقین بەمجۆرە باس لە کێشەکە دەکەن.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



خانەقین شارێکی کوردییە و دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئیدارەی گەرمیان و لە چوار ناحیە پێك دێت کە بریتین لە (خانەقین، مەیدان، بەمۆ، قۆرەتوو) و خانەقین ناوەندی قەزاکەیە. وەك دەبیندرێت تەعریب بەمیکانیزمێکی نوێ بەردەوامە و ئەم پرۆسەیەش کاریگەریی زیاتری لەسەر گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم. هەیە. بەپێی ڕووداوەکان مەترسیی تەعریب بە دوو ئاراستەدا دەڕوات، یەکەمیان ئەو ناوچانەی دەوروبەری خانەقین کە تاوەکو ئێستا بە تەواوی تەعریب نەکراون، دووەمیان گەڕەکەکانی نێو شارەکەیە. ناحیەی سەعدییە، جەلەولا و مەندەلی بە تەواوی تەعریب کراون و کوردیان تێدا نەماوە، ئێستا ناوچەکانی دەوروبەری قەزای خانەقین هەڕەشەی تەعریبکردنیان لەسەرە کە بریتین لە مێخاس، نەفتخانە، کانی ماسی و پەلکانە. تەعریب گەیشتووەتە ئاستێك ٢٤ قوتابخانەی کوردی داخراون و خەریکە خوێندنی کوردی بەرەو نەمان دەچێت.

لە دوای خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان پرۆسەی تەعریب بەشێوەی جیاجیا بەردەوامی هەیە و حکومەتی عێراقیش ڕێگری لە تەعریبەکە ناکات.

لە کاتێکدا خانەقین و ناحییەکانی سەعدییە، جەلەولا، جەبارە، قەرەتەپە و مەندەلی بەشێکن لە سنووری ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق، لە بەرامبەردا کوردانی ناوچەکە داوا دەکەن گواستنەوەی نفوس لە ناوچەکانی دیکەوە بۆ ئەو ناوچەیە رابگیرێت، چونکە گواستنەوەی نفوس، پێچەوانەی ماددە دەستورییەکانە.

خانەقین بە درێژایی مێژووی پڕ سەروەریی گەلەکەمان قوربانی زۆری داوە، لە قۆناغە سەختەکاندا رووبەرووی (جینۆساید و تەعریب و تەرحیل)بووەتەوە.

رووبەرە فراوانەکەی ئەم شارە ١٨٠ کیلۆمەترە، هەر لە مەندەلی و شارەبانەوە درێژ دەبێتەوە تا سنووری شارەوانی کەلار و ناحیەکانی سەعدییە و جەلەولا و قۆرەتوو و مەیدان و بەمۆ و قەرەتەپە و جەبارە، یەکەمین قۆناغی ئەنفال لە ساڵی ١٩٧٥ لە خانەقینەوە دەستی پێکرد و زیاتر لە ١٦٠ گوند رووخێندران و خەڵکەکەی راگوێزران و خاکەکەشی تەعریب کرا، بەڕادەیەك لە ناوەندی



**لە دوای ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر ٤٢٨٠ خێزانی کورد، ٢٤ گوندی سنووری ناوچە جێناکۆکەکانی دیالەیان چۆڵ کردووە و عەرەب تێیدا نیشتەجێ کراون**

**دۆخی خانەقین پێش ١٦ی ئۆکتۆبەر و پاش ١٦ی ئۆکتۆبەر دوو دۆخی تەواو جیاوازن، پێش ١٦ی ئۆکتۆبەر دۆخی ناوچە کوردستانییەکان بە گشتی و خانەقین بە تایبەتی دۆخێکی سەقامگیر بوو، بەڵام دوای ئەو ڕووداوە تەواو ناجۆر بووە**

**ئێستا زۆربەی ئەو گوندانەی کە لە دەوروبەری خانەقینن، بە تایبەت ئەو گوندانەی دەکەونە بەشی باشووری خانەقین بەرەو دیالە و ناوچەی مەندەلی تەواو لە کورد داماڵدراون**

شاریش هێرشەکانی تەعریب و ڕاگواستن زۆر بەتوندی دەستی پێکرد، ئەمەش بەهۆکاری ئەوەی زۆربەی دانیشتووانی خانەقین کوردن و پێگەی جوگرافیای شارەکەش گرنگی و بایەخی خۆی هەیە، ئەم شارە لە مێژووی کۆن و نزیکدا دەروازەی عێراق بووە بۆ ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، ناوچەیەکی دەوڵەمەندە بە پیترۆڵ و غاز و کانزاکانی تر، جگە لەوەی خاکەکەی بە پیتە و بۆ کشتوکاڵ لەبارە.

ڕۆژنامەنووس کاروان کەلاری، سەرەتا باس لەوە دەکات کە: «دۆخی خانەقین پێش ١٦ی ئۆکتۆبەر و پاش ١٦ی ئۆکتۆبەر دوو دۆخی تەواو جیاوازن، پێش ١٦ی ئۆکتۆبەر دۆخی ناوچە کوردستانییەکان بە گشتی و خانەقین بە تایبەتی دۆخێکی سەقامگیر بوو، بەڵام دوای ئەو ڕووداوە تەواو ناجۆر بووە، دوای ١٦ی ئۆکتۆبەر و دوای ئەو پرۆسەیەی کە لە ماوەی ڕابردوودا دەسەڵاتدارانی بەغدا دەستیان پێ کرد بۆ داماڵینی گوندەکانی دەوروبەری خانەقین لە کورد، کە نزیکەی ٩٠٪ جێبەجێ کراوە، ئێستا زۆربەی ئەو گوندانەی کە لە دەوروبەری خانەقینن، بە تایبەت ئەو گوندانەی دەکەونە بەشی باشووری خانەقین بەرەو دیالە و ناوچەی مەندەلی تەواو لە کورد داماڵدراون، جەلەولاش کە بەشێکە لە خانەقین پێشتر ڕێژەی کورد تێیدا ٨٥٪ بوو، بەڵام ئێستا ٥٪یش نییە، مەندەلی و سەعدیەش بە هەمان شێوە. لە ئێستادا خانەقین حەشدی شەعبی و سوپای عێراق و ئیستیخبارات و کۆمەڵێك دامەزراوەی حکومەتی عێراقی تێدایە، ئەوان بەردەوام بە پرۆسە خەریکی تەعریبکردنی خانەقینن، خوێندنی کوردی نەماوە و قوتابخانە کوردییەکان داخراون، لە ئێستادا ئەگەر میدیاکارێك بچێتە خانەقین و فۆکس بخاتە سەر کێشەکان، ئەوا مەترسی دەکەوێتە سەر گیانی و ڕووبەڕووی هەڕەشە دەبێتەوە. بەشبەحاڵی خۆم دوو مانگە ناتوانم بچمە خانەقین بە هۆی ئەوەی هەڕەشەم لێ کراوە، پێشتر دوو پەروەردە هەبوو، یەکیان سەر بە کوردستان بوو، ئەوەی دی سەر بە دیالە بوو. لە ئێستادا پەروەردەکەی کوردستان کاری پێ ناکرێت، سەرەڕای هەموو ئەوانەش ماددەی هۆشبەر و تلیاکێکی زۆر بڵاو بووەتەوە و گەنجێکی زۆر ئالوودەی بوون».

چالاکی سیاسی ڕزگار مەحموود ئاماژە بەوە دەکات کە «خانەقین پێش ١٦ی ئۆکتۆبەر لە ڕووی ئەمنییەوە تەواو سەقامگیر بوو، چونکە ئەمنییەتی شار پێشمەرگە و ئاسایش دەیپاراستن و خەڵکیش هاوکاریی ئەو هێزانەی دەکرد. پێشمەرگە بە هاوکاریی پۆلیسی خانەقین سەر بە ئیدارەی گەرمیان کۆنترۆڵی شاری دەکرد، تا ڕاددەیەکی باشیش حزبە کوردییەکان لەگەڵ یەکتر تەبا بوون، لە بەرانبەریشدا خەڵکی خانەقین خەڵکێکی ئاشتیخوازن و حەزیان لە پێکەوە ژیان بوو، بەڵام ئەمە لە پاش ١٦ی ئۆکتۆبەر گۆڕا، هێزێکی نامۆ هاتنە ناوچەکە کە لەلای خەڵکی خانقین هیچ کات قابیلی قبووڵکردن نەبوون، بۆیە سێ ڕۆژی یەکەمی دوای ١٦ی ئۆکتۆبەر سێ جار دژی هێزی داگیرکەر خۆپیشاندان کرا و، لەو خۆپیشاندانە دوو شەهید و بیست بریندارمان دا، کەچی نە ڕاگەیانی کوردی و نە حکومەتی هەرێم پاڵپشتی ئەم خەڵکە نەبوون. ئێستا حەوت فەوجی حەشدی شەعبی و چەند فەوجێکی جەیشی عێراقی مەلەفی ئەمنیی خانەقینان بە دەستەوەیە، جگە لە هێزی دیکەی ئەمنی وەك پۆلیسی فیدراڵی و ئەمنی و ئیداری، کەچی ناتوانن ئەمنییەتی خانەقین بپارێزن، چونکە خەڵکە هاوکارییان ناکەن. ئەوانە بە هێزێکی غەریب و نامۆ دەناسرێن، ڕۆژ نییە حادیسەیەك ڕوونەدات، چونکە ئەو هێزانە زۆربەیان خەریکی گەندەڵین و سەرقاڵی قاچاخ و بازرگانیکردنن بە ماددە هۆشبەرەکانن.» وتیشی: «خانەقین شارێکە نە کۆمپانیا و نە کارگەیەکی تێدایە، زۆربەی خەڵکەکەی بێکار و هەژارن و هەر کەسێ فەرمانبەر، یان پێشمەرگە و ئاسایش نەبێت لە برسان دەمرێت».

ڕزگار مەحموود جەخت لەوە دەکاتەوە کە «دانیشتووانی خانەقین کوردپەروەرن و خاکپەرستن، بەڵام حزبە کوردییەکان ئەمە دوو جارە خانەقین بەجێ دێڵن و پشت لە خانەقین دەکەن، ئەندام و کادر و بەرپرس و ئەفسەری پلەدار کە لە ئەساسدا خەڵکی خانەقینن، لە ئێستادا خانەقینیان چۆڵ کردووە و لە هەولێر و سلێمانی نیشتەجێن. خانەقین قەزایە، کەچی پارێزگاری دیالە دائیرەی خانەنشین و پاسپۆرت لە جەلەولا دەکاتەوە کە ئەوەش حەقی قەزایە، نەك ناحیەیەك کە تابعی خانەقین بێت، چونکە لە ئێستادا بە هۆی خیانەتی ١٦ ی ئۆکتۆبەرەوە جەلەولا تەرعیب کراوە و زۆربەی دانیشتووانەکەی عەرەبن و حکومەت کار بۆ

کوردەکان ناکات، بەم شێوەیە بڕوات، خانەقین دەبێتە شارەدێ و جەلەولاش دەبێتە قەزا».

بێریڤان گەردی میدیاکارێکی دەڤەرەکەیە و ئەویش یەکێکە لەو هەزاران کەسەی کە لە ڕەوش و دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خانەقین نیگەرانە و هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «ئافرەتان لە خانقین زور ئازادن لە هەموو بوارەکانی کارکردن و لە هەموو جومگەکانی ژیان و ئەگەر زیاتر لە پیاوان نەبن، کەمتر نین لە کارکردن، واتە لە هەموو قوژبنێك ئافرەتان کار دەکەن و بەو هۆیەشەوە خاوەن ئابووریی خۆیانن و زۆر جاریش ئەرکیماڵەوە دەکەوێتە سەر خۆیان و لە پیاوان زیاتر کار دەکەن. کەم ئافرەت هەیە لە خانقین کە خاوەن بڕوانامە نەبێت و دوو سێ زمان نەزانێت، هەر ئەوەش بواری داوە جێگای خۆیان لە هەموو شوێنێك بکەنەوە، تەنانەت لە ناو حزب و کاری سیاسییش».

بێریڤان گەردی جەخت لەوە دەکاتەوە کە «گەنجانی خانەقین زۆربەیان بێکارن. هەر کەسێك لە خانەقین مووچەیەکی لە حکومەتدا نەبێت، ئەوا بە بێکار حیساب دەکرێت». هاوکات دەڵێت: لێرە بۆ گەنجان و منداڵان هیچ شتێك نییە خۆیان پێی سەرقاڵ بکەن، نە شوێنی خۆشگوزەرانی، نە شاری یاری و پارك و نە کافتریا، بەو هۆیەوە زۆرینەی گەنجەکانمان پەنایان بۆ ماددەی هۆشبەر بردووە، منداڵانیش لە ناو چوار دیواردا زیندانی بوون و ئەوانیش بە جۆرێك لە جۆرەکان ئالوودە بوون، ئەوان ئالوودەی پۆپجی و ئایپاد و مۆبایلن. بەداخەوە کوردانی ناوچەکە لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە لە بارودۆخێکی خراپ و مەترسیداردان، خانەقین پڕ بووە لە ماددەی هۆشبەر و پڕە لە خەڵکی بێگانە و خەڵك بە ترسەوە دێت و دەڕوات، وەکو سەردەمی بەعس دۆخی ناوچەکە ناجێگیرە و خەریکن جارێکی دی ناوچەکە تەعریب بکەن و خوێندنی کوردی لە لێواری لەناوچووندایە. هاووڵاتییانی خانەقین لە ژێر هەڕەشەی ترساندن و گرتنن، ئەوان لە ترسی گیانی خۆیان و منداڵەکانیان بە ناچاری خانەقین چۆل دەکەن، ئەوانەشی کە ناتوانن جێی بهێڵن، چوونەتە ناو حەشدی شەعبی و حزبە عێراقییەکان، ئەوانەشی ئەکتیڤن و کوردایەتی دەکەن، ژمارەیان لە ژمارەی پەنجەکانی دەست ڕەت ناکات». گوتیشی: «لە ڕێگەی گۆڤاری گوڵانەوە داواکارین لە حکومەتی هەرێمی کوردستان خزمەتگوزاری پێشکەش بەو ناوچانە بکات و بایەخی زیاتر بە کوردنشینانی خانەقین بدات، هەروەها چارەسەری بێکاریی گەنجان بکات لە ڕێگەی ڕەخساندنی هەلی کار بۆیان، ئەویش لە ڕێگەی کردنەوەی کارگە و کۆمپانیای جۆراوجۆر، چونکە ئەگەری ئەوە هەیە لە داهاتوودا خانەقین چۆل بکرێت و بە یەکجاری تەعریب بکرێت، هەروەها پێویستە کادیر و بەرپرسانی خانەقین بگەڕێنەوە بۆ خانەقین بۆ ئەوەی ترس و دڵەڕاوکێی خەڵکەکە بڕەوێننەوە».

**جەلەولاش کە بەشێکە لە خانەقین پێشتر ڕێژەی کورد تێیدا ٨٥٪ بوو، بەڵام ئێستا ٥٪یش نییە، مەندەلی و سەعدیەش بە هەمان شێوە**

**لە ئێستادا ئەگەر میدیاکارێک بچێتە خانەقین و فۆکس بخاتە سەر کێشەکان، ئەوا مەترسی دەکەوێتە سەر گیانی و ڕووبەڕووی هەڕەشە دەبێتەوە**

**خانەقین پێش ١٦ی ئۆکتۆبەر لە ڕووی ئەمنییەوە تەواو سەقامگیر بوو، چونکە ئەمنییەتی شار پێشمەرگە و ئاسایش دەیپاراستن و خەڵکیش هاوکاریی ئەو هێزانەی دەکرد**







# لە حەمە هاشمەوە، ڕووت

**هەر زاراوەیەك لە ڕەگی وشە یان بڕگەیەكی كوردییەوە سەرچاوەی گرت بێت، كورد سووك و ئاسان تێی دەگات. ئەبستراكت وشەیەكی بیانییە، تا جێی خۆی لە نێو فەرهەنگی زمانی كوردیدا دەكاتەوە، تا ئەوەی هەموو كوردێك تێی دەگات، كاتێكی زۆری دەوێت. من زاراوەی (ڕووتكاری) لە بری زاراوەی (ئەبستراكت) پێشنیار دەكەم، كە لە ڕەگی وشەی (ڕووت)ـەوە هاتووە. كرۆكی واتاش لەم جووت زاراوەیەدا، داماڵین و ڕووت كردنەوەی فۆرمە لە شێوەی باوی خۆی. نیگاركێشی ڕووتكار (ئەبستراكت) هەوڵ دەدات ڕواڵەت و شێوەی بەردیدە و باوی شت تێپەڕێنێت، مەبەستیەتی فۆرم و فیگەر لە ڕواڵەت و**

ئا/ تاریق كاریزی

بەر لەوەی دوایین پیشانگای هونەرمەند حەمە هاشم ببینم، كە لە تشرینی یەكەمی ٢٠٢٢دا لە هۆڵی میدیا - هەولێر كرایەوە، هێندە لەو ڕەوتەی هونەرەوە نزیك نەبووم، بە گومانەوە لە هەر تابلۆیەكم دەڕوانی كە خاوەنەكەی بە ناوی ڕووتكارییەوە كێشا بێتی. بڕواشم وا بوو، هونەرمەندی نیگاركێش لە بێ بەهرەیی و دەست كورتیی خۆی لە هونەری نیگاردا، پەنا بۆ گەمەیەكی ڕەنگسازی دەبات، ئنجا وەك هونەرێكی باڵا، بە ناوی ڕووتكاری (ئەبستراكت)ـەوە، بە ئێمەی هەواداری هونەری دەفرۆشێتەوە. ئەم بۆچوونە پەیوەست بە كاری بەشێكی زۆر لە هونەرمەندان ڕێی تێ دەچێت. بۆ نا..؟ هونەرمەند هەیە لە هێڵكاری و ڕەنگسازیدا دەستەپاچە و ناتوانایە، ناتوانێ بە بەژنی هونەری نیگاردا هەڵزنێت، ڕووتكاری بۆ ئەو دەبێتە پەنا و پەسارێك، دەیكاتە بەهانە و پاساوێك، خەوشی بێ بەهرەیی خۆی و ناتوانایییەكەی لە پەنای ئەودا دەشارێتەوە. باشە چ شتێك لە پیشانگایەكەی حەمە هاشم وای كرد من وەك هونەر دۆستێك بۆچوونم بگۆڕێت؟ هەر خۆم وڵام دەدەمەوە.

خەسڵەتێكی سەرەكیی نیگار ئەوەیە، لە یەكەم نیگادا، تۆ بڵێی هەر بە دەم یەك سەرنجەوە، هەستی بینەر ڕاو بكات، لە دنیای دەوروبەری دابب‌ڕێت و كەمەندكێشی نێو جیهانی ستاتیكای خۆی بكات. حەمە هاشم لە تابلۆیەكانی ئەو پیشانگایەیدا، ئەو مەرجەی بەجێ گەیاندووە. چاوێكی ئاشنای هونەر و دیدەیەكی مەشقەندەی ستاتیكا، بە جار و دوو جار، بگرە بە دەیان جاریش، لە تەماشا كردنی تابلۆیەكانی تێر









# کاری

**شێوەی من و تۆ پێی ئاشنا، دابماڵێت، بە ڕەگەزی ڕەنگ تابلۆ گەڵاڵە دەکات، دەروازەیەکی دیکە بە ڕووی هونەری نیگاردا دەکاتەوە. ئەمانە چاوگی تیۆری و تیژی کار کردنی ڕەوتی ڕووتکارین لە شێوەکاری و لە هەر هونەر و بوارێکی دیکەی زانیندا بێت.**

نابێت. ڕەنگ و پێکهاتەی تابلۆیەکانی سەرنج ڕاکێش بوون. لە داڕشتندا فرەییەکی زۆری لە تەکنیك و مانۆری زیاتریشی لە گەڵاڵە کردندا کردووە. بابەت بە گشتی و وەك گوتاری پیشانگایەکە، کە بە دەوری کێشە خەمێکی مرۆڤانەدا دەخولایەوە، هێندەی دیکە بەرهەمەکانی ئەوی لە دەروونی بینەر نزیك دەکردەوە. ئەو لە بەکار هێنان و دانانی ڕەنگدا کارامەییەکی زۆری نواندووە، ئەزموونێکی چڕی خستووەتە ڕوو. تەکنیك و ستایلی کار کردن لە لای ئەو دەوڵەمەند و فرە جەمسەرە، وشە و دەقی بە شێوەیەکی داهێنەرانە و تایبەت لە تابلۆدا بەکار هێناوە. هەموو ئەمانە ڕەگەزی گرنگ و پاڵپشتن بۆ ستایلی ڕووتکارانەی کار کردنی ئەو وەك نیگارکێشێك.

# تایلۆر سویفت ژمارەیەکی پێوانەیی تۆمار کرد



تایلۆر سویفت بووە یەکەم هونەرمەندی ئافرەت لە مێژوودا، کە گۆرانییەکانی هەموو پێگەکانی لە ڕیزبەندی ١٠ باشترین گۆرانییەکانی ئەمریکادا داگیرکردووە.

بەم کارە، پێش هاوڕێ ئەمریکییەکەی (درەیك) کەوتووە، کە پێشتر لە مانگی ئەیلولی ساڵی ٢٠٢١ دا ژمارەی پێوانەیی نۆ تاکە گۆرانییە سەرەکییەکانی لە چارتی ١٠ تاکە گۆرانییە سەرەکییەکاندا هەبووە.

پێش ئەو، بیتلز لە ساڵی ١٩٦٤دا ڕیکۆردی هەشت گۆرانیی سەرەکیی لە ١٠ گۆرانیی سەرەکیدا بوو.

زاڵبوونی سویفت لە چارتی ئەمریکادا بەهۆی نوێترین ئەلبوومی خۆیەوەیە بەناوی Midnight کە لە ساڵی ٢٠٢٢دا بووە خێراترین ئەلبوومی فرۆشراو.

گۆرانیبێژە تەمەن ٣٢ ساڵەکە بە گۆرانییەکەی «ئەنتای هیرۆ» پلەی یەکەمی لە لیستەکەدا بەدەست هێنا، کە بە خێرایی لە ئەپڵیکەیشنی تیك تۆکدا بڵاو بووەوە.

لیستەکە گۆرانییەکانی ئەلبوومەکانی وەك لاڤاندەر هاز، مارۆن، سنۆ ئۆن زە بیچ، بیجوێڵد و کارما لەخۆدەگرێت.

هەر ١٣ گۆرانییەکانی نوێترین گۆرانیی سویفت بەناوی «Midnight» لە وەشانی ئاسایی خۆیدا، لیستی ١٥ گۆرانییە سەرەکییەکانی داگیر کردووە.

سویفت هەوادارانی سەرسام کرد، کاتێك ئەلبوومە نوێیەکەی لە کۆتا خولەکی خەڵاتی ڤیدیۆ میوزیکیی ئێم تی ڤی ساڵی ٢٠٢٢ لە سەنتەری پرۆدێنسیڵ لە نیویۆرك لە ویلایەتی نیوجرسی لە مانگی ئابدا ڕاگەیاند.



ئەو ئەلبوومەکەی بە چیرۆکی (١٣ شەوی بێخەو، کە بە درێژایی ژیانمدا بڵاوبووەتەوە) و (گەشتێك بەناو ترسناك و خەونی شیرین) وەسف دەکات.

ئەم دەستکەوتە پێدەچێت ئاماژەیەك بێت بۆ ئەوەی ئەو ئەستێرەیە گەڕاوەتەوە بۆ ئەو گۆرانییە پۆپانەی کە پێش پەتای کۆرۆنا بەناوبانگ بووە، ئەوەش دوای گۆرانییەکانی ئیندی فۆلك میوزیك ئێڤەرمۆر و فۆلکلۆر کە لە ساڵی ٢٠٢٠دا بڵاوکرانەوە.

بەشێك لە سەرکەوتنەکانی بەهۆی هەڵمەتێکی زیرەکی بازرگانییەوە بوو، کە ئەلبوومەکەی بە چەندین شێوەی ژماردن و کۆکراوە بڵاوکرایەوە، لە نێویاندا چوار گۆرانی لە وەشانی ڤینێل کە یەکەیەکی یەك کاتژمێریی گۆرانی پێك دەهێنن.

# نادیە بەردەوام وەرزش دەکات و ژیانی خۆشدەوێت

خانمە ئەکتەر نادیە ئەلجوندی ئەو ڕاستییە ئاشکرا دەکات کە ئایا لە ماڵپەڕی تیك تۆك ئەکاونتێکی فەرمی هەیە یان و ئاماژەی بەوەدا کە هیچ ئەکاونتێکی فەرمی لە تیك تۆکدا نییە.

نادیە ئەلجوندی لە هەژماری فەرمی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئینستاگرام نووسیویەتی: هیچ هەژمارێکی فەرمیم لە تیك تۆك نییە، ئەم پەیجەش کە بڵاو بۆتەوە هیچ پەیوەندییەکی بە منەوە نییە، هەروەها دژی هیچ هەوادارێك نیم کە لە پەیجەکانی لیا کار بکات، بەڵام پێویستە وابێت ئاگادار بم کە پەیجی فانەکانە و بە زمانم قسە ناکات.

نادیە زیاتر وتی: بەم زووانە پەیجێکی فەرمی لە تیك تۆك دروست دەکەم و هەر پەیجێك بە زمانم قسە بکات بە هەر شێوەیەك بێت لە هەموو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دادەخرێت.

سەبارەت بە نهێنیی جوانییەکەی وتی: « پێویستە بەردەوام لە وەرزشکردن و کەسێك بیت کە بەردەوام ژیانی خۆش بوێت و ئەمەش نهێنیی جوانییەکەمە،هیوادارم هەموو ئافرەتان ئەو بابەتانانە بە گرنگ وەربگرن.

شایەنی باسە نادیە ئەلجەندی لەم دواییانەدا، لە فێستیڤاڵی درامای قاهیرە، خەڵاتێکی وەرگرتبوو بۆ مێژووی هونەری خۆی.

لەبارەی خۆشەویستی هونەرمەند بۆ کارەکەی نادیا دەڵێ: پێویستە ئەکتەر زۆر پابەند بێت بەتایبەتی بە کاتەوە، هەروەها لە پێکهاتەکانی فۆتۆگرافی و وێنە تێبگات، و سوود لە ئەموونی ئەستێرەانی پێش خۆی وەربگرێت.

**سەرچاوە:مسراوی**

ئەحلام حەجی بۆ گوڵان:

# دیمەنی منداڵە ئاوارەکان دەمگریەنێت

**لە سەردانێکی ئەم دواییەی خانمە راگەیاندکار و شاجوانی پێشووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ شاری هەولێر، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد دەربارەی کاری مۆدێل و راگەیاندن و چەند پرسێکی تایبەت بە خۆی، ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.**



*** بۆچی دەرکەوتنت لە سنووری فاشیون تێپەڕ ناکات؟**

- رەنگە لەبەر ئەوە بێت کە من زیاتر خۆم لەو جۆرە بەرنامانەدا دەبینمەوە کە گرنگی بە جلوبەرگ و جوانی دەدەن، هەروەها من خۆیشم عاشقی جلوبەرگی جوانم.

*** هیچ پێوەرێکی جێگیرت هەیە لەو بەرنامانەی کە پێشکەشیان دەکەیت؟**

- بەر لە هەر شتێك هەوڵ نادەم بەرنامەیەك پێشکەش بکەم کە تیایدا سەرکەوتوو نەبم، ئەمەش وام لێ دەکات کە لە هەموو لایەکەوە لەو بەرنامەیە ووردببمەوە، چونکە دەمەوێت بەرنامەیەك پێشکەش بکەم کە نوێ بێت بۆ بینەر و، کاتێك بۆ یەکەم جار دەیبنێت هەست نەکات کە پێشتر ئەو بەرنامەیەی بینیوە، واتە دوور بێت لە لاسایی کردنەوە و بینەر بێزار نەکات، من ئەو کارانەم دەوێت کە تایبەت بن بە خۆم و ناوی من و بەرنامەکەم گونجاو بن، چونکە ئامانجی من رازیکردنی بینەرە.

*** چۆن توانیوتە سەرنجی ئەو جەماوەرە زۆر رابکێشیت؟**

- لەوانەیە هۆکارەکەی ئەوە بێت کە من خۆم زۆر ماندوو دەکەم لە پێناو سەرکەوتنی کارەکەم و پێشکەشکردنی بە باشترین شێوە، چونکە ئامانجی من دۆزینەوەی ئەو شتانەیە کە بینەر ئارەزوویان دەکات.

*** هەڵبژاردنت بە شاجوانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست چ سوودێکی پێ گەیاندی لە ژیانتدا؟**

- سەرکەوتنم لە بواری پێشکەشکردنی بەرنامەی فاشیون و دواتریش لە بواری شاجوانیدا، وای کرد کە متمانەی میدیاکان و خۆشەویستیی جەماوەر بە دەست بهێنم، ئەمەش سەروەتێکی گرانبەهایە، لەوانەیە رووبەرووی گرفت ببمەوە، بەڵام شانازیی پێوە دەکەم، چونکە توانیومە ناوی خۆم و خانەوادەکەم و ئاڵای وڵاتەکەم بەرز بکەمەوە لە کۆڕ و کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکاندا.

*** بۆچی رووت لە راگەیاندن کرد، ئایا گەڕان بووە بەدوای دەرفەت یان گەڕانە بە دوای ئامانجێکی دیاریکراودا کە تا ئێستا نەتدۆزیوەتەوە؟**

- خۆشەویستیم بۆ جلوبەرگ و فاشیون دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی منداڵیم، بە پێچەوانەی خوشکەکانم، هەمیشە دایکم بە دەستی منەوە دەینالاند بەهۆی جلوبەرگەوە، ئەم خۆشەویستییە لە ناخی مندا چەکەرەی کرد تا گەیشتمە ئەو ئاستەی ببم بە یەکێك لە مۆدێلە ناسراوەکانی زۆر مارکەی جیهانی، ئەمەش وای کرد شارەزاییەکی زۆر پەیدا بکەم و دەرگاکانی لەبەردەممدا واڵا کرد، یەکێك لەو دەرگایانەش راگەیاندن بووە، بەڵام ئەمەش بە شێوەیەکی گشتی لەبەر ئەوە بووە کە دەربڕی خودی خۆم بم و بەهرەکانم دەربخەم.

*** پێتوایە لەم بوارەدا سەرکەوتوویت؟**

- دەکرێت ئەو پرسیارە ئاراستەی بینەران بکرێت، چونکە پێویستە ئەوان هەڵسەنگاندنی سەرکەوتنی من بکەن، بەڵام پێموایە سەرکەوتووم لە ئەنجامی ئەو ئەرکە زۆرەی کە کێشاومە لەپێناو سەرکەوتنی کارەکانم.

*** هێڵە سوورەکانت چین لەسەر ئاستی کەسی و لە بواری کاردا؟**

- من کەسێکی بە جورئەتم لە هەنگاوەکانم بەرەو دوارۆژ، نامەوێت کارێك ئەنجام بدەم کە قەناعەتم پێی نەبێت، ژیانێکی ئاسایی دەژیم بێ ئەوەی هیچ گۆڕانکارییەك لە سیستمی ژیانی تایبەتیمدا ئەنجام بدەم، بۆ ئەوەی لە رەخنەی کەسانی دیکە دوور بکەومەوە، من چۆنم دەمەوێت هەر ئاوا بم.

*** روخساری جوان چ سوودێکی هەیە بۆ کچە بێژەرێك؟**

- راستییەك هەیە پێویستە دانی پێدا بنرێت، ئەویش ئەوەیە کە بێژەری کچ پێویستە جوان بێت بۆ ئەوەی بە جوانی دەربکەوێت و قبوڵ کراو بێت لای بینەر، بەڵام پێویستە لەگەڵ ئەو جوانییەدا خاوەن رۆشنبیرییەکی باش و ئاگاداری بابەتەکان بێت، واتە تەنیا خوێنەر نەبێت بۆ ئەوە بابەتانەی دەخرێنە پێشی و بۆی ئامادە دەکرێن.

*** پێتوایە جوانی نیعمەتە، یان نەهامەتییە بۆ بێژەری کچ؟**

- هەر شتێك خودای گەورە پێی بەخشیبین نیعمەتە، جوانییش یەکێك لەو نیعمەتانە، پێویستە مرۆڤ بە قەناعەتەوە جوانییەکەی خۆیی قبوڵ بێت، بەڵام پێویستە بابەتەکە بۆ کچە ئەکتەرێك، یان بێژەرێك جیاواز بێت، نابێ ئەوەشمان بیر بچێت کە بیرکردنەوە و بۆچوونی مرۆڤەکان جیاوازە، رەنگە لە چاوی کەسێکدا جوان بێت، بەڵام کەسێکی دیکە بە جیاواز بتبینێت، بەشێوەیەکی گشتی من وای نابینم کە جوانی نەهامەتی بێت بۆ ئافرەت.

*** خاڵە لاوازەکانت چین؟**

- لەوانەیە زۆر هەستیاریم لە لایەنی مرۆڤایەتییەوە و گەورەترین خاڵی لاوازی من ئەوە بێت.

*** چۆن گوزارشت لە خۆشییەکانت دەکەیت؟**

- من بە سرووشتی خۆم کەسێکی هێمنم، تەنانەت کاتێك خۆشیش دەردەبڕم، بینینی خەڵك بە دڵخۆشی وا دەکات هەست بە کامەرانی و ئاسوودەیی بکەم، بەتایبەتی کاتێك من هۆکاری خۆشییەکانیان بم جا ئەگەر ئەمە لە رێگەی راگەیاندنەوە بێت، یان لە رێگەی کارە خێرخوازییەکانم کە لە چوارچێوەی رێکخراوی (احلام الگفوله)وە پێشکەشیان دەکەم.

*** ئەی چی دەتگریەنێت؟**

- زۆر لە دیمەنە ترسناکەکان کە ئێستا لە ژیانی رۆژانەمان دەیانبینین وام لێ دەکات بگریم، بەتایبەتی دیمەنی منداڵە ئاوارەکان کە بەهۆی جەنگەوە دەناڵێنن، جەنگێك کە ئەوان هیچ پەیوەندییان بەو شەڕانەوە نەبووە، بەڵکو بوونەتە قوربانیی جەنگ، من سەردانی کەمپەکانی ئاوارەکانم کرد و هەست بە ئازارەکانیان دەکەم.

*** بۆچوونت سەبارەت بە یارییەکانی مۆندیال کە بەردەوام سەیری یارییەکان دەکەیت، بەتایبەتی یارییەکانی مەغریب چییە؟**

- بێگومان من یەکێك بووم لە هاندەرە سەرسەختەکانی هەڵبژاردەی مەغریب و سەرەڕای ئەوەی سەرکەوتوو نەبوون و خەونەکانی ئێمەیان نەهێنا دی، بەڵام شانازییان پێوە دەکەم، بەڵام لە دوای مەغریب هاندەری هەڵبژاردەی فەرەنسام، چونکە لەو وڵاتە دەژیم و ساڵانێکی زۆری تەمەنم لەوێ بەسەر بردووە، هەروەها لە بواری یاریکردنیش هەڵبژاردەیەکی بەهێزە و پێموایە پاڵێوراوێکی سەرەکیی بەدەستهێنانی مۆندیالە.



ڕەجەب عەبدولڕەحمان:
یاریزانی گۆڕەپان و مەیدان

# هەمیشە لە هەوڵدام خزمەتی وەرزشی قەزای بەردەڕەش و کوردستان بکەم

**یاریی گۆڕەپان و مەیدان تاکو ئێستا نەچووەتە قۆناغێکی باش لە شارەکانی کوردستان، ئەویش بەهۆی نەبوونی پاڵپشتی دارایی باش و نەبوونی یاریزانی زۆر لەم یارییەدا، ژمارەیەك لە شارەکانی کوردستانیش هەوڵی بەردەوامیان هەیە بۆ ئەوەی یاریزانی ئاست بەرز لەم یارییە دروست بکەن، بەڵام نەبوونی پاڵپشتی، یاریزان و کەسە دڵسۆزەکانیش سارد دەکاتەوە، یەکێك لە یاریزانە بەتواناکانی ئەم یارییە لە قەزای بەردەڕەش ڕەجەب عەبدول رەحمانە، لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٣ی قەزای بەردەڕەشە، پێشتر بۆ یانەکانی زێرەڤانی و ئاڵا و زانکۆی زاخۆش یاریی کردوە، خاوەنی بڕوانامەی بەکالۆریۆسە لە پەروەردەی وەرزش، ماوەی شەش ساڵە خولی خۆبەخش بۆ بەهێزکردنی توانای جەستەیی و ڕاهێنانە بەراییەکان دەکاتەوە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیاریکمان لێ کرد ئەویش بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گولانی دایەوە.**

دیمانە: کارزان کانەبی



*** ئاستی یاریی گۆڕەپان و مەیدان چۆن دەبینی لە شارەکانی کوردستان؟**

- ئەم یارییە پشتگوێ خراوە، چەند یانەیەك کە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن لە کوردستان هەن، بەڵام زیاتر دوو یانە ناسراون کە خزمەتی ئەم جۆرە وەرزشەیان کردووە، ئەوانیش (یانەی پێشمەرگەی سلێمانی و سیروانی نوێی کچان) گەلێك هۆکار و فاکتەری وەك نەبوونی پاڵپشتی دارایی و ڕاهێنەری بەتوانا و شوێنی گونجاو بۆ ئەنجامدانی مەشق و ڕاهێنان هەن، کە یانەکانی دیکەش وەکو پێویست نەتوانن خزمەتی وەرزش و وەرزشوانانی ئەو یارییە بکەن.

*** ئەنجامدانی پاڵەوانێتی کەم تا چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەوپێش نەچێت؟**

- بێگومان کاریگەریی نەرێنی دەبێت، چونکە یاریزان بەردەوام مەشق و ڕاهێنانەکان ئەنجام دەدات، لە بەرامبەردا پاڵەوانێتی نەبێت یان چەند ساڵێك جارێك ئەنجام بدرێت، بەمەش حەز و خولیای یاریزان ڕوو لە لاوازبوون و لەناوچوون دەکات.

*** پێت باشە چی بکرێت، بۆ بەرەوپێشبردنی ئەم یارییە، تایبەت بۆ ئافرەتی وەرزشکار؟**

- پرسیارێکی جوانە، ئەگەر بمانەوێت ئەم یارییە بەرەوپێش ببەین، پێویستە ساڵانە پاڵەوانێتی ئەنجام بدرێت، هەڵبژاردنی کەسایەتیی ڕەوشتبەرز بۆ ئەنجامدانی مەشق و ڕاهێنان، دواتر متمانە بۆ دایك و باوکان دروست بکەین، کە ڕۆڵەکانیان لە دەستێکی ئەمیندایە، کۆمەڵگەی ئێمە بیرکردنەوەی باشی نییە بۆ وەرزشی کچان، هەروەها میدیاکان سیمایەکی ناشرین پێشکەش دەکەن، بۆ بەرەوپێش بردنی وەرزشی ئافرەتان پێویستە کەشێکی گونجاو فەراهەم بکرێت و یاریگای تایبەت هەبێت، یاریزان سەرجەم کات و ئەرکەکانی پشتگوێ دەخات بۆ ئەم یارییە، پێویستە لە بەرامبەردا پاداشتی ماندووبوونی خۆی وەربگرێت.

*** گرفتی ئەم یارییە لە چی دەبینی؟**

- نەبوونی پاڵەوانێتی و نەبوونی یاریگا و نەبوونی ڕاهێنەری بەتوانا و نەبوونی متمانە بە کەسایەتییەکان.

*** بۆچی لەم یارییە دوورکەوتیتەوە؟**

- لە ڕووی داراییەوە لە ژیان زیاتر هیچمان دەست نەکەوت، لە کاتی هەبوونی چالاکییەکاندا زۆرجار لەسەر ئەرکی خۆم دەچووم، ئەمەش وای کرد کاریگەری بکاتە سەر ڕاهێنانەکانم، دواتر بووم بە فەرمانبەر کاتی گونجاوم نەبوو بۆ مەشق و ڕاهێنان، بۆ بەردەوامبوون لە ژیان مرۆڤ پێویستی بە لایەنی دارایی هەیە، ئێمە زۆر کەم پشتگیریمان دەکرا بۆیە ئێستا تەنیا ڕاهێنان دەکەم بۆ تەندروستی خۆم.

*** وەکو پاڵەوانێکی ڕابردوو بە نیازی چیت بۆ داهاتووی خۆت؟**

- بەداخەوە کەس پاڵپشتی نەکردم بۆ ئەوەی خزمەتی شارەکەم بکەم و ناوی شارەکەم ئاشنای هەمووان بکەم، وەکو خۆم هەمیشە لە هەوڵدام خزمەتی وەرزشی قەزای بەردەڕەش و کوردستان بکەم، ساڵانە ڕاهێنان بە چەندین قوتابی دەکەم لە زانکۆی پەروەردەی وەرزش و پەیمانگەی پەروەردەی وەرزشی لە کوردستان.

*** لەگەڵ ئەوەی یانەکانی کوردستان پشت بە ڕاهێنەرانی بیانی ببەستن؟**

- نەخێر، کەسانی ئاست بەرزمان هەیە پشتگیری بکرێن لە ڕاهێنەری بیانی زۆر باشترن.

*** داواکاری و پێش نیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی؟**

-بەڕاستی سیمای وەرزشی کوردستان زۆر ناشرین کراوە، بۆیە زۆر پێویستە بەرپرسانی وەرزشی بۆ ئەم بابەتە بێنە سەر خەت و کەم و کورتییەکان چارەسەر بکەن، لانیکەم با ویژدانی خۆیان ئاسوودە بکەن.

*** خەونی وەرزشیت چییە وەکو وەرزشکارێك؟**

- خەونی من ئەوە بوو ببم بە یاریزانێکی جیهانی، بەڵام بەهۆی نەبوونی پاڵپشتی دارایی و نەبوونی پاڵەوانێتی نەمتوانی.

*** ماوەیەك بە نیازی پەرتووکێکی وەرزشی بوویت، پرۆژەکەت بە کوێ گەیشت؟**

- پەرتووکەم بەناونیشانی (یارییە بچووککراوەکان و بەشێك لە ڕاهێنانەکان لە قۆناغی کۆتایی دایە) تایپ و دیزاین و پێداچوونەوەی بۆ کراوە، پشتیوان بە خودا بەم نزیکانە بە چاپ دەگەیەندرێت و دەکەوێتە بەر دەستی خوێنەران.

*** بەرنامەت چییە بۆ هەستانەوەی یاریی گۆڕەپان و مەیدان؟**

- بەرنامەم هەبووە و هەیە، بەڵام پشتگیریم نەبووە، بەدڵنیاییەوە توانای پێگەیاندنی یاریزانم هەیە، ئایە ئەمە بەتەنیا کەسێك دەکرێت ئەگەر پاڵپشتیت نەبێت، بێگومان نەخێر.

*** گرێبەستت پێشکەش کراوە لە یانەکانی دیکەی کوردستان؟**

**- بەڵێ، یانەی وەرزشیی بەردەڕەش هەوڵی دا بۆ** ئەو یانەیە یاری بکەم، بەڵام ئەو داواکارییانەی من هەمبوون، بەرجەستەیان نەکرد، بۆیە نەگەیشتین بە ئەنجام.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ ئەو هەموو خزمەتە بەردەوامە، هیوادارم بەم شێوەیە خزمەتی وەرزشی ناوخۆ بکەن.



# کریستیانۆ بڕیاری کۆتایی خۆی دا

کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ هێرشبەری یانەی مانچستەر یۆنایتد بڕیاریداوە زستانی ئەمساڵ، واتە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٣ ریزەکانی یانەکەی جێبهێڵێت، کارگێریی یانەکەش شوێنگرەوەی ئەو یاریزانە پورتوگالییەیان دیاریکردووە.

ڕۆژنامەی ئێکس پرێسی بەریتانیا ئاشکرایان کردووە ئامادەن دەستبەرداری کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ بن و دەیانەوێت چۆپۆ مۆتینگ هێرشبەری یانەی بایرن میونیخی ئەڵمانی وەکو شوێنگرەوەی بۆ ریزەکانیان بگوازنەوە، بەڵام ڕۆناڵدۆ یەکێک لە بژاردەکانی بۆ قۆناغی داهاتوو، یانەی سپۆرتینگ لیشبوونە وڵاتەکەیتی.

کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی تەمەن ٣٧ ساڵ، لە هاوینی ٢٠٢١ گەڕایەوە مانچستەر یۆنایتد، ئەم وەرزە لە سەرجەم پاڵەوانێتییەکان لە کۆی ١٦ یاری، ٣ گۆڵ و ٢ ئاسیستی کردووە.



## یانەی لیڤەرپوول بۆ فرۆشتنە

دوای راکێشانی تیروپشکی قۆناخی ١٦ـی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا، دەنگۆی فرۆشتنی پشکەکانی یانەی لیڤەرپوول لە میدیایەکان بەخێرایی بڵاوبووەوە، چەندان سەرمایەداری گەورە بۆ کڕینی یانەکە هاتنە سەرهێڵ.

ڕۆژنامەی سەنی بەریتانیا لە راپۆرتە هەواڵێکدا رایگەیاندووە کۆمەڵەی ڤینوای وەرزشی پێشنیازی کردووە، کە یانەی لیڤەرپوول بفرۆشێت، تا ئێستاش چوار لایەن بەربژێرن بۆ ئەوەی یانەکە بکڕنەوە.

ئێلۆن مەسک خاوەنی ئێستای تویتەر یەکێکە لە دیارترین بەربژێرەکان، کە سامانەکەی دەگاتە ١٧٥ ملیار یۆرۆ، کە ناوبراو پێشتریش رایگەیاندبوو هەوڵدەدات یانەی مانچستەر یۆنایتد بکڕێتەوە.

لیبرۆن جەیمس ئەفسانەی باسکەی ئەمریکا لە نێوان بەربژێرانی کڕینی یانەی لیڤەرپوولە، لیبرۆن لەوەتەی ساڵی ٢٠١١ـەوە خاوەنی ٠٢.٪ـی پشکی لیڤەرپوولە.

لەلایەکی دیکەوە سێر جیم راتکلیف، کە دەوڵەمەندترین پیاوی بەریتانیایە و سامانەکەی دەگاتە ١٥ ملیار پاوەند هەوڵدەدات ببێتە خاوەنی یانەکەی مێرسیساید.

# شەڕێکی گەورە لەسەر ئەستێرەیەکی لاوی ئینگلیزی درووستبوو

ڕیاڵ مەدرید داوای لە ڕاهێنەرێکی پێشووی خۆی کردووە بۆ ئەوەی کارئاسانی بۆ بکات بۆ گواستنەوەی ئەستێرەیەکی لاوی خولی ئەڵمانیا، بەڵام هەریەکە لە یانەکانی چێلسی و لیڤەرپوول بۆ گواستنەوەی هەمان یاریزان لە کێبڕکێدان.

ڕۆژنامەی مارکا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە یانەی ڕیال مەدرید لە ئێستاوە پلانەکانی بۆ گواستنەوەی یاریزانان دارشتووە، دوو پلانی هەیە، یەکێکیان گواستنەوەی جود بێلینگهام لە هاوینی داهاتوو، پلانی دووەمیان گواستنەوەی ئێرلینگ هالاندە لە هاوینی ٢٠٢٤.

بە گوێرەی زانیارییەکانی میدیا ئەڵمانییەکان، بێلینگهام یاریزانی لاوی یانەی برووسیا دۆرتمۆند زیاتر حەز دەکات لە خولی ئینگلیزی یاری بکات، بەڵام ریال مەدرید داوای لە زینەدین زیدان کردووە بۆ ئەوەی پاڵپشتی و کارئاسانی بۆ بکات لە رازیکردنی جود بێلێنگهام بۆ ئەوەی لە ریال مەدرید یاری بکات.

جود بێلینگهامی تەمەن ١٩ساڵ، لە ٢٠٢٠ لە یانەی بێرمینگهام سیتی بۆ دۆرتمۆند گواسترایەوە و گرێبەستەکەی لە هاوینی ٢٠٢٥ لەگەڵ یانە ئەڵمانیایەکە تەواودەبێت.

ڕۆژنامەی «بیلد»ی ئەڵمانیا لەم دواییانەدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە بروسیا دۆرتمۆند بۆ دەستبەرداربوون لەو ئەستێرە ئینگلیزییە داوای ١٥٠ ملیۆن یۆرۆ دەکات، ئەمەش لە کاتێکدایە یانەکانی لیڤەرپوول، چێلسی، پاریس سانت جێرمان و مانچستەر سیتی لەسەر گواستنەوەی ئەم یاریزانە لاوە شەڕی ریال مەدرید دەکەن.





## بلاتەر دان بەهەڵەی خۆی دادەنێت

سێب بلاتەر سەرۆکی پێشووی فیفا لە دیمانەیەکدا لەگەڵ کەناڵی ئار ئێم سی فەرەنسی لە بارەی پشتیوانیکردنی قەتەر بۆ میوانداریکردنی مۆندیالی ٢٠٢٢ دەڵێت، هەڵبژاردنی قەتەر وەک میوانداریی مۆندیال هەڵە بوو. بلاتەر، کە پێشتر بۆ ماوەی ١٧ ساڵ سەرۆکی فیفا بوو، لە نوێترین لێدوانیدا دەڵێت: وەک کەسێک، کە لە کاتی هەڵبژاردانی قەتەر بۆ میوانداریکردنی مۆندیال سەرۆکی فیفا بووم و پشتگیری قەتەرم کرد، هەڵەم کرد، لەبەر ئەوەی وڵاتێکی بچووکی وەکو قەتەر شایستەی ئەوە نییە میوانداریی ڕووداوێکی گەورەی جیهانی وەکو مۆندیال بکات، ئەو کات پێویست بوو پشتگیری ئەمریکا بکەین، چونکە ئەو وڵاتە زیاتر شایستەی مۆندیال بوو.

سێپ بلاتەری تەمەن ٨٦ ساڵ، بەهۆی گەندەڵییەوە ساڵی ٢٠١٥ لەگەڵ میشێل پلاتینی سەرۆکی پێشووی یوێفا لەلایەن دادگای وەرزشییەوە لە پۆستەکانیان دوورخرانەوە.

بلاتەر لە ماوەی سەرۆکایەتی فیفا بە چەندان گەندەڵی تێوەگلا بوو، لەوانە وەرگرتنی بەرتیل لە سەرۆکی پێشووی یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا محەمەد بن هەمام بە هۆکاری بەخشینی مۆندیالی ٢٠٢٢ بە وڵاتی قەتەر، لە لایەکی دیکەشەوە، بلاتەر بە یاریکردن بە تیروپشکەکانی پاڵەوانییەتیی فیفاش تاوانبار کرا بوو.

# زانکۆی جیهان خۆی بەهێز دەکات

بە مەبەستی بەشداریکردن لە یارییەکانی وەرزی نوێی خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان، یارییەکانی ئەم وەرزە بە بەشداریی ١٩ یانەی شارەکانی کوردستان دەست پێ دەکات، یانەی وەرزشیی زانکۆی جیهان کە ئەم وەرزە بە پێکهاتەیەکی تەواو جیاواز و گەنج بەشداری لە یارییەکانی خولەکە دەکات، تیپێکی تۆکمە و پڕ لە یاریزانی ئاست بەرزی لە خۆی کۆ کرووەتەوە و دەیەوێت بە ئاست و ئەنجام ژمارەیەکی گەورە بێت لە خولەکە، لەم بارەشەوە ئەندازیار بورهان سابیر سکرتێری یانەی وەرزشیی زانکۆی جیهان بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئامادەکارییەکانمان وەکو پێویستە و زیاتر لە ٥٠ رۆژە دەستمان بە ئامادەکارییەکان کردووە، بۆ ئەوەی بتوانین تیپێکی تۆکمە و پڕ لە یاریزانی ئاست بەرز کۆبکەینەوە، دەستەی راهێنەرانی یانەکەشمان پلانی تۆکمەیان داناوە، بۆ ئەوەی ببنە ژمارەیەکی گەورە لە خولی پلە یەکی یانەکانی کوردستان»، لە بارەی گۆڕانکارییەکانیش سکرتێری یانەی وەرزشیی زانکۆی جیهان گوتی: «بە پێی پێویست بۆ هێڵەکانی یاریکردن گۆڕانکاریمان ئەنجام داوە، جگە لە دوورخستنەوەی ژمارەیەك لە یاریزانان، ژمارەیەك یاریزانی تازەشمان لە یانەکانی دیکەی کوردستان هێناوەتە ریزی یانەکە، ئەم وەرزە ئامانجی گەورەمان هەیە بۆ تیپەکە و بە پێی پێویست هاوکاریی تیپەکەمان کردووە و پێداویستیەکانمان دابین کردووە، ژمارەیەك یاریزانی پیشەگەریشمان هێناوە، قسەمان لەگەڵ چەند یاریزانێکی دیکەش کردووە بۆ ئەوەی بێنە ریزی یانەکەمان، کە لە یانەکانی دیکەی عێراق و کوردستان یاری دەکەن، بۆیە هەرچی بکرێت بۆ سەرختنی یانەکەمان، ئەنجامی دەدەین، سوپاسی سەرۆکی یانەکەشمان دەکەین بۆ ئەو پاڵپشتییە بەردەوامەی لە تیپەکەمان دەکات، هیچ کێشە و گرفتێکمان نییە لە ریزی یانەکەماندا، بەهیوای ئەوەین لەم وەرزە ژمارەیەکی گەورە بین لە خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان.

## ڕازاو کەری

تیپی تۆپی پێی کچانی یانەی نەفتی شیمالی شاری کەرکووك ئەم وەرزە ئامانجی گەورەی هەیە لە یارییەکانی خولی تۆپی پێی کچانی یانەکەکانی عێراقی بۆ یاریگای گەورە، کە بڕیارە یارییەکانی لە ٢٥ی مانگی داهاتوو بە بەشداری ژمارەیەك لە یانەکانی شارەکانی عێراقی بەڕێوە بچێت،



## ـــــــــــم چووە نەفتی شیمال

سالانە یەکێتیی تۆپی پێی عێراقی بە مەبەستی دەستنیشانکردنی تیپی تۆپی پێی هەڵبژاردەی کچانی عێراقی ئەم پاڵەوانێتییە ئەنجام دەدات، بۆ یانەکانی عێراقی، یانەی نەفتی شیمال لە شاری کەرکووکەوە دەیەوێت زەنگی مەترسی بۆ سەرجەم یانەکانی دیکەی عێراقی لێبدات، بۆ ئەم مەبەستە گرێبەستی لەگەڵ ژمارەیەك لە کچە یاریزانانی یانەکانی دیکەی کوردستان کردووە، بۆ بەشداریکردن لە پاڵەوانێتیی یانەکانی عێراقی بۆ تۆپی پێی کچان، یەکێك لەو کچە یاریزانانەش (ڕازاو کەریم)ی کچە یاریزانی شاری هەڵەبجەی شەهیدە، کە پەیوەندی بە یانەی نەفتی شیمالەوە کردووە، لە بارەی یاریکردنیشی بۆ ئەم یانەیە، ڕازاو کەریم بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «وەکو یاریزانێکی کورد لە پارێزگای هەڵەبجەوە هاتووم، تا لە شاری کەرکووك بۆ یانەی نەفتی شیمال یاری بکەم، جگە لە خۆشم زیاتر لە حەوت یاریزانی دیکەی کوردستان لە یانەکانی شارە کوردییەکان پەیوەندییان بە یانەی نەفتی شیمالەوە کردووە، من دەمەوێت لە ڕێگەی ئەو یانەیەوە ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەم، بۆ ئەوەی ببینە پاڵەوانی عێراقی، کە تاکو ئێستا هەشت یانە بڕیاری بەشداریکردنیان داوە، خۆشتان دەزانن ئەوە یاریگای گەورەیە، ئێمەی کچانیش دەمانەوێت بە ئاست و ئەنجامی گەورەوە بەشدار بین و بتوانین ناوی خۆمان و یانەکەشمان بەرز بکەینەوە، بۆیە بە گرێبەستێك پەیوەندیمان بە یانەی نەفتی شیمالەوە کردووە».



## یاریزانێکی کورد لە یاریی تایکواندۆ دەبێتە باشترینی عێراق



لە شاری بەغداد پاڵەوانێتیی جامی باڵیۆزی کۆری بە بەشداری ژمارەیەك لە یاریزانانی کوردی یانەکانی کوردستان بەڕێوە چوو، لەم پاڵەوانێتییەشدا یاریزانێکی کورد لە ئاستی بەچکە شێران، توانی بە ئاست و ئەنجامی گەورە لە بەغداوە بگەڕێتەوە هەرێمی کوردستان، دوای ئەوەی توانی لە شەش یاریزانی بەشداربووی خولەکە بباتەوە و ببێتە پاڵەوانی ئاستی خۆی و، بە یاریزانی هەڵبژاردەی عێراقیش دیاری بکرێت، یاریزان (ئەمین ئیبراهیم) یاریزانی قوتابخانەی تایکواندۆی (پاڵەوانن) بوو، لە بارەی بەشداریکردنیشیان لەم پاڵەوانێتییە عەلی سەرکەوت ڕاهێنەری قوتابخانەی تایکواندۆی پاڵەوانن بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «وەکو قوتابخانەی پاڵەوانن بەشداریمان کرد لە پاڵەوانێتی جامی تایکواندۆی کۆری لە شاری بەغدا، لەم پاڵەوانێتییەشدا یاریزانانی تیپەکەمان توانیان ئاستی بەرز پێشکەش بکەن، یاریزانی قوتابخانەکەشمان ئەمین ئیبراهیم کە هاوکات یاریزانی یانەی جیهانە، توانی ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات لە ئاستی خۆی و، لە شەش یاریزانی بەشداربووی پاڵەوانێتییەکەی بردەوە و پلەی یەکەمی لە سەر ئاستی سەرجەم پارێزگاکانی عێراقی بەدەست هێناوە و، بووە یاریزانی هەڵبژاردەی تایکواندۆی عێراقیش لە تەمەنی ١٢ ساڵی و لە کێشی ٣٣کگم، ئەمین ئیبراهیم ماوەی سی ساڵە یاریزانی تایکواندۆیە و بە بەردەوامی مەشق و ڕاهێنان دەکات، خاوەنی پشتێنەی ڕەشە».



# خەوی دروست گرنگە بۆ تەندروستیی دڵ

نووستنێکی تەواوی شەوانە بۆ ماوەی ٧-٨ کاتژمێر واتە دڵێکی تەندروست. کەمخەوی پەیوەندی بە نەخۆشیی خوێنبەرەکانی دڵەوە هەیە، ئەگەرچی میکانیزمی تەواو لەپاڵ ئەم راستییە تا ئێستا زۆر روون نییە، بەڵام گرفتەکانی وەکو خەوزڕان Insomnia و هەناسەتەنگی لەکاتی خەودا Sleep apnea باوترین حاڵەتن کە دەبنە ئەگەری نەخۆشی لە کۆئەندامی دڵ و سووڕاندا. لە لایەکی دیکەوە بەپێی نوێترین راپۆرتەکانی کۆمەڵەی ئەمریکیی تەندروستیی دڵ AHA، کەمخەوی یان خەوی ناتەندروست، پەیوەندی بە هەڵبژاردنی خۆراکی ناتەندروستەوە هەیە، کە بە شێوەیەکی نا راستەوخۆ کاریگەریی نەرێنی دەکاتە سەر تەندروستیی کۆئەندامی دڵ و سووڕان، بۆنموونە ئاماژە بەمە کراوە کە گرفتەکانی خەو هاندەرن بۆ زیاد خواردنی شیرینی وخۆراکی کالۆری بەرز. لە کۆتاییدا،پسپۆڕان رێنمایی دەکەن کە نووستن لە ماوەی نێوان کاتژمێر ١٠-١١ ی شەو باشترین هەڵبژاردەیە بۆ کەمکردنەوەی ئەگەری نەخۆشیی دڵ، هەروەها ئاماژە بەمە دەکەن کە نووستن پێش کاتژمێر ١٠ی شەو و پاش کاتژمێر ١٢ی شەو ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ و خوێنبەرەکان تا رێژەی ٢٥٪ زیاد دەکات.



# کەمکردنەوەی کاربۆهیدرات لە خۆراکدا ئەگەری نەخۆشیی شەکرە کەم دەکاتەوە

لە نوێترین لیکۆڵینەوەدا هاتووە کە کەمکردنەوەی بڕی کاربۆهیدرات لە خۆراکدا، هاندەرە بۆ کەمکردنەوەی ئاستی شەکری خوێن و ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرەی جۆری دووەم. لە رووی زانستییەوە، پەیوەندیی کاربۆهیدرات و نەخۆشیی شەکرەی جۆری دووەم سەلمێندراوە، ئەمەش سەلمێندراوە کە کەمکردنەوەی کاربۆهیدرات لە خۆراکی رۆژانەدا هاندەرە بۆ کەمکردنەوەی کێشی لەش، کە هەنگاوێکی کاریگەرترە بۆ خۆپاراستن لە تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرەی جۆری دووەم. کۆمەڵەی ئەمریکیی نەخۆشیی شەکرە ADF ئاماژەی بەمە کردووە کە خۆراکی کەم کاربۆهیدرات هاندەرە بۆ دابەزاندنی ئاستی هیمۆگلۆبینی گلوکۆزکراو HbA1C واتە ئەو شەکرەی کە لەگەڵ هیمۆگلۆبین یەك دەگرێت و بە پشکنینێکی گرنگ و جێگای متمانە دادەنرێت بۆ دەستنیشانکردنی نەخۆشیی شەکرە، بۆنموونە ئاستی نێوان ٥,٧-٦,٥٪ بە حاڵەتی پێش نەخۆشیی شەکرە Prediabetes هەژمار دەکرێت و، ئاستی لەمە بەرزتر بە نەخۆشیی شەکرە دادەنرێت، ئەمەش روونکراوەتەوە کە بە تێکڕای پاش شەش مانگ لە پەیڕەوکردنی خۆراکی کەم کاربۆهیدرات، ئاستی HbA1C تا رێژەی ٠,٢٣٪ کەم دەبێتەوە.

# هۆکارەکانی ساردبوونی پێیەکان



ساردبوونی پێیەکان Cold feet لە هەموو حاڵەتێکدا نەخۆشیی لەپاڵ نییە، بەڵکو لە گەلێك کەسدا بە شێوەیەکی ئاسایی لە مانگە ساردەکانی زستاندا دەبینرێت. ساردبوونی پێیەکان کە لە رادەبەدەر بێت و ببێتە هۆی نارەحەتی، بەتایبەتی لەکاتی شەودا، ئەوا پێویست بە بەدواداچوونی پزیشکی دەکات، بۆ زانینی ئەوەی کە هۆکاری ساردبوونی پێیەکان تەنیا بۆ ساردیی دەوروبەر و گۆڕینی ستایلی ژیان دەگەڕێتەوە یان نەخۆشی. بە شێوەیەکی ئاسایی، لەکاتی سەرمادا بۆڕییەکانی خوێن تەسك دەبنەوە، بەتایبەتی لە بەشە دوورەکانی لەش کە زیاتر دەست و پێیەکان دەگرێتەوە بەمەبەستی رێگرتن لە ونکردنی گەرمیی لەش، دەرەنجام دەست و پێیەکان سارد دەبن و هەندێك جاریش شین و مۆر هەڵدەگەڕێن. هۆکارە نەخۆشییەکانی ساردبوونی پێیەکان بریتین لە: پەستی و سترێسی درێژخایەن کە دەبنە هۆی زیاد دەردانی هۆرمۆنی ئەدرینالین، کە بۆرییەکانی خوێن لە پەلەکاندا تەسك دەکاتەوە و دەست و پێیەکان سارد دەبن، زیاد دانیشتن و کەمی جووڵەی بەدەن،ی کە هۆکارن بۆ کەمبوونەوەی سووڕی خوێن لە قاچ و پێیەکاندا، ئاستی بەرزی کۆلیستیرۆڵی خوێن کە بووبێتە هۆی تەسبکوونەوەی خوێنبەرەکانی قاچ، کەمخوێنی لەبەر کەمیی ئاسن یان ڤیتامین B9 یان ڤیتامین B12، سستبوونی گلاندی دەرەقی کە هۆکارە بۆ کزبوونی کرداری میتابۆلیزمی Metabolism لەش، کە کاریگەریی نەرێنی دەکاتە سەر سووڕی خوێن و پلەی گەرمیی لەش و لێدانەکانی دڵ.

# ڤەیپ وەکو جگەرە زیان بە بۆڕییەکانی خوێن دەگەیەنێت



لێکۆڵینەوە نوێیەکان جەخت دەکەنەوە کە کێشانی ڤەیپ بە هەمان ئەندازەی جگەرەی ئاسایی کاریگەریی نەرێنی دەکاتە سەر بۆڕییەکانی خوێن، ئەمە جگە لە زیانە زۆرە زانراوەکای دیکە. لە لێکۆڵینەوەکاندا باسی ئەمەش کراوە کە ڤەیپ و جگەرە دەبنە ئەگەری تێکدانی خانەکانی ناوپۆشی بۆڕییەکانی خوێن، کە هۆکارە بۆ رەقبوونی خوێنبەرەکان و دروستبوونی تۆپەڵی مەییوی خوێن Thrombosis لە ناو بۆڕییەکانی خوێندا. ئەگەرچی دوکەڵی ڤەیپ هەموو ئەو ماددە کیمیاییانە لەخۆناگرێت کە لە دوکەڵی جگەرەی ئاساییدا هەن، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هێشتا زیانی تەندروستیی هەیە، بەتایبەتی بۆ سییەکان، دڵ، مێشك و ئەندامی دیکەی لەش. پسپۆرانی کۆلێژی پزیشکیی زانکۆی ئۆهایۆ جەختیان کردووەتەوە کە هەردوو جگەرە و ڤەیپ هۆکارن بۆ راهاتن و کاریگەریی نەرێنی تەندروستیی درێژمەودا، ئاماژە بەمەش کراوە کە ڤەیپ بە هەمان شێوەی جگەرە کاریگەریی نێگەتیڤی هەیە بۆ فرمانی دڵ و زیانەکان لەکاتی دووگیانیدا بۆ سییەکانی کۆرپە. لە کۆتاییدا پسپۆران جەخت دەکەنەوە کە کێشانی هەر دوو ڤەیپ و جگەرە لەکاتی جیاوازدا نەك لە زیانەکان کەم ناکاتەوە، بەڵکو خراپترە لە کێشانی جگەرە بەتەنیا.



# سوودەکانی چەوەندەر بۆ پێست

چەوەنـدەر سـوودی تەندروسـتیی زۆری هەیـە، بۆ پێستیش سوودی تایبەتی هەیە وەکو: سافکردن و پەمەکردنی پێستی دەموچاو، چونکە چەوەندەر بڕێکی باشی پرۆتین و کانزا و ڤیتامینەکان، بەتایبەتی ئاسن و فۆسفۆر و ڤیتامین C لەخۆ دەگرێت، ڕێگرتن لە زیپکە، چونکە چەوەندەر دەوڵەمەندە بە مادده دژەئۆکسانەکان Antioxidants، خۆپاراستن لە لەکە و تاریکبوونی ڕەنگی پێست، زیادکردنی ڕەونەق و پەمەیی لێوەکان، جا بە خواردن یان بەکارهێنانی شیرەی چەوەندەر ڕاستەوخۆ بۆ لێوەکان، دواخستنی کرداری پیربوون و لۆچبوونی پێست، بەهۆی ڕێژە بەرزەکەی ڕیشاڵ و ترشە ئەمینی بیتەین Betaine و ڤیتامین C هاوکات لەگەڵ کەمکردنەوەی ئاستی هەوکردن و دابەزاندنی پەستانی خوێن، پاراستنی پێست لە کاریگەرییە خراپەکانی تیشکی خۆر، بەتایبەتی تاریکبوونی ڕەنگی پێست، خۆپارستن و کەمکردنەوەی ئەگەری پەیدابوونی ئەڵقەی تاریکی دەوری چاو Dark circle لە ڕێگەی هاندانی نوێبوونەوەی خانەکانی پێست بە هۆی ڕێژە بەرزەکەی پۆتاسیۆم و ڤیتامین C، بەتایبەتی بە بەکارهێنانی شیرەی چەوەندەر ڕاستەوخۆ بۆ پێستی دەوری چاوەکان، ڕێگرتن لە وشکبوون یان کەمبوونەوەی شلە لە پێستدا، کەمکردنەوەی هەڵوەرینی قژ و هاندانی گەشەی قژ، هەروەها سووککردنی توێشکی پێستی سەر و کەمکردنەوەی خورشت.



# زیانەکانی خواردن درەنگانی شەو

ئەمە سەلمێنراوە کە دواخستنی ژەمی ئێواران، یان خواردن لە کاتێکی درەنگی شەودا زیان بە تەندروستی دەگەیەنێت. لە ڕاپۆرتی توێژەرانی کۆلێژی پزیشکیی هارڤارددا هاتووە،کە خواردن لە درەنگانی شەودا هاندەرە بۆ زیادبوونی ئارەزووی خواردن و کەمکردنەوەی سەرفکردنی وزە، دەرەنجام گۆڕان بەسەر میتابۆلزمدا دێت و ڕێژەی چەوریی لەش زیاد دەبێت و کێشی لەش زیاد دەکات. ئەمەش ڕوون کراوەتەوە کە خواردن لە درەنگانی شەودا ئەگەری زیادبوونی کێش و قەڵەوی تا دوو هێندە زیاد دەکات، هاوکات لەگەڵ قورسبوونی دابەزاندنی کێش پاش پەیڕەوکردنی بەرنامەی ڕیجیم و مەشقی وەرزشی، یان تەنانەت ئەنجامدانی نەشتەرگەری بۆ دابەزاندنی کێش Bariatric surgery. جگە لە هاندانی زیادخواردن کە گەلێك جار بڕی زیادی خۆراکی ناتەندروست دەگرێتەوە، خواردن لە درەنگانی شەو دەبێتە ئەگەری گرفتی تەندروستیی دیکەی وەکو: تێکچوونی هەرسکردنی خۆراك کە لە گەلێك حاڵەتدا هاوکات دەبێت لەگەڵ ئازاری گەدە یان سك و، زیادبوونی ترشەڵۆکی گەدە کە لەوانەیە بگەڕێتەوە بەشی خوارەوەی سوورێنچك تا دەگاتە قوڕگ و، کەسەکە لە خەو بیدار بکاتەوە، تێکدانی ڕیتمی کاتژمێری بایۆلۆژی لەش Circadian rhythm کە جگە لە زیادبوونی کێشی لەش، کاریگەریی نەرێنی دیکەی بۆ تەندروستی دەبێت، هەروەها زیادبوونی ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرە و بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن.



# کاتژمێری دەست و شەحنکردنەوە

کاتژمێرە زیرەکەکان پانتاییەکی باشیان لە جیهانی تەکنەلۆژیا داگیرکردووە، ڕکابەرێکی جیدی مۆبایل دەکەن. زۆربەی کاتژمێرە سمارتەکان ئامێری گرنگن بۆ لەش ڕێکی و ڕاهێنەری و یارمەتیدەری وەرزشی.

کاتژمێری زیرەکی جۆری Wearbuds W26 لەگەڵ ئەوەیدا گشت تایبەتمەندییەکانی کاتژمێرێکی زیرەکی تێدایە، تایبەتمەندییەکی گرنگی هەیە کە لە هیچ کاتژمێرێکی زیرەکدا نییە. کاتژمێری ناوبراو دەکرێت وەك ئامێری شەحنکردنەوەی هیدفۆن سوودی لێوەربگیرێ و لە نیمچە بازنەیەکی کاتژمێرەکە دوو شوێن هەیە بۆ شەحنکرنەوەی ئامێرەکان. جگە لەوەش چاودێریی تەندروستی بەکارهێنەرەکەی دەکات، وەك زانینی ڕێژەی ئۆکسیجین لەناو خوێندا، لێدانی دڵ، گرتنی زەختی خوێن، گەرمای جەستە، چاودێری کردنی خەو و ئاگادارکردنەوە لە کاتی کەم جوڵەییدا.




# هەستەوەرێک بۆ دەرخستنی کۆدی ڕەنگەکان

کاتێك ئۆتۆمبیلێك تووشی پێکدادان دەبێت و پێویستی بە چاککردنەوەیە، وەستای ڕەنگ ئەگەر بەتەواویش وەك خۆی ڕەنگی بکاتەوە و هەمان ڕەنگی خۆی لێبداتەوە، هێشتا جیاوازییەکە هەستپێدەکرێ. چونکە وەستای ڕەنگ نازانێت کۆدی ڕەنگی ئۆتۆمبیلەکە چییە و چەندە.

بۆ زانینی کۆدی ڕەنگی هەموو شتێك، هەستەوەری Nix Mini 2 Color Sensor گرنگییەکی تایبەتی هەیە. ئامێرێکی بچووك بەقەد دەنکە گوێزێك، بەڵام کاراییەکی زۆر. ئەو ئامێرە بەتەواوی وەك خۆی کۆدی ڕەنگەکان دەناسێنێ و ڕێژەی ڕەنگەکان دیاری دەکا. مەرج ئەوە نییە هەر لە بواری چاککردنەوەی ئۆتۆمبیلدا سوودی لێوەربگیرێت بەڵکو بۆ پیشەسازی، بیناسازی و فەرش و پارچە چنین و زۆر بواری دیکە سوودی لێدەبیندرێ. ئامێرەکە لە ڕێگای بلوتوسەوە لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێ و لە ئاپێکی تایبەتدا کە لەسەر مۆبایلەکە داندراوە زانیارییەکان نیشان دەدرێن.




# هاپ و مێزی لاپ

زۆر لەوانەی لاپتۆپ بەکاردێنن، گرنگی مێزی لاپتۆپ نازانن! مێزی لاپتۆپ وەك گیانی لاپتۆپ وایە و زۆربەی هەرە زۆری تێکچوونی لاپتۆپەکان بەهۆی نەبوونی مێزی لاپتۆپە. هۆکارەکەی ئەوەیە لەکاتی کارکردندا فشارێکی زۆر بۆ لاپتۆپ و دێ و گەرم دادێت و گەرماکە بەهۆی فەن (پانکە)کانیەوە فڕێ دەداتە دەرەوە، بەڵام کاتێك تۆ لەسەر مێزێکی ئاسایی یا لەسەر مۆبڵ یا شتێکی دیکەی دادەنێی، بە ئاسانی هەوا گەرمەکە ناچێتە دەرەوە، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی لە ماوەیەکی کەمدا لاپتۆپ تێك بچێت.

مێزی لاپتۆپ گەلێك جۆریان هەیە، مێزی لاپتۆپی Topwork-12-in-1-12 ناوەکەی خۆی



# بەهێزترین پاوەربانک بۆ گشت ئامێرێک

پاوەربانــك لــە شــوێنێكی وەك هەرێمــی ئێمــەدا گرنگیــی خــۆی هەیــە، چونکــە کارەبــا لــە هەمــوو کاتێکدا وەك پێویست نییــە و زۆربــەی ئامێرەکانیــش پێویســتیان بــە شــەحنکردنەوە هەیــە، وەك مۆبایــل، لاپتــۆپ، تەبلێــت، کامێــرا، کاتژمێر...تــاد. پاوەربانکــەکان لــەو کاتــەدا جێگــەی کارەبا دەگرنــەوە. پاوەربانکــی جــۆری Sherpa 100PD، پاوەربانکێکەبۆ زۆربــەی ئامێرەکان دەبێت، هەڵگرتنی ئاسانە و ئامێرێکــی زۆریــش شــەحن دەکاتــەوە. تایبەتمەندییەکانــی ئەوانەن:

- ١٠٠ وات بۆ پۆرتی USB-C بەمەبەستی خێرا بارگاوی کردنەوەی ئامێرەکان.
- شــەحنکردنەوەی بــێ وایــەر بــۆ ئــەو ئامێرانــەی تایبەتمەنــدی بــێ وایەریــان هەیــە.
- شاشەیەك بۆ نیشاندانی زانیارییەکانی تایبەت بــە بارگاوی کــردن.
- کێشی ٦٨٠ گرامە.

گشــت ئــەو پۆرتانــەی تایبەتــن بــە شــەحنکردنەوە لــەو پاوەربانکــەدا هەیــە. جگــە لــەوە لاپتۆپیــش شــەحن دەکاتــەوە.

## تۆپ پێکەوە





بەخۆیەوەیە، واتە ١٢ بەشی گرنگ لە یەك مێزدا. مێزی ناوبراو هەم هاپە و هەم مێز. ئەوەی تایبەتە بەلاپتۆپ و تەنانەت ئەوەی بەووشی تایبەت نییە لە هاپەکە دایــە، وەك پۆرتی HDMI چەندین پۆرتی USB، شــەحنکردنەوەی بــێ وایــەری مۆبایل و کاتژمێری زیرەك. شوێنی کارتی SD و TF بۆ گواســتنەوەی داتــاکان بە خێرایی ٤٨٠ میگابیت لــە چرکەیــەکدا. شــوێنی پۆرتــی VGA بــە روونــی فــوول ئیــچ دی. مێزەکــە بــۆ لاپتۆپ تا قــەوارەی ١٧ ئینــچ دەگونجێت و دەتوانێ کێشــی ٥ کیلۆیی لەسەر دابندرێت. کێشی مێزەکە تەنیا یەك کیلۆیە.

# ئەنگوستیلەیەک و هەموو شتێک



لە جیهانی دیجیتالی نوێدا هەر ڕۆژە داهێنانێکی نوێ دەبینین، داهێنانی وا کە بە زەین و خەیاڵیشمدا نەدەهات. بۆ نموونە ئەنگوستیلەی جۆری R1 Acgam کە خۆی گەیم پەدێکی بچووکە.

گەیم پەدی ناوبراو وەك ئەڵقەیەك لە پەنجە دەکرێت و هەموو ئەرکێکی پێ ئەنجام دەدرێ، دەبێتە ماوسێکی تەواو بۆ کۆمپیوتەر و تەبلێت و مۆبایل. بەهۆی سیستەمی بلوتوس ٤ەوە لەگەڵ ئامێرەکان پەیوەند دەدرێ، ڕاستەوخۆ هەردوو سیستەمی ئەندرۆید و ئای ئۆ ئێس دەناسێت. مەودای کارکردنی ١٠ مەترە. گەیم پەدەکە دەبێتە کۆنترۆڵی کامێرای دیجیتالی و دەکرێت لە دوورەوە وێنەی پێبگری، هەروەها دەکرێت لەگەڵ شاشەی کتێبخوێندنەوەی دیجیتالی پەیوەند بدرێ و بەکارهێنەر لە دوورەوە لاپەڕەی کتێبە دیجیتالییەکان هەڵبداتەوە. هەروەها لەگەڵ سپیکەرە بلوتوسیەکان پەیوەند دەدرێ و دەکرێت کۆنترۆڵی مۆسیقای پێبکرێت. نەتەنیا ئەو ئامێرانەی ئاماژەمان پێدان بەڵکو دەکرێت لەگەڵ هەر شتێك کە سیتسەمی بلوتوس هەیە پەیوەند بدرێت و بۆ نموونە چاویکە زیرکەکان و هێدسێتەکان. لەگەڵ ئامێری گەیمەکانی وەك پلەی ستەیشن و هاوشێوەکانی پەیوەند دەدرێ و دەکرێت لە مەودای دە مەتر دوور لە شاشە یاری پێبکەی و دوگمەی تایبەتی بە گشت یارییەکی تێدایە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک


خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت چۆن بتوانم لە پەیامە دەنگی و دەقی و وێنەکانی لە واتساپەوە بۆم هاتوون لەبەرگرتنەوە بکەم و لە شوێنێکی دیکەدا هەڵیانبگرم؟

خوێنەری بەڕێز وشەی backup واتە هەڵگرتن و ئەرشیف کردنی داتاکان، لە واتساپدا وەك زۆربەی پرۆگرامەکانی دیکە لەبەرگرتنەوەی پەیامەکان زۆر ئاسانە، لەسەرەتادا بچۆ بۆ ئەو شوێنەی سێ خاڵ لەریزی یەکن و لەوێدا Settings هەڵبژێرە، پاشان فەرمانی chats لێبدە و دواتر بەشی Chat backup لێبدە و دوای ئەوە، شوێنێك دەکرێتەوە کە ئایا پەیامەکان لە کوێدا هەڵدەگری، لە گوگڵ درایڤ یا لە ئیمێلی خۆتدا و ئایا ڤیدیۆکانیش هەڵدەگری یا نا؟ بەو شێوە ئاسانە دەکرێ لەبەرگرتنەوەی پەیامەکانی واتساپ بکەی.

# پرۆگرامێک بۆ ڕێکخستنی کەلوپەلی ماڵەوە

دیکۆراسیۆنی ماڵەوە واتە دانانی کەلوپەلی ماڵەوە بەشێوەیەکی ئەندازەیی و دیزانێکی سەرنج ڕاکێش زۆر گرنگە، واتە چ مێز و کورسییەك لەگەڵ ستایلی چێشتخانەکەت دەگونجێ و چۆن دابندرێ، یان تەلەڤزیۆن و کەلوپەلی دیکە چۆن بن و لە کوێ دابندرێن، پەردەکان چ ڕەنگ بن و لەسەر چ مودێلێك بن. ئەوانە پێیاندەگوترێ ڕێکخستنی دیکۆراسیۆنی ماڵەوە.

پرۆگرامی Room Arranger دەتوانێت ئەرکی ڕێکخستنی ژوورەکانتان لەسەر کۆمپیوتەر و بە شێوەی مەجازی نیشان بدات. بۆ نموونە ژووری کار چۆن بێت. ژووری دانیشتن چی لێدابنرێت، چێشتخانە چۆن بێت...تاد.



بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە شوێنی هەموو شتەکان دەبیندرێن و دەکرێت جووڵەیان پێبکەی و تا ئەوکاتەی بە ویستی خۆت دەبێت. بەهۆی پرۆگرامی ناوبراو بەبێ ئەوەی ماپی ژوورەکان لەسەر کاغەز بکێشیەوە دەتوانیت چەندین جار دیکۆراسیۆنی ژوورەکان بگۆڕی. پرۆگرامەکە هەر تایبەت بە ژوور و شوقەکان نییە بەڵکو دەکرێت بۆ باخ و باخچەش بەکار بهێندرێت. دیزاین و دانانیان بەشێوەی سێ ڕەهەندی لە پرۆگرامەکەدا دەبیندرێت.



# کامێرای دوو ڕەهەندی و سێ ڕەهەندی

بۆ گرتنی وێنەی سێ ڕەهەندی 3D پێویستی بە کامێرای تایبەتە، کامێرایەك لە هەموو لایەکەوە وێنەی بگرێت. کامێرا سێ ڕەهەندییەکان قەبارە و کارکردیان جۆراوجۆرن. کامێرای جۆری Vuze XR 3D کامێرایەکی تایبەتە وەك چاوی کوندەپەپۆ دەچێت. فیلمی سێ ڕەهەندی لە ١٨٠ وە هەتا ٣٦٠ پلە دەگرێت. کوالیتی وێنەکانی زۆر بەرزن و زیاتر لە 4K بەڵکو وێنەکانی 5.7Kین. هەروەها فیلم هەڵگرتنەوەش بەو کامێرایە زۆر بەرزە. دوو هەستەوەری ١٢ میگاپیکسلی تێدایە و ئاوێنەکەی ٢١ پلەیە. چوار مایکی تێدایە بۆ ئەوەی لە هەموو لایەکەوە دەنگ تۆمار بکات. لەیەك کاتدا چوار دەنگی AAC تۆمار دەکا. پرۆگرامی تایبەتی تێدایە بۆ هەردوو سیستەمی مۆبایل واتە ئەندرۆید و ئای ئۆ ئێس و لە دوورەوە کۆنترۆڵ دەکرێت. ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئینتەرنێت پەیوەند دەدرێت و دەکرێت بەشێوەی ڕاستەوخۆ فیلمەکان بۆ سەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەك فەیسبوك و یۆتیوب بگوازیەوە. باترییەکەی هەتا کاتژمێرێك فیلم گرتن دانابەزێت. ئەو ڕێژەیە بۆ کامێرایەکی وا کەمە. لەژێر ئاویشدا وێنە دەگرێ و تێکناچێت.

# ئامێرێک بۆ پێوانەی چەوریی جەستە

کۆبوونەوەی چەوری لە ڕادەی پێویست لە جەستەدا، دەبێتە هۆی قەڵەوی و تێکچوونی تەندروستی. تەرازووەکان تەنیا کێش دەپێون و هیچی دیکە. ئەگەر بتهەوێ بەباشی چەوریی جەستەت بزانی یا دەبێ پشکنینی پزشکی بکەی یا ئامێری Skulpt بەکار بهێنە. ئەو ئامێرە بەقەد مۆبایلێك دەبێت و دەتوانی بەهۆیەوە بزانی کام بەش لە جەستە چەوریی زیاتر یتێدا کۆبۆتەوە. خودی ئامێرەکە لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێ و زانیاری و داتاکان دەگوازێتەوە بۆ مۆبایل. پرۆگرامێکی تایبەت بەخۆی لەسەر مۆبایل دادەنرێ و دوای دەستنیشانکردنی چەوریی شوێنێك لەجەستە، ڕاهێنانی تایبەت بۆ تواندنەوەی ئەو چەورییە لە جەستەدا لە ئاپەکەدا پێشنیار دەکا. ئامێرەکە لە ڕاستیدا سکانی جەستەی بەکارهێنەرەکەی دەکا. ڕێژەی سەدی جەستە بەگشتی بە خێرایی دەپێوێ، هەروەها ڕێژەی ٢٤ بەشی جەستەش بە جیا دەپێوێ. پاشان زانیارییەکان بۆ سەر مۆبایل بەرێ دەکا و لەوێوە ڕاهێنانی تایبەت بە کەمکردنەوەی ئەو بەشە پێشنیار دەکا.






# ماڵپەڕێکی سەرنج ڕاکێش تایبەت بە ساڵی لەدایکبوون

حەزدەکەی بزانی ئەو ساڵەی کە تۆ لەدایك بوو، جیهان لە چ قۆناغێکدا بووە لە بواری ئابووری و سیاسی و ڕۆشنبیری و گشت لایەنێکی دیکەوە؟ چ ڕووداوگەلێکی گرنگ لەو ساڵەدا ڕوویانداوە؟ ماڵپەڕی http://wha-/thappenedinmybirthyear.com ماڵپەڕێکی گرنگە لەو بوارەدا، کاتێك ماڵپەڕەکە دەکەیەوە زۆر سادە دێتەبەرچاو تەنیا بۆکسێکەو هیچی دیکە لە بۆکسەکەدا ساڵی لەدایکبوونت دەنووسی، دوای ئەوە ماڵپەڕەکە بەشێوەی داتاشۆ دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ساڵی لە دایکبوونت و بەشێوەیەکی چیرۆك ئاسا لە یەکەم ڕۆژەکانی ساڵی مەبەستت دەست پێدەکا و هەتا ئەوکاتەی کە تێیدای بەشێوەی چیرۆك و شیکاری و لێکدانەوەی ورد باسی ڕووداوگەلەکانی ئەو ساڵەت تا ئێستا بۆ دەکات.



# خشڵی بەرد و مووروو قەشەنگن

گۆڤاری (برایدێرز) باس لە خشڵ و ئێکسسوارەکان دەکات، جەخت لەسەر (ئەڵقە و ئەنگوستیلە) دەکاتەوە و تیایدا ئاماژەی بە خانمان کردوە کە دەتوانن واز لە مۆدە کلاسیکەکان بهێنن و لەبری ئەوە، گرنگی بە خشڵی بەرد و زومرەدی بدەن، جگە لەوەی ئێکسسواری زێڕ و زەبەند و ئەڵماس بە نرخێکی گران دەکڕدرێن، دەکرێت بەو نرخە کۆمەڵێك خشڵی بەرد و پلاستیك بەدەست بهێنیین، کە بۆ زۆربەی بۆنە و یاد و دەرچوون و دەوامیش دەپۆشرێن، ئێستا زۆربەی خانمە ئەکتەر و ناودارەکانی جیهان روویان لە ئێکسسواری زومرەدی و بەردین کردووە، پێیان وایە جوانیی ئەو ئێکسسوارانە جیاوازە لەگەڵ کلاسیکەکان، مۆدێکی تازەیە و شتێکە تۆ بە تەنیا دەیپۆشیت، لەو گۆڤارەدا هاتووە: خانمان دەتوانن سوود لەو جۆرە ئێکسسوارانە وەربگرن کە شێوەی هێلکەیی و بازنەییان پێوە دیارە، ئەو مۆدە باوانەی ئەو جۆرە ئێکسسوارە بریتیین لە ئەشلین، سیپێل، بریسلیت، ئەندورۆمێدا، ئەنتیك، ئەنگارا و کاڵدۆنیا.





# چۆن ڕەنگی سپی بۆ جلوبەرگ دەگەڕێنیتەوە؟

شووشتنی جلوبەرگ ماندووبوونی جارانی نەماوە و ئێستا زۆربەی بە ئامێرەکانی جلشۆر ئەنجام دەدرێن، هەندێك لە خانمان کە حەز دەکەن بە دەست جلوبەرگە تایبەتەکانیان بشۆرن، تاوەکو ڕەنگی جلەکە و شێوەی تێك نەچێت، هەروەها پاککردنەوەی جلی سپی کە پێویستە بە جیا لە نێو جلشۆرەکاندا دابنرێت، تاوەکو ڕەنگی نەگۆڕێت بە هۆی بوونی ڕەنگی جلی دیکەوە، بۆ ئاگاداربوون لە ڕەنگی سپی هەر جلێك لە کاتی جلشۆریندا، دوو ڕێگەی سەرەکی هەیە بۆ پارێزگاری لە تەواوی ڕەنگی سپی هەر جلێك، ئەو جلانەی سپین و زەرد هەڵگەڕاون یان پیس بوون، یەکەم: پێویستە لە نێو تەشتێکدا ئاودا دابنرێت کە بزر بێت، هەروەها هەندێك ئاوی لیمۆ لە ئاوەکە بکرێت، تاوەکو پلەیەکی زۆر ئاوەکە گەرم بکرێت تا دەکوڵێت، پاشان جلەکە لە نێو ئاوەکە بۆ ماوەی یەك کاتژمێر بمینێتەوە، دەکرێت ئاوی لیمۆ بخرێتە ناو ئامێری جلشۆر، هەمان ئەنجامی بەدەست دەهێنێت، ئەو ڕێگەیە بۆ ئەو جلە سپییانەیە کە ڕەنگیان ڕۆیشتووە، یان ڕەنگی سپێتی خۆیان لە دەستداوە. ڕێگەی دووەم: لە دوای ئەوەی جلەکە دەشۆردرێت پاشان لەبەر تیشکی خۆر دادەنرێت، کە کاریگەریی تەواوی لە گەڕاندنەوەی ڕەنگی سپی جلەکەدا دەبێت، هەروەها دەکرێت سرکەی سپی بخرێتە ناو شوێنی شۆردنی جلەکان، بەکارهێنانی خوێی ئاسایی کاریگەری لەسەر گەڕاندنەوەی ڕەنگی سپی جل هەیە، هەروەها دانانی جلی سپی کاتێك زۆر پیس بووە لە نێو فاسدا ئەنجامێکی باشی بۆ گەڕاندنەوەی ڕەنگی سپی سرووشتی جلەکە دەبێت.



# جانتاکانی وەرزی سەرما

گۆڕانکاری لە وەرزەکاندا واتە گۆڕینی مۆد و شێوازەکانی جلوبەرگ و ئێکسسوارەکان، هەر خانمێك پێویستی بە چەندین ئێکسسوار و جل هەیە، لە وەرزی زستاندا پێویستە کەرەستەکانی زستانە لە ڕووی مۆد و ئێکسسوارەکانەوە هەبێت، جانتای دەست یەکێکە لەو کەرەستە سەرەکییانەی کە هەمیشە یاوەری ئافرەتان دەکەن، چ وەك کەرەستەیەك بۆ هەڵگرتنی پێداویستییەکان، چ بۆ بەکارهێنانی وەك کەرەستەیەکی جوانکاری. مۆدە تازەکانی ئەو ئێکسسوار لە کۆمەڵە جانتاکانی بەناو مۆدەی (INSIGNA)ـە، کە یەکێکە لە زنجیرە مۆدەکانی کارۆلینا هێرێرایی ئیسپانی، ئەو کۆمەڵە جانتایە لە پێست دروست کراون، کە بە نەخشێکی سادە و هێڵکاری نەخشێندراون، نەرمونیانیی پێوە دیارە، چ لە ڕووی بینین یان دەست لێدا. مۆدەکانی ئەو جانتایە لە ڕەنگەکانی (زەرد و ڕەش و سوور) پێك هاتوون، شێوەی چوارگۆشە و لاکێشەن لە (١٠) شێوەی جۆراوجۆر پێك هاتوون.







# جوانترین و سەیترین شوێنەکانی وەستانی پاس

سەیرترین شوێنەکانی پاس دەکەوێتە کەنداوی (شێتلاند)، لە ناوچەی نیمچە دوورگەی وڵاتی سکۆتلەندا، شوێنەکانی پاس لەو ناوچەیەدا، هەر یەکەی جۆرێکە، هەندێکیان جۆلانێی لێ دانراوە، بەشێکی دیکەیان تەلەفزیۆن و ئامێرەکانی گەرما و سەرما، لە بەشێکی دیکە یارییەکانی وەك تێنس و شەترەنج دانراوە، هەندێکی دیکەش ئامێرەکانی لاوازکردنی بۆ دانراوە، جۆرێکی دیکەی کتێبخانەیە، هەموو ئەوانە بۆ خزمەتکردنی خەڵکە، تا لە کاتی چاوەڕوانیدا بێزار و بێتاقەت نەبن.



# گەورەترین دەمی مرۆڤ

هەندێ کەس بە گەورەیی دەمیان بەناوبانگن، کە قەبارەی دەمیان جیاوازە لەگەڵ هەر کەسێکی دیکە، مرۆڤ بە قەمیشێك خواردنەوەیەك نۆش دەکات، هەندێ جار بۆ خۆشی و بۆ گاڵتە دەیکات بە دووان و سێیانیش، بەڵام کەس وەك ئەو گەنجە هیندستانییەی پێ ناکرێت، چونکە دەتوانێت زیاتر لە دەستەیەکی قەمیش بخاتە نێو دەمییەوە، ئەو گەنجە ناوی (مانۆج کۆمار)ە و تەمەنی (٢٣) ساڵە، لە ویلایەتی ئۆدیشیا دەژی، کە دەکەوێتە لای باکووری ڕۆژهەڵاتی هیندستان، کە بۆ بەدەستهێنانی نازناوی خاوەن گەورەترین دەم، توانی (٤٥٩) قەمیشی خواردنەوە بخاتە نێو دەمییەوە، هەروەها توانی بۆ ماوەی (١٠) چرکە بە یەکێك لە قەمیشەکان خواردنەوەیەك نۆش بکات.

# به درێژایی تەمەنی جگەر و دڵ و گورچیله دەبرژێنێت

ئەحەی گوڵە ٧٤ ساڵە خەریکی جگەر و گورچیلە دەبرژێنێ، ئەحمەد حەسەن کە بەهۆی پیشەکەی و قسە خۆشەکانییەوە لە سلێمانی بە ئەحەی گوڵە ناسراوە و لای زۆربەی خەڵکی شاری سلێمانی خۆشەویستە، هەندێك کەس تەنیا بۆ قسە خۆشەکانی نەوەك بۆ گۆشت و جگەر و تکەکەی سەردانی دەکەن، هەندێك جاریش دوای نۆشکردنی خواردنەکە، بۆ ماوەیەکی زۆر لەلای دەمێننەوە و قسەی خۆش و بەسەرهاتی ڕۆژانە باس دەکەن، ئەحەی گوڵە لە ساڵی ١٩٤٩وە سەرقاڵی برژاندنی جگەر و دڵ و گورچیلەیە، لە تەمەنی ١٧ ساڵییەوە ئەو کارە دەکات و خیبرەیەکی زۆر باشی لە برژاندن و ئامادەکردنی جگەر و گورچیلەدا هەیە، وەك خۆی دەڵێت: ئەو خواردنە تایبەتە و بە پێزە و بۆ جەستەی مرۆڤ سوودی هەیە، بۆیە خەڵکی زۆر ڕووی تێ دەکەن و بە دڵیانە، سەرەڕای خواردنەکانی، موشتەرییەکانی حەز بە قسە خۆشەکانی دەکەن زۆر لە کەسایەتی و هونەرمەندانی سلێمانی گەلێك جار بۆ ژەمێك خواردن لە دووکانەکەی ئەو کۆدەبنەوە، جگە لە خۆشیی بە خواردنەکانی، هەروەها بەزم و سەفای لەگەڵ خەڵکدا بێ سنوورە.

**فۆتۆ دانا حمه غریب**



# نووسینەوەی قورئانی پیرۆز به درێژیی ٥٠٠ مەتر

خۆشنووسێکی کشمیری هەموو قورئانی پیرۆز لە سەر کاغەزێکی ٥٠٠ مەتر لە ماوەی ٧ مانگدا دەنوسێتەوە، خۆشنوسەکە ناوی موستەفا جەمیل و تەمەنی ٢٧ ساڵە، خەڵکی باکووری کشمیرە، ئەم خۆشنووسە بەم داهێنانەی ژمارەی پێوانەیی نوێی لە جیهاندا تۆمار کردووە، هەموو قورئانی پیرۆزی لەسەر پەرتووکێکی کاغەزی کە درێژییەکەی ٥٠٠ مەترە، لە ماوەی ٧ مانگدا نوسیوەتەوە، ئەم گەنجە ٥٠٠ نوسخەی قورئانی پیرۆزی بەم شێوازە بە خەتێکی خۆش نوسیووەتەوە، و هەموو کارەکەشی بە دەست ئەنجام داوە، کە ئەمەش ماندووبوونێکی زۆری دەوێت تا بتوانێت قورئانی پیرۆز بە جوانی و بەبێ هەڵە بنووسێتەوە، ئەو کارەی بۆ ناوبانگ نەکردووە، بەڵکو بۆ ئەوەیە نوسخەیەکی گەورەی قورئان هەبێت، تاوەکو لە هەموو دونیایدا بڵاو بکرێتەوە.







# بەلەمی شووشە و روون

ئەندازیارانی کۆمپانیای (Clear Blue Hawaii)، توانیان گەورەترین خزمەت بە بواری دەریاوانی پێشکەش بکەن، ئەو پرۆژەیە لەلایەن ئەندازیارێك بە ناوی (جۆن کایاك) پێشکەش بە کۆمپانیاکە کرا، ئەویش بە روونکردنی تەواوی بەلەم و کەشتییەکان، بە تایبەت بەشی ژێرەوەی تا ئەوانەی لەناو بەلەمەکاندان، بتوانن بە سادەیی ناو ئاوەکە لە رێگەی روونی بەلەمەکانەوە ببینن. پرۆژەکە رەزامەندی لەسەر دەرا، دواتر بیریان لەوە کردەوە کە ئەگەر شووشە بەکاربهێنن، رەنگە نوقم بێت، بۆیە ماددەی (پۆل کاربۆنی)یان بۆ ئەو مەبەستە تەرخان کرد، بە تێکەڵاوی لەگەڵ شووشەی بەهێز و پتەو، کە گوللە نەبڕە، تا پێکهاتەیەکیان دروست کرد بۆ نێو ئاو دەگونجێت و روونیشە وەك شووشە، نرخی ئەو جۆرە بەلەمە لە (١٤٩٠) دۆلار دەست پێ دەکات و جێگەی دوو تا چوار کەس دەبێتەوە.

# یاسا



**ماددەی (٤٠٦) تایبەت بە کوشتن**

بارودۆخی توندکردنی سزای تاوانی کوشتنی بەئەنقەست، هەر کەسێك کەسێکی دیکە لە یەکێك لەو بارودۆخانەی خوارەوە بکوژێت بە لەسێدارەدان سزا دەدرێت: ئەگەر پێشتر نیازی کوشتنی هەبێت و سووربێت لەسەر کوشتنی یان بۆسەو کەمینی بۆ دانابێت ( نەخشە دارێژی کوشتنی بێت، ئەگەر کوژراو لە باوانی بکوژ بێت، ئەگەر کوشتنە بەهۆی ماددەی ژەهراوی بون بێت یان تەقەمەنی یان تەقینەوە بووبێت، ئەگەر کوشتنەکە لە بەرامبەر کرێ بوبێت یان ئەگەر تاوانبار رێگەی دڕندانەی لە ئەنجامدانی تاوانەکەدا بەکار هێنابێت، ئەگەر تاوانبار مەبەستی کوشتنی دووکەس یان زیاتری هەبووبێت و بەیەك کردەوە هەردووکیانی کوشتبێت، ئەگەر کوژراو فەرمانبەر بێت یان کەسی راسپێردراو بەخزمەتی گشتی لەکاتی بەجێگەیاندنی کاری فەرمانبەری یان بەهۆی کارەکەیەوە کوشتبێتی، ئەگەر کوشتنەکە بۆکارئاسانی بێت تاوانێك یان کەتنێك کەسزاکەی بەند کردن بێت و لەسالێك کەمتر نەبێت، یان تاوانەکە بۆ ئەوە بێت کە رابکات یان لە سزادان رزگاری ببێت.



## كاریكاتێر

باس لە هەندێك کەس دەکات کە هۆش و بیریان تەنیا لای سامان و پارەیە، تەنانەت ئەگەر درزێك لە سەریاندا هەبێت، تەنیا پارە و سامان لێی دێتە دەرەوە.

## میوزیک

**چۆن بڵێم ماڵئاوا**
**How Do I Say Goodbye**

یەکێکە لە تراکە تازەکانی گۆرانیبێژی ئوسترالی (دیان لیویسە)، کە لە ساڵی ١٩٨٧ لە سیدنی لەدایکبووە و لە ساڵی ٢٠١٦ دەستی بە کاری هونەری کردووە، ئەو تراکەی باس لە ماڵئاوایی نێوان دوو کەس دەکات کە لە دوا ساتدا چۆن ماڵئاوایی بکات، لە ئەلبوومی How Do I Say Goodbye بڵاوکراوەتەوە لە جۆری slow پووپ میوزیکە.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

لە ناختدا هێزێکی زۆرت هەیە و لە رووی پیشەییەوە چێژ لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانت دەبینیت، لە لایەنی سۆزدارییەوە کاتێکی رۆمانسی لەگەڵ هاوسۆزەکەت بەسەر دەبەیت، تەنیا ئامۆژگاری دەکرێت ئەم ماوەیە دوور بکەویتەوە لە گفتوگۆکردن لەسەر بابەتی ناپێویست.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

لە رووی پیشەییەوە بێ هیوا دەبیت، ئامۆژگاری دەکرێیت کۆنترۆڵی تورەییەکانت بکەیت، دەنا بەهۆیەوە کارێك دەکەیت کە پەشیمان ببیتەوە، کاتێك قسە لەگەڵ کەسانی چواردەورت دەکەیت، لەسەر بابەتێك مەدوێ کەپەیوەندی بە تۆوە نەبێت، چونکە تێڕوانینی چواردەورت بۆ تۆ دەگۆڕێت.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

ئەمرۆ مێشکت ئارامە، لە رووی پیشەییەوە پلان دادەنێیت بۆ کارکردن لەسەر پرۆژە گرنگەکان، باشترە تا هەنگاو دەنێیت پلانەکانت ئاشکرا نەکەیت، لە رووی سۆزدارییەوە ئەگەر هیچ کەسێك لە ژیانت نییە، چانسی زۆر هەیە بۆ ئەوەی خۆشەویستی ژیانت بدۆزیتەوە.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

زۆر دڵخۆش دەبیت و لە رووی پیشەییەوە خاوەنکارەکەت ستایشت دەکات، بۆ ئەو کارانەی ئەنجامت داوە، لە رووی سۆزدارییەوە دەچیتە قۆناغێکی نوێوە،پێویستە خۆتی بۆ ئامادە بکەیت و، پێویستە بە جدی بابەتەکان وەر بگریت.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

لە رووی پیشەییەوە رەنگە گۆڕانکاری لە کارەکەت، یان شوێنی کارەکەت ئەنجام بدەیت، لەگەڵ خێزانەکەت گەشتێك دەکەن، ئەمەش زیاتر پەیوەندییەکەتان بەهێزدەکات، لە کاتی خۆیدا بڕی پێویست ئاو بخۆرەوە، بۆئەوەی توشی گرفتی گورچیلە نەبیت.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

ئەمرۆ ئاماژەکان بۆ بورجەکەت زۆر ئەرێنی نین، رەنگە ببیت بە قوربانی ئەو بڕیارانەی بەپەلە داوتە، باشترە ئەم چەند رۆژە لە دەمەقاڵی دووربکەویتەوە، هەوڵ بدە بە شێوەیەکی هێمنانە بدوێیت، دەنا دواتر پەشیمان دەبیتەوە و، ئەوکات پەشیمانی سوودی نابێت.

# بۆ زانیاریت

## کوشتنی زانایانی یۆنانی



چەندین زانای ناوداری جیهان لەژێر دەستی داگیرکاراندا یان بە پیلان کوژراون، وەك پرۆتاگۆراس: کە یەکێکە لە بەناوبانگترین فەیلەسوفەکانی یۆنانی و سەرکردەی سۆفیستەکان، سزای لە سێدارەدانی بەسەردا سەپێندرا و کتێبەکانی سووتێندران، ئەمەش وای لێ کرد لە ئەسینای پایتەخت هەڵبێت بۆ ئەوەی سزای لەسێدارەدان بەسەریدا جێبەجێ نەکرێت، بەڵام لەکاتی هەڵاتندا خنکا.

سوکرات: بەناوبانگترینی فەیلەسووفەکانی یۆنانیان، سزای لە سێدارەدانی بەسەردا سەپێنراوە، هەروەها سزاکە جێبەجێ کراوە.

ئەرستۆ: کە یەکێك لە قەشەکانی ئەسین تۆمەتباری کرد بە بێباوەڕی، بۆیە پێش ئەوەی چارەنووسی سوکرات بگاتە دەستی، لێی هەڵات، پاشان ئەو وتە بەناوبانگەکەی گوت: «نامەوێت (ئەتینا )گەمژەییەکی دیکە لە دژی فەلسەفە ئەنجام بدات، وەك چۆن سوکراتی لە سێدارە دا.

ئەفلاتون: فەیلەسوف و خوێندکاری سوکرات، کە چارەنووسی ئەوە بوو لە بازاڕەکانی کۆیلەفرۆشیدا بفرۆشرێت.


فیساگۆرس: فەیلەسوف و بیرکار، کە خاوەنی تیۆرێکە بەناوی خۆیەوە، تیۆری فیساگۆرس، بەڵام کوژراوە و لە تەنیشت کێڵگەیەکی فاسۆلیا بە مردوویی دۆزراوەتەوە.

ئەرکیمیدس یان ئەرکیمیدس: بیرکار و فەلەکناس و فیزیازان بوو، لە ساڵی ٢١٢ پێش زایین ڕۆمەکان ئەو شارەیان داگیر کرد کە تێیدا دەژیا، دوای ئەوەی زانیبیان زانایە، کوشتیان.



## پەند و وتە

لویس کارڵ پاولینگ FRS کیمیاگەری ئەمریکی و ئەندازیاری کیمیا و نووسەر و چالاکی بواری ئاشتی، لە ساڵی ١٩٠١ لە شاری پۆرتلاند لە ویلایەتی ئۆریگۆن لە ئەمریکا لە دایکبووە و لە ساڵی ١٩٩٤ لە کالیفۆرنیا کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی نیگەرانی دەڵێت: «زۆربەی بێزاری و خەم لە ژیان و هەستەکانماندا، بریتییە لە نیگەرانییەك کە لە بنەڕەتدا نییە، بەڵام ئێمە لە خۆمانەوە گومان و نیگەرانی دروست دەکەین».



## یاری وێنە

لەم وێنەیەدا پیاوێك لەگەڵ سەگێك لە کەشێکی سەرما و بەفردا وێنەیان گیراوە، هەڵەیەك لە وێنەکەدا هەیە، هەوڵ بدە لە ماوەی یەك خولەکدا ئەو هەڵە گەورەیە لە وێنەکەدا بدۆزیتەوە.

## فیلم



### پەرستاری چالاك - The Good Nurse

فیلمێکی دراما و تاوانکارییە، باس لە پەرستارێك دەکات بە ناوی (ئێمی لاوگرین) کاتێك قوتابیەکی کۆلیژی پزیشکی بە ناوی چارلی کولین دەناسێت، کە تەنیا تەمەنی ١٦ ساڵە و دەستی لە چەندین تاواندا هەبووە، ئەو قوتابییە زۆربەی تاوانەکانی لە نەخۆشخانە و لەگەڵ نەخۆشەکاندا کردووە، تا ئەو کاتەی پەرستارەکە بەڵگە پەیدا دەکات و تاوانبارەکە بە دادگا دەدات، ماوەی فیلمەکە دوو کاتژمێر و یەك خولەکە، لە مانگی نۆی ئەمساڵ بەرهەم هاتووە و ئێستا لە سینەمانکدا نمایش دەکرێت، لە دەرهێنانی (تۆبیاس لیندهۆڵم) و ئەرکی بڵاوکردنەوەی لەلایەن نێت فلیکسەوە بوو، لە نواندنی (جێسیکا چەستەین، ئیدی ریدمایەن، نماندی ئسۆموگا، کیم دیکنیس، نواە ئیمریچ، دیڤن ماکدوێڵ )ە.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

وزەیەکی زۆرت هەیە و چالاکیت، دەتوانیت لە رووی پیشەییەوە بەکاری بهێنیت، یارمەتی کەسانی دیکە بدە و دووربکەوەرەوە لە خۆپەرستی، کەسانێك دەبینیت کە دڵخۆشت دەکەن و زیاتر هەست بە ئاسوودەیی دەکەیت لەگەڵیان، زیادەخۆری زیانی هەیە بۆ تەندروستیت.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

لە رووی پیشەییەوە بڕیارێکی سەخت دەدەیت، بە یارمەتیی خێزانەکەت بە زویی دەتوانیت خۆت لەسەر بابەتەکان یەکلایی بکەیتەوە، لە رووی سۆزدارییەوە کاتی ئەوەیە گۆڕانکاری ئەنجام بدەیت، وریای تەندروستی قورگ و چاو و گوێت بە و، خۆت فەرامۆش مەکە.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

لە رووی پیشەییەوە زۆر سەرقاڵ دەبیت، هەروەها پلانت هەیە ئەم پیشەیەی ئێستات بگۆڕیت، لە رووی سۆزدارییەوە دەکەویتە دۆخێکەوە کە بڕیاردان ئاسان نابێت بۆت، گرفتە تەندروستییەکانت سەرهەڵدەدەنەوە ئەگەر پارێزگاری لە خۆت نەکەیت.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١


هەموشتەکان لە ژێر کۆنترۆڵی خۆتدان، لە رووی پیشەییەوە پەیوەندیت لەگەڵ بەرپرسەکانت بەهێز دەبێت، هاوکات دوژمنەکانیشت چالاك دەبن، هەربۆیە ئاگاداری خۆت بە، ئامۆژگاری دەکرێیت کۆنترۆڵی جۆری خۆراکەکانت بکەیت، بۆئەوەی لە گرفتی گەدە دوور بکەویتەوە.


### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

ئەمڕۆ باشتر سەرنجت لەسەر ئەو ئەرکانەیە کە لەسەرتە ئەنجامی بدەیت، لە کاتی بڕیارە چارەنوسسازەکاندا باشترە پەلە نەکەیت و، کارێك نەکەیت بەدرێژایی ژیانت پەشیمان بیتەوە، بیرکردنەوە لە رابردووت کاریگەریی نەرێنیی لەسەر دەرونت هەیە.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

ئاسوودەیت و چێژ لە رۆژەکەت دەبینیت، کارکردن بە سەختی بەرەو سەرکەوتنت دەبات، باشترە ئەم ماوەیە زیاتر ژیرانە هەڵسوکەوت بکەیت، بەتایبەت لەگەڵ خۆشەویستەکەت، چونکە هەستیارە و پێویستی بەوەیە بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵ بکەیت.





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:


https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone

## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




# www.gulanmedia.com

Gulan Weekly November 14, 2022 Issue,No.1341


# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:
Dedicated Internet Services
VSAT
..........Copper Wired Networking
.............Wireless Networking
.............Fiber Optic Networking
VoIP Video Streamnig
VPNs
CCTV Cameras
Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:
گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی راستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626